حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان

بەشی کوردی

# بنەما هونەرییەکان لە ڕۆمانی (دەغدو)ی خەسرەوجافدا

نامەیەکە

**خالد عبدالکریم معروف محمد**

پێشکەشی کۆلێژی زمان، بەشی زمانی کوردی زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی. د. محمد امین محمد نوری امین

١٤٤٢ کۆچی | ٢٧٢٢ کوردی | ٢٠٢٢ زاینی

پشتگیری سەرپەرشتیار:

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو : پ. ی. د. محمد امین محمد نوری امین

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت : ٢٢/ ٩ / ٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو : پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردیِ

ڕێکەوت : ٢٩ / ٩ / ٢٠٢٢

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ...

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی ( بنەما هونەرییەکان لە ڕۆمانی دەغدوی خوسرەوجافدا)، لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (خالد عبدالکریم معروف) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە بواری بنەما هونەرییەکان لە ڕۆماندا پێبدرێت، لەم پێناوەدا واژۆمان کردووە.

واژۆ :

ناو : پ.ی.د ڕێبوار محمد اسماعیل

ئەندام :

ڕێکەوت : ٢٢ / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ :

ناو : پ. ی. د سەرکەوت عمر ابراهیم

ئەندام

ڕێکەوت : ٢٢/ ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ

ناو : پ. ی. د محمد امین محمد نوری ئەمین

ئەندام و سەربەرش

ڕێکەوت : ٢٢ / ١١ / ٢٠٢٢

واژۆ

ناو : پ. ی .د تاهیر محمد علی

سەرۆکی لیژنە:

ڕێکەوت: ٢٢ / ١١ / ٢٠٢٢

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان ژمارە (        ) لە ڕێکەوتی (    /    /٢٠٢٢) پەسەندکرا .

ناو : پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕێکەوتی : ١٢ / ١٢ / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە:**

- ڕۆحی پاکی دایک و باوکم.
- هاوسەرەکەم و منداڵە چاوگەشەکانم (مەم، مەستی، میلاد).
- براو خوشکەکانم.
- هەموو خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سوپاس و پێزانین بۆ :

- مامۆستای بەڕێز (پ .ی. د . محمد امین محمد نوری امین )، کە ئەرکی سەرپەرشتی نامەکەمی کرد و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتی دام.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی کۆلێژی زمان، کە سوود مەند بووم لێیان.
- مامۆستا (جمال لۆلۆ)، کە لەماوەی توێژینەوەکەمدا کتێبخانەکەی بەڕوومدا والآ کردو هاوکارێکی باشم بوو لە پەیدا کردنی سەرچاوەدا.
- (کرمانج زرار) ، کە ئەرکی ڕێکخستنی نامەکە و کاری کۆمپیوتەری لە ئەستۆگرت.
- کتێبخانەی (بنکەی ژین و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی، کتێبخانەی کۆلێژی زمان، بەشی نامەکان لە کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی، کە هەمیشە هاوکارم بوون لە پەیدا کردنی سەرچاوەدا.

# هێما کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ز | زایینی |
| گ | گۆڤار |
| ڕ | ڕۆژنامە |
| و | وەرگێڕان |
| ت | ترجمة |
| چ١ | چاپی یەکەم |
| چ٢ | چاپی دووەم |
| ب١ | بەرگی یەکەم |
| ب٢ | بەرگی دووەم |
| دەغدو: | ڕۆمانی دەغدو |

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | **١ -٣** |
| **بەشی یەکەم : ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لە نێوان چەمک و گەشەی مێژووییدا** | **٤- ٣٥** |
| پاری یەکەم : چەمک و پێناسەی ڕۆمان | **٥ – ٨** |
| پاری دووەم : ڕۆمان لە نێوان واقیع و پەرەسەندنی مێژووییدا | **٨ – ٢٦** |
| پاری سێیەم : ڕۆڵی ئیستاتیکا لە ڕەوتی گەشەسەندنی ڕۆماندا | **٢٦- ٣٠** |
| پاری چوارەم : سیما جیاکەرەوەکانی ڕۆمانی هونەری | **٣٠ – ٣٥** |
| بەشی دووەم : ڕەنگدانەوای ڕەگەزەکانی بونیادی هونەری لە ڕۆمانی دەغدودا | **٣٦-٦٥** |
| ١/٢ : ڕووداو | **٣٨ – ٤٢** |
| ٢/٢ : کات | **٤٢ – ٤٨** |
| ٣/٢ : شوێن | **٤٩ — ٥٥** |
| ٤/٢ : کاراکتەر | **٥٥ – ٦٠** |
| ٥/٢ : گێڕانەوە | **٦٠ – ٦٥** |
| بەشی سێیەم : ڕۆڵی بنەما تەکنیکییەکان لە ڕۆمانی دەغدودا | **٦٦- ٩٩** |
| پاری یەکەم : بنەما تەکنیکییەکانی ڕۆمان | **٦٧- ٩٧** |
| ١/٣ : زمان | **٦٧- ٧٠** |
| ٢/٣ : بابەت | **٧٠- ٧٤** |
| ٣/٣ : وەسف | **٧٤- ٨٠** |
| ٤/٣ : چنین | **٨٠- ٨٥** |
| ٥/٣ : گرێ | **٨٥- ٨٨** |
| ٦/٣ : فانتازیا | **٨٨- ٩٢** |
| ٧/٣ : خەیاڵ | **٩٢- ٩٤** |
| ٨/٣ : چێژ | **٩٤- ٩٥** |
| ٩/٣ :چارەسەر | **٩٥-٩٧** |
| پاری دووەم : ڕۆمانی دەغدو لە هاوکێشەی بونیادی هونەری ڕۆماندا | **٩٧- ٩٩** |
| **ئەنجامەکان :** | **١٠٠** |
| **سەرچاوەکان :** | **١٠١- ١٠٨** |

| | |
|---|---|
| پوختەی باس بە عەرەبی: | ١٠٩ |
| پوختەی باس بە ئینگلیزی: | ١١٠ |

# پێشەکی

یەکێک لە پایە گرنگەکانی بونیادی ڕۆمان لایەنی هونەرییە، کە بنەما و هێزی تەواوی هەر ڕۆمانێک لە خۆ دەگرێ و پێگەی بابەت و بیریشـــی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، کە خاڵی پەرەســـەندنی ڕۆمانە لە جیهانی ئەدەبیدا.

ئەم ڕاســـتییە بۆخۆی پرســـیاری گرنگ دەربارەی تەواوی پێکهاتەکانی ڕۆمان بە ڕوونی دەخاتە بەردەســـت، کە بیر و بابەت و لایەنی هونەری و تەواوی بنەماکانی تری ڕۆمان دەخاتە ژێر پرســـیار و لێکۆڵینەوە، دواجار دەمانخاتە سەرخاڵی هەرە گرنگ لە ڕۆماندا، کە ئەویش لایەنی هونەرییەتی، هەر بۆیە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان بەرەو وەڵامدانەوە و گەیشـتن بە جەوهەری لایەنی هونەری لە هەردوو ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوەیە، تابتوانین بەدروستی بگەینە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان.

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشتووە:

بەشـی یەکەم : بەشـێکی تیۆرییە بەناونیشـانی: ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لە نێوان چەمک و گەشـەی مێژووییدا، دابەشکراوە بەسەر چوار پاردا، پاری یەکەم : چەمک و پێناسەی ڕۆمان، پاری دووەم : ڕۆمان لە نێوان واقیع و پەرەسەندنی مێژووییدا، پاری سێیەم : ڕۆڵی ئیستاتیکا لە میانەی گەشەسەندنی ڕۆماندا، پاری چوارەم : سیما جیا کەرەوەکانی ڕۆمانی هونەری.

بەشی دووەم : بەشیکی پراکتیکییە، بە ناونیشانی: ڕەنگدانەوەی ڕەگەزەکانی بونیادی هونەری لە ڕۆمانی دەغدودا، کە ڕەگەزەکانی ( ڕووداو، کات، شوێن، کاراکتەر، گێڕانەوە) لە خۆ دەگرێت.

بەشـێی سـێیەم : بەشـێکی پراکتیکییە بە ناونیشـانی : ڕۆڵی بنەما تەکنیکییەکان لە ڕۆمانی دەغدودا، کە دابەشـکراوە بە سـەر دوو پاردا، پاری یەکەم : بنەما تەکنیکییەکان (زمان، بابەت، وەسـف، چنین، گرێ، بونیاد، فانتازیا، خەیاڵ، چێژ، چارەســـەر) لە خۆ گرتووە، پاری دووەم : ڕۆمانی دەغدو لە هاوکێشـــەی بوونیادی هونەری ڕۆماندا.

لە کۆتایی بەشـــەکاندا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان دەســـتنیشـــان کردووە، کە لەم توێژینەوەدا پێیان گەیشتووین، پاشان لیستی ئەو سەرچاوە زانستی و ئەدەبیانەی سودمان لێ بینیون بۆتوێژینەوەکەمان، بەشـــێوەی ڕیزبەندی خراوەتە ڕوو، لەکۆتایشـــدا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەب و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## ناونیشانی توێژینەوەکە:

بنەما هونەرییەکان لە ڕۆمانی دەغدوی خوسرەوجافدا

## ئامانجی توێژینەوەکە :

تێگەیشـــــتن لە ناوەڕۆکی ڕۆمانی دەغدو پەیوەندی بە ڕۆڵی بنەما هونەریەکانەوە هەیە لە پیکهاتەیدا، لە ئەدەبی کوردیشـدا شـایەنی گرنگی پێدان و توێژینەوەیە، لەبەر ئەوە بە مەبەسـتی خسـتنە ڕووی ڕۆڵ و پێگەی بنەما هونەرییەکان لە ڕۆماندا بەگشـــتی و ڕۆمانی(دەغدو) بەتایبەتی، هەوڵمانداوە لە ڕۆمانی دەغدودا پێگەی هەریەک لە بنەما هونەرییەکان بخەینە ڕوو، کە ڕۆماننووس بە شـــێوەیەکی هونەری لە چوارچێوەی مێژووییدا ئاخنیویەتیە نێو بابەتەکەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە :

لە نووســـینی توێژینەوەکەماندا پەیڕەوی ڕێبازی ( وەســـفی شـــیکاری مێژوویی)مان کردووە، بۆ ئەم مەبەســـتەش لایەنی تیۆری بابەتەکە خراوەتە ڕوو، پاشـــان لە ڕووی پراکتیکییەوە دەقەکانی ڕۆمانی دەغدومان شیکار کردووە.

## گرنگی توێژینەوەکە :

ڕۆمان یەکێکە لە ژانرە دڵخوازەکانی ســـەردەمی ئەمڕۆمان، بنەما هونەرییەکانیش هۆکارێکن بۆگەیاندنی ئەو بابەتانەی کە لە ڕۆماندا تاوتویدەکرێن، بۆیە ناسین و تێگەیشتن لەم بنەمایانە چێژی خوێندنەوە زیاتر دەکات، بەتایبەتیش ڕۆمانی دەغدو، کە بنەماکان چەتر ئاسا سێبەریان بەسەر کۆی دەقەکانی ڕۆمانەکەوە هەیە، بۆ ناسینەوەی سەردەمێکی گرنگ و مێژوویی نەتەوەکەمان لە باشوری کوردستاندا.

## هۆی هەڵبژاردنی ناونیشان:

ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبی گرنگە، پشــکی زۆری لێکۆڵینەوە زانســتی وئەکادیمیەکانی بەرکەوتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ڕۆمان لە نیشـــاندانی تەواوی لایەنەکانی ژیان، ڕۆمانی (دەغدو)ش تەواوی بونیادە هونەرییەکانی ڕۆمانی بەســـەردا جێبەجێ دەبێت، ئەمە وای لێکردین گرنگی بە بوونیادی هونەری ڕۆمان بەگشتی و بەتایبەتیش لە ڕۆمانی(دەغدو)دا بدەین، چونکە ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەیەکی ڕیاڵی سەردەمێکی مێژوویی ستەمکاری و مەزڵومییە.

## سنووری توێژینەوەکە:

ســـنووری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ژانری ڕۆمـانـدایە، کە زیـاتر بنەمـا هونەرییەکـان دەگرێتەوە، دیاریکردنی بنەما هونەرییەکانیشـــ بەتایبەت لە نێو گێرانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی دەغدودا، هەموو

بنەما هونەرییەکانی لە خۆگرتووە، بەشـــێوازێکی زانســـتی ســـنورێکی دیاریکراوی جوگرافی لە پانتایی مێژووی باشوری کوردستاندا، کەرەستەی پراکتیکیش ڕۆمانی دەغدوە،

## گرفتی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەک لە هەگبەیدا هەڵگری کۆمەڵێک گرفتە و ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا هەندێک گرفتی تەکنیکیمان هاتە پێش، کە خۆی لە جیاوازی دارشـــتنی تەکنیکی توێژینەوەکەدا دەبینیەوە، کە لە نێوان کۆلێژە ئەدەبیەکانی خوێندنی باڵادا هەیە، بەڵام گرفتەکان لێرەدا نەبوونەتە لەمپەر و کاریگەری لە ســـەر توێژینەوەکە بە جێ نەهێشتووە.

## بەشی یەکەم :

# ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لەنێوان چەمک و گەشەی مێژووییدا

پاری یەکەم : چەمک و پێناسەی ڕۆمان

پاری دووەم : ڕۆمان لە نێوان واقیع و پەرەسەندنی مێژووییدا

پاری سێیەم : ڕەوتی گەشەسەندنی ئیستاتیکی ڕۆمان

پاری چوارەم: سیما جیاکەرەوەکانی ڕۆمانی هونەری

## بەشی یەکەم : ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لەنێوان چەمک و گەشەی مێژوویدا .

### پاری یەکەم

### چەمک و پێناسەی ڕۆمان:

ڕۆمان زنجیرە ڕووداوێکە، بەگێڕانەوەیەکی پەخشـــانی درێژ دەخرێتە ڕوو، کە وەســـفی کەســـایەتییە خەیاڵییەکان یان ڕاســـتیەکان دەکات، تیایدا ڕووداوەکان بەشـــێوەی زنجیرە چیرۆکێک نیشـــان دەدرێت، وەگەورەترین ژانری ئەدەبییە لەڕووی قەبارە و کەسایەتی و هەمە چەشنەی ڕووداوەکانەوە، سەرەتاش لەسەدەی هەژدەیەمەوە وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی دەرکەوت.

ڕۆمان چیرۆکێکە پشت بەگێڕانەوە دەبەستێت لە چوارچێوەی وەسف و گفتوگۆ و کێشماکێشی نێوان کەسایەتی و ئاڵۆزی ڕووداو لەخۆگرتنی جۆرەها ڕووداو، کە بەگشتی بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتییە، کە بەدرێژایی سەدەها ساڵ و تا ئێستاش هەمان گرنگی هەیە، سەرەڕای گۆڕانکاری گەورە لەشێوازی پێکهاتە و خستنەڕوو، بەتێپەربوونی کاتەکان.

گرنگترین بابەتیش ئەوەیە ڕۆمان پەرتوکێکی نووسراوە، بەڵام ناکرێ هەموو نووسینێک یا پەرتوکێک بەڕۆمان دابنرێت.

ڕۆمان وەک ژانرێکی گرنگی ئەدەبیاتی جیهان، توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارەی هێناوەتە دواندن، بووەتە ســـومبولی ژانرەکان و پانتاییەکی فراونی لەواتای پەخشـــانی ئەدەبیدا داگیرکردووە، وەک تازە نەمامێک، هەمیشـــە لە دەرکردنی لق و پۆپی تازەدایە، بۆیە خەرمانێک لە پێناســـەی بەباڵادا بڕاوە و هەمیشـــەش لەپـــاڵ تێڕوانینی تردا واڵایە، بەواتـــایەکی تر بەهۆی فراونی بواری ئەم ژانرە لەکـــایە مرۆڤایەتییەکاندا، هەموو لێکدانەوەیەک لەچوارچێوەیدا جێی دەبێتەوە.

سەرەتا وشەی ڕۆمان لەڕووی پێکهاتەوە، ((وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت(novel) نۆڤڵ و لەفەرەنسـیدا (roman) یان(romance)ی پێدەگوترێت و لەزمانی عەربیشـدا(الرواية)، چیرۆکێکی درێژە و بە پەخشـان دەنووسـرێت، کۆمەڵیک ڕەگەزی سـەرەکی هەیە، کە ڕۆمانیان لەسـەر بنیات نراوە))(ئەسـوەد، ٢٠١١ : ٢٦٦)، لەسەدەی هەژدەیەم لە ئینگلتەرا سەری هەڵدا و شێوازێکی جیاواز بوو لە داستان.

((ئەمـــڕۆ لەزۆربەی زمـــانە ئەوروپـــیەکـــانـــدا زاراوەی(Roman) بەکـــاردێـــت، کە لە زاراوەی (ڕۆمانسیRomance) سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە داتاشـراوە، هەڵبەت لەزمانی ئینگلیزیدا لەجیاتی (ڕۆمان) وشـــەیەکی تر(Novel) بەکار دەبەن، کە لەزاراوەی (نۆڤێلا)وە(Novella) وەرگیراوە، بەواتـای شـــتی بچووک و نوێ دێت و بەچیرۆکی کورت و پەخشان ئامیز دەگوترێت))(ئیبرامز، ١٩٧٠ :٢).

لەڕووی چەمکیشــەوە ((زاراوەی ڕۆمان، لە بنەڕتدا مانایەکی گشــتی و مانایەکی تایبەتی هەیە، لە مانا گشتیەکەیدا بە هەر چیرۆکێکی پەخشانی، کە لە سەر بنەمای خەیاڵ و ئەفسانە بنیاد نرابێت دەگوترێت، لە واتا تایبەتیەکەشــیدا، بەو شــێوە چیرۆکڤانییە درێژە پەخشــانییە دەگوترێت، کە لەســەرەتاکانی ســەدەی هەژدەیەمـا لە ئەوروپـادا پەیـدا بوو و ســـەری هەڵـدا ، هەرچەنـدە کـاراکتەر و قـارەمـان و بویەر و ڕووداوەکانی زادەی خەیاڵن، بەڵام هێندە واقیعی دەنوێنن لە تۆ وایە لە ژیانی واقیعی ڕۆژانەدا ، ســـەر و کار و ئاشنایەتیت دەگەڵیاندا هەیە.))(عارف، ٢٠٢١ : ١٧).

بەم پێیە ڕۆمان لە ڕووی دابەشکاری ئەدەبییەوە، پەخشانیە و کەمترین بەرکەوتنی لەگەڵ شیعردا هەیە، لە مێژووی ئەدەبیاتیشــدا، (ڕۆمانە شــیعر) بەرچاودەکەوێت، کە لێکدانی دوو ژانرە بە پێی سـنوری جۆرە ئەدەبییەکان و ژانرێکی نوێ هاتۆتە بەرهەم، بەڵام کەمترین ڕۆمان بەم شـــێوازە نووســـراووە، ئەمەش پەیوەندی بە هۆکاری بێ گرێ و گۆڵی پەخشـــانەوە هەیە، کە زیاتر لە نەبوونی کێش و ســـەروادا خۆی دەبینێتەوە و لە شـــیعردا زیاتر هەســـتی پێدەکرێت؛ یان ((ڕۆمان بە بەرهەمێکی ئەدەبی دەگوترێ، کە بویەرەکـانی ڕابردووی ژیـانی مرۆڤـان یـان ئەو بویەرانەی، کە لە گێتی ڕووبـدەن وێنە دەگرێـت و بەرجەستەدەکات و هەندێ تایبەتمەندی وەکو درێژی و دیاریکردنی شوێن کاتی خۆی هەیە))(ئۆغلۆ، ٢٠٠٩ : ١٣).

دەکرێت هەندێک ڕووداوی بچووکی ژیان بەشیعر بگێڕدرێنەوە، بەڵام ڕووداوە پڕ مەوداکان بە پەخشان دەتوانرێت گفتوگۆیان لە بارەوە بکرێت، بە یارمەتی ئەو بنەمایانەی کە ڕۆمانیان لە ســـەر بنیاد نراووە، ((ڕۆمان دەقێکی فرە دەنگە، ئەو فرە دەنگیەش بەستراون بە یەکەوە و بە شێوەیەکی وردتریش بەستراون بە چینەکـانی کۆمەڵگـا و بە خەڵکەوە))(بـاختین، ١٩٨٢ : ١٤)، واتە ڕووداوەکـان دەنگدانەوەی کێبڕکێکـانی ڕۆژانەی خەڵکن و دەبنە مێژوویەک و ڕۆمان چنینەوەیان بۆ دەکات.

((پێناسەکردنی ڕۆمان لە پێناسەکردنی جۆرە ئەدەبیەکانی تری، وەک شیعر و شانۆ زۆر سەختترە، هەر لە بەر ئەوەشـــە کاتێک لە ڕەخنەی ئەدەبیدا توێژینەوە لە بارەی ڕۆمانەوە دەکرێت ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبینەوە))(برادەربری، ٢٠٠٨ : ٨٩)، ئەمە دەمانگەیەنێتە ڕاســـتیەیەک، کە ڕۆمان ئەو ســـنوور بەندییەی شکاندووە، کە لە چوارچێوەیەکی تەسکی واتاییدا ئاماژەی پێ بکرێت، بووەتە کۆکەرەوەی سەرجەم ژانرە ئەدەبییەکان، (ویلز) ناوی ناوە (تورەکە) و دەڵێت:((ئەتوانی هەموو ئەو شـــتانەی تێ بئاخنیت، کەلات پەسەندە))(گۆران، ١٩٨٢ : ٩).

ڕۆمان لە ڕووی چوارچێوەی یاسـای ئەدەبییەوە، ناتوانرێت یاسـایەکی بە سـەردا بچەسـپێنین، لە بەر ئەوەی بۆتە فۆڕمێک و هەموو بابەتێکی ئەدەبی لە خۆدەگرێت، واتە ((ڕۆمان لە پێناســە گشــتگیریەکەیدا

بریتییە: لە چیرۆکی خەیاڵی پەخشـــان ئامێزی درێژ، بەناوبانگترین ڕەگەزی ئەدەبی پەخشـــانیشـــە، گێرانەوەی چیرۆک، یان چەند چیرۆکێکە، کە چێژ بەخوێنەر ببەخشێت))(زراری ٢٠١٨ : ١٥).

ئەمە ئەو ڕاستییە نیشان دەدات، ئەگەر ڕۆمان لەشێوەی ژانری شیعردا دابڕێژرایە، نەدەتوانرا بەرهەمی تری ئەدەب لە خۆبگرێت، واتە ئەوەی ڕۆمانی گەیاندۆتە لوتکە، شیوازە پەخشانییەکەیەتی، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەگەزی خەیاڵ لایەنێکی کاریگەری ئەم ژانرەیە، چونکە((مەزنترین موڵکی مرۆڤ خەیاڵیەتی، خەیاڵیش لە یەکێک لە لوتکەکانیدا ڕۆمانمان پێشکەش دەکات))(سعدولا، ٢٠٠٩ : ٨).

لەبەر ئەمە ((ڕۆمان چیرۆکیکی پەخشـــان ئامیزە، کە چارەســـەری ڕووداوێکی خەیاڵی دەکات و وێنەی ڕەوشـــی کۆمەڵگا و داب و نەریتەکانی دەگرێت و چارەســـەری هەســـتە ئینســـانییەکان و خەیاڵەکانی دەکات))(ئەنتۆنیۆس، ٢٠٠٥ : ٦٠)، دەتوانین لە دیدیی هەر ڕۆماننووس و ڕەخنەگر و توێژەرێکەوە، پێناسەیەک بۆ ڕۆمان دەســـت بخەین، لەبەر ئەوەی ڕۆمان چوارچێوەیەکی بازنەیی هەیە و لەهەموو لایەکەوە، ژیانی تێدا دەبینرێت، ((ڕەنگە نهێنی تایبەتمەندێتییەکەی ڕۆمان لە وەدابێ، کە لە ســـەرێکەوە خۆشـــبەختانە هیچ پێناســـەیەکی دیاریکراوی نییە و لە ســـەرێکی تریشـــەوە پانتاییەکی هێندە فراوانە، بە ئاســـانی بیرۆکە و تەکنیکی تازە لە خۆ دەگرێت))(ســدیق، ٢٠٢٠ : ١٢)، شـێکردنەوەی ڕۆمانیش لە ڕووی واتاییەوە پشــت بەو تەکنیکانە دەبەستێت، کە ڕۆڵ لە بەرهەمهێنانیدا دەبینێت.

ئەمانە دیدگا و بینین ســـەبارەت بە ڕۆمان، چونکە دەکرێت بڵێین: ڕۆمان لە جیهانی ئەمڕۆماندا بیرکردنەوە و تێفکرینە بۆ تێگەیشـــتن لە ڕاســـتیەکانی ژیان، لە بەرئەوەی ڕۆمان ســـەربردەی ژیانی مرۆڤایەتییە لە ڕابردوودا، لە ڕیگەی گێرانەوەوە، لەگەڵ ســـەرجەم ئەو بنەمایانەی، کە بۆئیســـتاتیکای تێگەشـــتن بەرهەم هێنراون، دەکرێنە دروشـــمێک بۆئاگابوون لەو هەڵدێرانەی، کە لە ڕابردوودا تووشـــی ژیانی کۆمەڵگاکان بوو بوون، لەگەڵ ئەمەشدا پەرە پێدانە بە خەیاڵی لە بن نەهاتووی مرۆڤ.

((لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا ڕۆمان بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها پانتاییەکی فراوانی هەیە بۆ گوتن، بۆیە ڕۆماننووس دەتوانێت گرنگترین ساتەکانی ژیانی گەلان تۆماربکات و ئەو ڕووداوانەی لە گەڵیدا ژیاوە دۆکیۆمێنت بکات))(سدیق، ٢٠٢٠ : ١٠١).

لەتوێژینەوەکاندا سەرهەڵدانی ڕۆمان پەیوەستکراوە بە توانای تاک و ئاستی بیرکردنەوەی بەرامبەر بەژیان، ئەمەش ڕاستییە، چونکە داهێنان و گۆڕانکارییەکان ئەو تێڕوانینانەن، کە تاکەکان ڕۆڵیان تێدا بینیووە، بەرهەمی بیرکردنەوەکانی ئەوانە، نەوەک تێڕوانینی گشتی کۆمەڵگا.

((ڕۆمان ســـەرهەڵدان و گەشـــەی تاکە لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەواتایەکی تر هێنانە ناوەوەی تواناکانی تاکە، لە ڕۆڵبینین لە کایەکانی ژیاندا و بیرکردنەوەی تاکە لە هەموو ئەو ڕووداوانەی، کە لە ژیاندا ڕوودەدەن))( ئۆغلۆ، ٢٠١٣ : ٢١)، چونکە ڕۆمان هاوتەریبە بە تاکگەرایی و تێڕوانینەکانی تاک ڕۆمانی

بەرهەم هێناوە، دەشـــێت ئەو تێڕوانینەش بەهەند وەربگیرێت، کە ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵگادا مێژوویەکی هێندە دێرینی نییە و بۆ چەند ســـەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەرامبەر بەو کاتەی زۆرەی ژیان و شـارسـتانیەتی مرۆڤایەتی، چونکە بریاردەر لەکۆمەڵگادا گەڕانەوە بووە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و تاک توانای بڕیاردانی نەبووە، ((داهێنەرانی ڕۆمان و ئەو میللەتانەی، کە ڕۆمان تیایدا باڵادەســـتە زیاتر ئەو گەلانەن، کە زۆرترین بـایەخ بەتـاک دەدەن، لە بەر ئەمەیە، ڕۆمـان لە بەریتـانیـادا لە دایـک بوو، هەر لەوێش گەشەکردنێکی زۆری بە خۆوە بینی))(ئۆغلۆ، ٢٠١٣ : ٢).

هۆشـــیار بوونەوەی کۆمەڵگاکان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ژیارییەوە، بە تایبەت گۆمەڵگای ئەورووپی، ژیانی بە دیویێکی تردا گۆڕی، سەرئەنجام لە ڕووی ئەدەبییەوە ڕۆمانی هێنایە مەیدان و کردیە ئاوێنەیەکی تری ڕووداوەکانی، ((ڕۆمان لە سـەرەتای بە دیار کەوتنییەوە و تا ئێسـتا شـێوەیەکی جێگیری نەبووە، بەڵکو لە ڕووی بـابەتەوە بەردەوام لە گۆڕانـدایە))(زراری، ٢٠١٧ : ٨)، واتە ژانرێکی گۆڕاوە، چ لە شێواز و تەکنیکی نووسینەوە بێت، چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی بابەتەوە، بۆیەش لەوانەیە جۆرێک یان چەند جۆر و شـێوازێکی ڕۆمان بمرێ و لەناو بچێ، ئەوەی ئێســتا لە ڕۆماندا دەیبینین ســەلمێنەری ئەو بۆچوونانەیە، کە توێژەران و ڕۆماننووسان دەربارەی ڕۆمان دەیخەنە ڕوو.

## پاری دووەم :

## ڕۆمان لە نێوان واقیع و پەرەسەندنی مێژووییدا :

ژانری ڕۆمان یەکێکە لە دیارترین ژانرە ئەدەبیەکانی سەردەم، فراوانی چەمک و ناوەڕۆکی لە ئێستادا، پەیوەندی بەو گۆڕانکارییانەوەیە، کە بەسەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتوون، چونکە ڕۆمان ئاوێتەی بەها مرۆڤایەتیەکانە و بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو گۆڕانکاری زۆر، لە ڕووی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و هونەری...هتد، بە سەر ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووە، گۆڕانکارییەکانیش مرۆڤی شۆڕشگێر و تینووی ئازادی، لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان هێناویانەتە بوون، گۆڕانکاریەکانیش ڕیشەیی و سەرجەم لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە؛ ئەدەبیش وەک لایەنێکی زیندو و پەیوەست بە هەموو بوارەکانەوە، هەمیشە گۆڕانکارییەکان نوێبوونەوەیان پێ بەخشیووە، ڕۆمانیش بەشێکی زیندوی ئەو ئەدەبیاتەیە، بۆیە ئەوەی ئێستا بە چەمک و ناوەڕۆکی ڕۆمانەوە دەیبینین دەرئەنجامە گرنگەکانی گۆڕانکارین.

ڕۆمان لە سەرەتای بەدیار کەوتنیەوە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ، لەگەڵ هەرگۆڕانکارییەکی قۆناغەکانی ژیاندا گۆڕاوە و خۆی لەگەڵ هەر بار و دۆخێکدا گونجاندووە، ئەم ژانرە ئەدەبییە قۆناغی گەشەسەندن و وهۆکاری سەرهەڵدانی هەیە، کە لەدووتوێی توێژینەوەکەماندا دەیانخەینە ڕوو.

ڕۆمان سەربەجیهانی ژانرە ئەدەبیەکانە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەلانەی گرنگیان بەژانرە ئەدەبیەکان داوە و هەمیشە بە دوای نوێگەرییەوە بوون بۆ ژیان، ((سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەمک و

تیۆری ژانرە ئەدەبیەکان دەگەڕێتەوە بۆلای یۆنانییە کۆنەکان، هەر لە کۆنەوە شارەزا و ڕەخنەگران هەوڵیان داوە لە سەر بنەمای بیروڕاکانی خۆیان ژانرە ئەدەبییەکان دابەش بکەن، ئەم بیرو بۆچوونانەش بە پێی قۆناغ و سەردەمە جیاجیاکان گۆڕانیان بە سەرداهاتووە، بۆیە لە ڕووی تیۆرییەوە کێشەیەکی ئاڵۆزی بەخۆوە هەڵگرتووە.))(زادە، ٢٠٢١ : internet).

ژانری ئەدەبیش پەیوەستە بەگەشەی بیری مرۆڤەکانەوە، هۆش و بیر هەرکاتێ لە پەرەسەندن و پێشکەوتندابن، ئەوا ژانری ئەدەبیش شانبەشانی پەرە دەستێنێ، بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێ بیر و هۆش پاشەکشەبکات، ئەوا ژانری ئەدەبیش پاشەکشە دەکات، لێرەوە زۆر جار ژانرێک دەبێتە بیرو باوەڕێک و پەیرەوکەرانی خۆی دەبێ، وەک لەداداییەکاندا دەیبینین.

ژانرە ئەدەبییەکان سەرچاوەیەکیان هەبووە بۆسەرهەڵدان و بەپێی مێژوو گەشەیان کردووە، لق و پۆپیان لێبووەتەوە، لە نەبوونەوە نەهاتوونەتە بوون، بەڵکو سەرچاوەکەی بەرهەمێکی ئەدەبی تر بووە، کە تۆوی لەدایک بوونی ژانرێکی ئەدەبی تری تیادا هەڵگیراوە، بەم پێیە ژانری ڕۆمان دەرئەنجامی کەموکورتی ژانرەکانی پێش خۆیەتی، هەر لە ناوڕۆک و واتای گشتیدا.

ئەستەمە بتوانرێ بەوردی و دروستی سەرەتا و سەرهەڵدانی ئەم ژانرە ئەدەبیە بالآیە دەستنیشان بکەین، چونکە((ڕەگ وریشەی ڕۆمان دەچێتەوە سەر زۆر ژانری دیکەی وەک داستان و ئەفسانە و حیکایەت و نەقڵ و نەزیلە))(عارف، ٢٠٢١: ٩٣)، واتە بەپێی تێڕوانین و بۆچوونی مرۆڤ بەرامبەر بە ژیان، گۆڕانکاری لە ژانر و لقە ئەدەبیەکانیشدا هاتۆتە کایەوە، ((سەرەتا ڕۆمان لە چەمکەکانی تری ئەدەبەوە سەرچاوەی گرتووە، هەموو شیان لە ئەدەبیاتی داستانە کۆنەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە))(غەمگین، ٢٠١٧ :internet)، داستانەکانیش سەرەتای ئەدەبیاتن، هەم وەکوداستانە تۆمارکراوەکان و هەمیش وەک داستانە بڵاو کراوەکانی وەک; کۆمیدیای خودایی و ئەلیادە و فەتحی قودس و ئەلسەید.

لەگەڵ بوونی سەرچاوەیەک بۆ ژانرە ئەدەبییەکان، پاشان پەرەیان سەندووە و بوونەتە ژانرێکی سەربەخۆ و خاوەن تایبەتمەندی خۆیان، ((ڕۆمان وەکوژانرێکی ئەدەبی لەنەبوونەوە نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو تاڕادەیەک سودی لە زمانی شیعری پاراو و شێوەی گێڕانەوەی نێو حیکایەت و جۆری گفتوگۆی شانۆیی و سێ بنەما سەرەکیەکانی ئەدەبی ئەغریقی، یەکەی( کات، شوێن، ڕووداو) وەرگرتووە))(لۆکاش، ١٩٨٦ : ٢٢)، هەندێک لەم پێکهاتانەش، ڕەگەزی سەرەکین لەبونیادی شیعردا، ((بۆیە دەکرێت شیعر وەک هۆکارێکی کرنگی سەرهەڵدانی ڕۆمان ئەژمار بکرێت.))(ئۆغلۆ، ٢٠١٣ : ١٣٩).

بە دیوێکی تردا ئارەزوی لێکدانەوەی ڕووداوەکان و ناساندنی بەجیهانی بوون، ڕۆمانی هێنایە کایەوە ((ڕۆمان لەو ساتەوە مرۆڤ هەستی بە زەروورەتی درک کردنی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی ڕووداوەکان

بۆ کەسان دی کردووە و پەیدابووە، واتە ژیان و ڕووداو و بویەرە سەرەکییەکانی ژیان، بابەتی سەرەکی و بنەرەتی ڕۆمان پێک دەهێنن.))(ئۆغلۆ، ٢٠١٣ : ٢٢).

بەشە سەرەکیەکانی ئەدەب (شیعرو پەخشان)، هەمیشە بوونەتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی ژانرەکانی ئەدەب، واتە ژانرە ئەدەبییەکان، تەنها بریتی نەبوون لە ڕووخسار، بەڵکو لە ڕووی واتاشەوە گرنگیان پێدراوە و مەبەستێکیان لێکداوەتەوە، بوونەتە چەمکێک پڕ بە قاڵبی دیاردە و ڕووداوەکان.

گۆڕانکارییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بە تایبەت ئارەزووی مرۆڤ بۆ دەرخستنی وردەکارییەکانی ژیانی، لە توانای ژانری شیعر و داستاندا نەبووە، بۆ هەڵمژینی ئەو ژمارە زۆرەری ڕووداو، کە لە جیهانی گەشەکردوودا ڕوویان داوە، ((دەشێت کاتێک مرۆڤ هەستیکردبێ، کە شیعر وەک پێویست ناتوانێ ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت بەهۆیەوە دەری ببڕێ، پەنای بۆ ڕۆمان بردبێت))(میراودەلی، ٢٠٢١ : ٩٧)، چونکە لەم بارەدا ڕۆمان لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی ڕووداو و کاراکتەرەوە پێش شیعر کەوتۆتەوە، بەڵام شیعریش شوێنگەی خۆی هەر پاراستوە و ڕۆمان نەبۆتە جێگرەوەی، ئەمە پێکهاتەی ژانرە بەگشتی، ئاڵۆز و بەردەوام سنووری یەک دەبڕن، هەندێکیان لە ناودەچن و هەندێکی تریشیان بوونی خۆیان دەپارێزن، هەرچەندە لاوازیش بێت، ئەمە یاسای دژەکانە، هەمیشە کۆن و نوێ لە بەرەنگاریدان و دەرئەنجام ژانرێکی نوێ لە دایک دەبێت؛ لەم بارەیەوە(کرۆشەنەر) هێرشی توند دەکاتە سەر ژانرەکان، بەوەی بوونێکی لەرزۆکن سنووری یەکدەبڕن و بەردەوام لەگۆڕاندان، بۆیە شایەنی گرنگی پێدان نییە.

هەندێک ڕەخنەگر و ڕۆماننووسیش سەرهەڵدانی ڕۆمان دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێک، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە، ((هیگڵ هۆکاری سەرهەڵدانی ڕۆمان دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشکەوتنی هۆشیاری مرۆڤ بەرامبەر بەگەردوون و سرووشت))(یاقوب، ٢٠١٩ : ٤٤ )، بەشێوەیەک هۆشیاری لە مرۆڤدا گەشەی کردووە و بۆچوونەکانی بە شێوەی پەخشان دەربڕیووە، واتە لیکدانەوە و شرۆڤەکاری مرۆڤ بەرامبەر بە ژیان، ئەو پێشکەوتنانەی ئێستای خوڵقاندووە؛ (جۆرج لۆکاش)یش پێی وایە دەرکەوتنی ڕۆمان بەند بووە بە دەرکەوتنی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگاوە لە سەدەی دوانزە و سیانزەدا، واتە گۆرانکاری لە بونیادیی هۆشیاری مرۆڤدا.

(لۆکاش) لە تێڕوانینی (هیگڵ)ەوە ڕۆمان دەبینێت، بەڵام(( پشت بە(مارکس) دەبەستێت لە وەی چۆن ڕەخنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگرێت))(سدیق، ٢٠٢١ : ٣١)، هەرلەم بارەیەوە (حسێن عارف)ی ڕۆمانووسی کورد، هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکەی (لۆکاش) و دەڵێت: ((سەرهەڵدانە جیهانییەکەی ڕۆمان دەبەستریتەوە بە چینی ناوەڕاست و خاوەن هۆیەکانی بەرهەم هێنانەوە، بۆیە ڕۆمان و خوێندەواری ورۆشنبیری بەستراون بەیەکەوە))( عارف، ١٩٩٧، ١٠).

هەندێکی تریش پێیان وایە، ((ڕۆمان داستانێکی بۆرجوازییە و هاوکات لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و باڵا دەستی ئەو چینە لەسەدەی حەڤدەهەمدا دەرکەوت))(یاقووب، ٢٠١٩ : ٤٤)، بەڵگەشی بۆئەم بۆچوونەی پێی وایە، هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی داستانی تایبەت بە خۆی هەیە، بەو واتایەی ((چینی بۆرژوازی لە ڕێگەی ڕۆمانەوە دژایەتییەکانی بۆ ناوەوەی کۆمەڵگەی خۆی دەردەبڕێت)) (سدیق، ٢٠٢١ : ٣١)، سەرهەڵدانی ڕۆمانیش گشت بۆچوونەکان هەڵدەگرێت، چونکە لە قۆناغانەی دەرکەوتنی ڕۆمان، گۆڕانکارییەکان لەخزمەت چینی بۆرجوازی ئەوروپیدا بوون، هەر لە بزوتنەوەی ڕێنسانس تا شۆڕشی پیشەسازی، ...هتد، چەمکی ڕۆمانیش پەیوەستە بە ڕۆڵی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەک، چونکە ڕۆمان فۆڕمێکە لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەگۆڕێت.

هەندێک نووسەری تریش پێیان وابووە، کە ((پەیدا بوون و هاتنە کایەی ژانرێکی ئەدەبی وەک ڕۆمان، لە بنچینەدا بۆئەوە بووە، کە جێگا بە ژانرەکانی تری ئەدەبی لێژبکات و جێگایان بگرێتەوە، ئەمەش بۆئەو توانا زۆرە فراوانەی ڕۆمان دەگەڕێتەوە، کە لە بەردەستییەتی و لە توانایدا هەیە کۆنترۆڵی هەمووبوارەکانی هزری مرۆڤ بکات))(البیرس، ١٩٦٧ : ١٨٧)، داستان و ڕۆمانس بنەمای پاراستنی مافی خوداوەندەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشین بون، ژانری شیعریش هەگبەیەکی فراون نەبووە لە لەخۆگرتنی چەندێتی ڕووداو، بۆیە بۆچوونەکە هەڵدەگرێت ئەم دیدگایەشی لە خۆگرتبێت.

جێگای ئاماژە پێکردنە، کە ڕەنگدانەوەی باکگراوندە کلاسیزمییەکان و کلاسیکییەکان ئەدەبیاتی داستانی لێ کەوتبێتەوە، چونکە هەمیشە ڕۆمان، لەڕووی وێناکردنی ڕووداو گەلەکاندا جیاوازی هەیە، لەبەرئەوەی ڕۆمان ڕووبەڕوی وێنە گەلی نوێمان دەکاتەوە؛ کەواتە کۆن و نوێ لە هەناوی یەکتردا خوڵقاندنی تازە بەرهەم دەهێنن، ڕووداوە پێشینەکان لە بیرناکەن، بەدڵنیاییەوە چەندە کاری ئەدەبی ڕوون و ئامانجدار بێت ئەوا شێوازی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت، کە تیایدا فۆرم و ناوەرۆک هاوتای هێڵی گشتی هەرکارێکی ئەدەبی دەبن، چونکە ((چەشەی گشتی کاری ئەدەبی نوێ لە ڕووی مێژووییەوە لە لایەک و شێوازی تایبەتی بەشێوەیەکی تر، دەبنە ڕووی ڕاستەقینەی ژانری نوێ، ئەمەش دەبێتە ڕووی زیندوی پراکتیکی یا کردەیی هەرژانرێک لە هەلومەرجی زەمەنی نوێدا، ئەمەش یاسای پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەدەبییە. لێرەوە پەرەسەندنی هەرچەشنێ لە چەشنە ئەدەبییەکان دەبێتە چوارچێوە و بەردەوامی و کاریگەری دیاریدەکات، دەلوێت ئەم گریمانە بۆ بوونی جیاوازی ڕۆمان لە داستاندا ، یاخود داستان لە ڕۆماندا وەربگرین)) (غەمگین، internet: ٢٠١٧)

لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەوە داوە، کە ڕۆمان بێ بناغە نەبووە، بەڵام ئەمەش ناگاتە وێک چوون لە ڕووی ناوەرۆکەوە لەگەڵ داستان و ڕۆمانسدا، هەر سێکیان شێوازێکی پەخشانیان هەیە، بەڵام ناوەڕۆک و مەبەستی سەرەکیان جیاوازە، جیاوازی ڕۆمان لە داستان بەپێی بۆچوونی (لۆکاش): ((داستان بە کاری

پێکەوەنانی شـێوەیەکی گشـتی تەواوی ژیان هەڵدەسـتێت، بەڵام ڕۆمان هەوڵی دۆزینەوەی لایەنە گشـتییە شـاراوەکەی ژیان دەدات، هەروەها پاڵەوانی داسـتان هیچ کات وەکو نموونەی تاکە کەسـی خۆی نیشـان نادات، چونکە چارەنووســـی پاڵەوانەکەی چارەنووســـی کۆمەڵی خەڵکە، کەچی لە نێو ڕۆماندا ئەم لایەنە مەرج نییە، هەروەها ڕۆمان داســـتانی جیهانی بی خوداوەندە، کەچی لە نێو داســـتاندا ململانێ لەگەڵ خوداوەندا بەدیدەکرێت))(لۆکاش، ١٩٨٦ : ٢٢)، ئەم بۆچوونانە دەمانگەیەنێتە بنبەســـتێک، کە شـــێوازە پەخشـــانییەکە، زیاتر دەبێتە یەکانگیری نێوان داســـتان و ڕۆمان، ناوەڕکیشـــیان لە ڕووی ســـەردەمەوە گۆڕانکاری بنچینەیی بە خۆوە دیوە.

ئەم جۆرە جیاوازیانەش لەگەڵ ژانری (ڕۆمانس)دا بەدیدەکرێ، بە بۆچوونی (مورس شـرووودەر) ئەوی ڕۆمان لە ڕۆمانس جیادەکاتەوە، ئەوەیە ڕۆمان هەوڵی خۆ نزیکخســـتنەوە لە بارودۆخی ژیانی ئادەمیزاد لە ناو کۆمەڵ دەدات، بە پێچەوانەوە ئامانجی ڕۆمانس لە خوڵقاندنی جیهانی میسـالی دوور لە کێشـەکانی کۆمەڵ دەدات، بۆیە ڕۆمانس بە ئەدەبی هەڵاتن لە واقیع ناسراوە، خوێنەریش بەرە و خەیاڵ و سۆزەکانی ئاراستەدەکات))(شروودەر، ١٩٨٦ : ٢٢)

بەم پێیە ڕۆمان ئەو ژانرەیە شان بەشانی گۆرانکاریەکانی ژیان مرۆڤایەتی لە گۆڕاندابووە هەمیشە فۆرمێک بووە بۆدەرخستنی ئەو واقیعەی، کە ڕۆژگار بەخۆیەوە دیوویەتی.

تۆوی ڕۆمان لە ناوەڕۆکی  ژانرەکانی ترەوە چەکەرەی کردووە، بە تایبەت داســـتان و ڕۆمانس، کە لە سەدەکانی  پێش زایین و دوای زاینیشدا باو بوون، ((ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمیرۆسی یۆنانی و (ئەنیادە)ی شـاعیری یۆنانی ڤێرجیل، کە لە ســەدەی  یەکەمی پێش زایین نووســراوە، پاشــان داسـتانی (کۆمیدیای خوداوەند )ی ئەلیگێری دانتی (١٢٦٥ز_١٣٢١ز)، ئەمانە شـــێوازی ئەدەبین و چیرۆک و بەســـەرهاتن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕوویان داوە و بەشـــێوەی شـــیعر نووســـراون))(زراری، ٢٠١٧ : ٢٣)، ئەمانەش سەرچاوەیەکی گرنگی ئەدەبیاتن، لەبەرئەوەی ((کاتێک باسی قارەمانێتی و پیاهەڵدانی خوداوەندەکانی ئەو ســـەردەمە دەکەن، گەر لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەمڕۆی ڕۆماندا بەراورد بکرێن، گۆڕانکاری لە چەمک و شـــێواز و ڕەگەزەکـانیـدا بە ئەنـدازەی دووری نێوان ســـەردەمەکـانیەتی))(زراری، ٢٠١٧ : ٢٣) لێرەدا ئەوجیاوازییە لە ڕووی چەمکەوە تەواو هەســـت پێدەکەین، کە ((ڕۆمان لە کۆتا شـــێوازیدا دەوڵەمەنترین نـاوەرۆک لە  خۆدەگرێـت، لە هەمـان کـاتـدا لە هەنـاویـدا واتـایەکی هونەری فرەلایەن و دەوڵەمەنـد گەشەدەکات))(التکریتی، ١٩٨٠ : ٢٤٦).

ناوەڕۆک لە ســەردەمی داســتانەکاندا لە ناوبازنەی پیاهەڵدانی خوداوەندەکان دەخولایەوە، بەڵام کاتێک ڕۆمان وەک ژانرکی ســـەربەخۆ دەرکەوت، ســـنوورەکەی ترازاند یان تەواو پێچەوانەی کردەوە  بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگا، کە مەبەست بیت بخرێتە ڕوو.

((دیارە ڕۆمان وەکو شێوەیەکی چیرۆکڤانی لە بۆشاییەوە پەیدا نەبووە، زادەی ڕێکەوتی ڕووت نییە و کوت و پڕ لەدایک نەبووە، بەڵکو ڕەگی دەچێتەوە سەر هەندێک ژانری ئەدەبی چیرۆکڤانی دیکە، کە (ڕۆمانس) یەکێکە لەو ژانرە چیرۆکڤانیانە))(عارف،،٢٠٢١ : ٢٤)، ژانری (داستان و ڕۆمانس) لە گۆڕانە مێژووییەکەیاندا، چیرۆک و ڕۆمان جێگرەوەیان بووە، هەموو هونەرێکیش لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگاری خۆیدا خۆی دەگونجێنێت، شێوە و ناوەرۆکی ئەو سەردەمە وەردەگرێت و هەموویان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان، هۆکاری ئەم جێگرتنەوەیەی ڕۆمان بەرامبەر بە داستان و چیرۆکە ئەفسانەییەکان ((،دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و تێروانینی تاک بەرامبەر بە ژیان، چونکە ڕۆمان دەروازەیەکی فراوانە بۆخستنەڕووی کۆمەڵ و وێنەگرتنی بارودۆخی ژیان بەشێوەیەکی گشتی))(ئیبراهیم، ٢٠١٣ : ٣).

ڕۆمان خۆی بابەتێکی تایبەت و فرە ڕەهەندە، ڕاستییەکی هونەری دیاریکراومان پێدەناسێنێت، کاریگەرییەکانی، ئاڵ و گۆڕەکانی، کەسایەتییەکانی بارودۆخ و تەنانەت شێوازی گێڕانەوەشی، پێشکەشکردنی بەهایەکی بابەتی و دیاردەیەکی دیاریکراومان لە شارستانیەت بۆ دەخاتە ڕوو لە بونیادی مرۆڤایەتیدا، کەسەرچاوەی ڕووداوەکانە.

لە قۆناغی دوای (داستان ورۆمانس) چەند ڕۆمانێک هەن، کە سەرەتایەکی مێژوویی گەشەسەندنی ڕۆمانمان بۆ دەردەخەن، لە فۆرم و قاڵبی جیاوازدا هاتنە مەیدان و جیاواز لەقۆناغەکانی پێش خۆیان، ڕۆمانی (کەری زێڕین) ((کۆنترین ڕۆمانێکە، کە بەشێوەی پەخشان نووسرابێتەوە و لەقاڵبە شیعرییەکەی دەرچووە، لە لایەن نووسەر و فەیلەسوفی ئەمازیغی(لۆکیۆس ئەپۆلیۆس) ساڵی (١٢٥-١٨٠)ی زایینی نووسراوە))(ابولیوس، ٢٠٠٤ : ٢٤ )، لیرەدا ئەوەی مەبەستمانە، جیاوازی چەمکی ڕۆمانە، کە لەگەڵ سەردەمە مێژوییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، دەبێتە ناوەرۆکی ئەو فۆرمەی، کە ڕووداوەکانی ڕۆژگاری تێدا ڕوودەدات، ڕۆمانی(کەری زێڕین) ((بە شێوازێکی نوێی ئەدەبی و بە شێوازی پێکهاتەگەرایی نووسراوە، کە کۆمەڵێک چیرۆک لە خۆدەگرێت، کەسی یەکەمی تاک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەو شێوازەی لەم ڕۆمانەدا بەکار هاتووە، لە سەردەمەکانی دواتر لەگەلێک ڕۆماندا بەکار هێنرا و سوودی لێ وەرگیرا و تائیستاش سوودی لێ وەردەگیرێت))(زراری، ٢٠١٧ : ٢٤) بەم پێیە چۆن ڕۆمانی (کەری زێڕین)، بووەتە دۆکیۆمێنتێک بۆ دوای خۆی، بە هەمان شێوەش لە شێوازەکانی پێش خۆی سوودی وەرگرتووە، واتە ئەو داستانانە بناغەیەکی پتەو بوون بۆ سەرهەڵدانی ئەم ڕۆمانانە.

زۆر نموونەی تر لە بەردەستدان، لە گۆڕانکاری سەردەم و شێوازی ڕۆماندا، جگە لە ڕۆمانی (کەری زێڕین)، کە بە قۆناغێکی زۆر دوای ئەم نووسراوە، ڕۆمانی(دۆنکیشۆت)ی (میگل دی سێرڤانتس)ە لەساڵی (١٥٤٧-١٦١٦ز) نووسراوە، ((یەکێک لەکتێبە ناسراوەکانی جیهان ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ە، لە نووسینی نووسەری ئیسپانی (میگێل دی سێرڤانتس)ە، ئەم کتێبە بە دایکی ڕۆمان دادەنرێت لە مێژوودا، لێرەوە

ژانری ڕۆمان خۆی خستە ناو ئەدەبیاتی جیهانەوە، وا بۆسەرو (٤٠٠) ساڵ دەچێت، بە سەر چاپ بوونی ئەم کتێبەدا، لە پاش ئەم ڕۆمانەش هەزاران ڕۆمانی تر چاپ بوون، لێ هێشتا ئەم ڕۆمانە وەکو خۆرێکی پرشنگدار لە ناو کتێبخانەی جیهاندا دەدرەوشێتەوە))(عەبدوڵا، ٢٠٢١ :internet ).

ئەوهۆکارەی ڕۆمانی (دۆنکیشۆت)ی ناساندووە، پەیوەندی بە گۆڕانکاری لە تەکنیکی ڕووداوەکانی سەردەمەوە هەیە، لادانیشە لە یاسا سواوەکانی سەردەمی پێش خۆیان، ئەگەر نا هەروەکو بەرهەمیکی هاوشێوەی سەردەمەکەی خۆی دەناسرا، لە لایەکی تریشەوە:((یەکێکە لەو ڕۆمانانەی ڕوو بە ڕووی تاکدەنگی بۆتەوە و ویستوویانە دەنگی خەفەکراو بکەنەوە))(سدیق، ٢٠٢١ : ١١٥)، لە بەرئەوەی ڕۆمان هەوڵی نیشاندانی ناوەوڕۆکی بابەتەکانی کۆمەڵگایە لە ڕێڕەوی پەرەسەندنیدا، ئەمەش درککردن و پەرەسەندنە خودییەکان و ڕاستییە هونەرییەکانی ڕۆمانە.

گرنگی ڕۆمانی دۆنکیشۆت لەسەرهەڵدانی ڕۆماندا زۆر لە توێژەران و ڕەخنەگرانی ژانری ڕۆمانی هێناوەتە دواندن، ((لە ماوەی چەند دەیەیەکدا، لە شێوەی چیرۆکڤانی ڕۆمانسدا، هەنێک جیلوەی سەرەتایی ڕۆمان سەری هەڵدا و پاشان چەند ڕۆمانیک، پڕ بە مانای ڕۆمان و لە قاڵبی ڕۆماندا تەواو هاتوونەتە نووسین ، لەوانە (دۆنکیشۆتی سێرڤانتس)، کەلە ساڵی (١٥٩٧ز) دا دەست بە نووسینی کراوە و لە سەرەتاکانی سەدەی هەڤدەیەمدا بڵاو بۆتەوە))(عارف، ٢٠٢١ : ٣٢)، ئەم ڕۆمانە وەچەرخانێکی گەورەیە لە سەرهەڵدانی ڕۆماندا، لەبەرئەوەی جیاوازییەکی ڕیشەیی دەبینین لە شێوە و ناوەڕۆک و ئەو بابەتانەی ڕۆمانەکەی لێ پێکهاتووە، لە نێوان داستانەکانی سەردەم و پێش خۆی، لە ڕووی چەمکیشەوە لە ئەدەبی پیاهەڵدانەوە بازدەداتە ناوشرۆڤەی ڕووداوەکان باسکردنی کەسانی واقیعی ناوکۆمەڵگا.

چەمک و گۆرانکاریە مێژووییەکانی ڕۆمان لە (دۆنکیشۆت)دا، لە لایەن ڕەخنەگرانەوە بە چەند شێوەیەک لێکدراوەتەوە:

١-شرۆڤەکاران پێیان وایە، ئامانجی سەرەکی سێرڤانتس لە نووسینی دۆنکیشۆت لاساییکردنەوەیەکی ڕەخنە ئامێز و هەجوو ئامێزی ڕۆمانانی سوارچاکی بووە، واتە هەرچەندە ڕۆمان دەرکەوتنێکی نوێیە، بەڵام هەر لە ژێر کاریگەری لاساییکردنەوەی قۆناغی کلاسیکی دەرنەچووە.

٢- هەندێکی تر پێیان وایە ئەم ڕۆمانە هێرشێکە بۆسەر هەندێ کەسی تایبەتی(شارڵی یەکەم وفلیپی دووەم ، لوەیلا)، ئەمە لە کاتێکدایە، کە ڕەوتی چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە چووە و چەمکی ڕۆمان لە لاساییکردنەوە دەردەچێت و بەرەو باسکردنی ڕووداوەکانی سەردەم دەچێت.

٣- هەندێکیشیان ئاماژە بۆئەوە دەکەن، کە ئەم ڕۆمانە مەجازێکی ڕازئاسایە دەربارەی ماهیەتی عەشقی خودایی و دولسینای(مەحبووبی دۆنکیشۆت)، ئەمە جارێکی تر لادانە لەو پیا هەڵدانانەی، کە بۆ خوداوەندە درووست کراوەکانیان دەیانکرد.

٤- هەندێک ڕەخنەگری تر ئاماژە بۆئەوە دەکەن، کە(سیرڤانتس) خۆی بەهاوتای سوارچاکی ڕۆمانەکەی دەزانێ و دەکەوێتە ستایشی(ئیمان و کەسایەتییەک، کە لەپشت هەستی نەخۆشانەوە دەردەکەوێ)، ئەمە بەرەو پێش چوونێکی ڕۆمانە، کە کەســـــایەتی تر بخزێننە ناوڕۆمانەوە بخرێنە جێگای کەســــایەتی خوداوەندەکان. (تراویک، ٢٠٠٨ :٢٣٨).

گەر لە ڕووی ناوەڕۆکیشــەوە لەم ڕۆمانە بڕوانین ((زیاتر هەســت بە هەوڵدانی پاڵەوانەکەی دەکەین، بۆ ڕزگــار بوون لەو قــاوغە تەســــکەی ژینگەی خۆیی و گەڕان بە دوای جیهــانێکی تر، لە ڕێگەی گەشــتکردنەوە))(گەرمیانی، ٢٠١١ : ٧)، ئەمەش بۆچوونی نووســەرەکەی دردەخات بۆ دەرچوون لە قۆناغی لاسایکردنەوە و پیاهەڵدان ڕووە و قۆناغێک، کە واقیع بخرێتە ڕوو.

ئیبرامز بۆتێپەڕاندنی قۆناغی ســــەرەتاکانی ڕۆمان و گەیشـــتن بەقۆناغی واقیعی، ســـەبارت بە ڕۆمانی دۆنکیشـۆت دەڵێت:((گرنگترین و تەنیا باپیرەی ئەمڕۆیە، کەسـایەتی سـەرەکی ئەو ڕۆمانە پیاوێکی شـێت، بەڵام قســە خۆشــە کە هەوڵدەدات بەپێی ئامانج و بیروباوەڕە ڕۆمانســیە قارەمانییەکانی ئەو ســەردەمە بژیێت، ئەو پیاوە بووە هۆکارێک، تا ڕۆمان بە باشــی خەیاڵ و واقیع لەژیاندا نیشــانبدات)).(ئیبرامز، ١٩٧٣ : ل٣)، لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدان، کە((بازدانێکی چارەنووس ساز لە نێوان ڕۆمانی (دۆنکیشۆت) و هەموو نووسینە هاوچەشنەکانی پێش خۆی هەیە، چونکە ئەوانەی پێش خۆی دوور بوون لە واقیع بینی و لەسەر بنچێنەی وەهم و سیحر و خەیاڵ نووسرابوون))(فەوزی،١١ :٢٠٠٠)، واتە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانانەدا ، گۆڕانکارییە لە چەمکی فۆڕمە ئەدەبییەکە، کە ســــەرئەنجام ژانری ڕۆمان سەردهەڵدەدات.

هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی ڕۆمان (( حیکایەتەکانی( پیکارسک)ن، کە لە سەدەی شازدەیەمدا لە ئیسپانیا هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام سـەیر لەوەدایە کەسـەرنجڕاکێشـترین و پەسـەند ترین نموونەیان ((گیل بلاس))ە، کەلە(١٧١٥ز) نووســەرێکی فەرەنســی بەناوی ((لۆســاج)) نووسـیوویەتی.((پیکارو)) (picaro) زاراوەیەکی ئیســپانییە و بەمانای (فێڵبازوهەڵخەتێنەر) دێت و بەو چیرۆکانە دەوترێت، کە کەســایەتیەکانیان لە یاســا لادەر و فێڵبازن و بێباکانە ژیان دەبەنەسەر))(ئیبرامز، ١٠٧١ : ٢).

ڕۆمان لە قۆناغی ســەرەتای گەشــەکردنیدا، لەڕووی ناوەڕۆکەوە، گرنگی زۆری بە ڕووداوەکان داوە، چەندێتی و چۆنیەتی ڕووداوەکانیشــــی پەرەپێداوە، واتە زیاتر لەچیرۆکێک لە ڕۆمانەکاندا خراونەتە ڕوو، کاتیک باس لە ڕووداوی فێڵباز و هەڵخەڵەتێنەر دەکات، لە ڕۆمانەکانی پیکارســـک، ســــەرئەنجامی خۆگونجاندنی ڕۆمانە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا، ئەمەش کاری لە پێشـــینەی ڕۆمانە، لەو قۆناغەدا هەرچی هەبێت، لە ڕۆماندا ڕەنگ دەدەنەوە.

## ڕۆمان لەسەدەی شازدەیەمدا:

گەر لەســـەدی شـــازدەهەمیشـــشـــدا بڕوانیینە بارودۆخی ڕۆمان، لەو ســـەردەمەدا شـــتێکی ئەوتۆ نەنووســراووە، کەئێســتا بتوانیرێت یاداشــت بکرین، (ئەدواردبلْشــن) بۆچوونی وایە ((ئەو ڕۆمانانەی، کە لەســـەدەی شـــازدەدا نووســـرابوون، بە دوو شـــێوازی جیابوون، هەندێکیان لە شـــیعرەوە نزیک بوون تا پەخشان، لەم سەد ساڵەدا هیچی وا ڕووی نەدا و زۆربەی ئەو بەهرانەی کە بەڕۆمان داڕێژرابوون ڕژانە ناو یاداشـــت و ڕۆژنامەوە، ئەمەش ئەو کاتەبوو کەڕۆژنامە هاتە کایەوە))(گۆران، ١٩٨٢ : ٢٣) ، واتە زاڵیتی ژانری شیعر لەم سەردەمەدا بە ڕووخساری ڕۆمانەکانەوە دەبینرا زیاتر لە شێوازە پەخشانییەکە، (( ئەم قۆناغەی ڕۆمان دەچێتە خانەی ڕۆمانی کلاســـیکی و لەســـەر بنەمای هەســـتە وروژێنراوەکان و درێژە پێدانی بێزارکەر و لاسایکردنەوە دەهاتە بەرهەم، بەڵام دواتر ئەم ستایلە لە ڕۆح و داواکاریەکانی سەردەم دوور کەوتەوە))(سدیق،١٢٥ :٢٠٢٠)، ئەو کارانەی کە لەم سەردەمدا کرابوون سەبارەت بە ڕۆمان بەبێ بەها لەقەڵەم نادرین، لە بەر ئەوەی چێژیان بەخشیووە و چیژیش بنەمای کاری هونەرییە.

دیارترین سیمای ڕێبازی کلاسیکیش لە ڕۆماندا بریتییە، لە لاسیکردنەوەی کۆن، پاراستنی کەسایەتییە مەزنەکان، پاراســتنی ئۆرســتۆکراتیەتی زمان، بایەخدانی زیاترە بە فۆرم تا بەناوەرۆک، ئەمەش ئەنجامی بنەماکانی کلاسیکە، کە لە سەردەمدا باوبوو، لە سەدەکانی ناوەڕاست دا خەڵک لە ژینگەیەکی دیاریکراو و پانتاییەکی جوگرافی و کۆمەڵگایەکی بەرتەســـکدا دەژیا، لە کۆتا ســـەردەمەکانی فیودالیزمدا بنەماکانی لێکدابڕان، هەڵوەشـــانەوەی ئەو ژیانە دەرکەوت و خەڵکان لەســـەندیکاکانیان جیابوونەوە و خۆیان بوونە نوێنەری کەســـایەتی خۆیان و دەســـتیان بەجوڵە و گەڕان کرد و هەرگیز بۆ خاڵی ســـەرەتا ئاوڕیان نەدایەوە، نموونەی چیرۆکی میللی سەبارەت بە(ئیل)ی ئەڵمانی باشترین نموونەن.

## ڕۆمان لەسەردەمی بزوتنەوە ڕووناکبیرییەکاندا:

بێجگە لە و بەرهەمە ئەدەبیانەیی کە باسـمان لێوە کردن، بزوتنەوە ڕووناکبیر و شـۆڕشـگێڕییەکانیش هۆکاری گرنگ بوون بۆ سـەرهەڵدان و گەشـەی ڕۆمان لە ڕووی چەمک و شـێوازە، چونکە کاتێک خۆری ڕێنیســـــانس هەڵهات، ئیدی ئەوە لە مێشـــکی خەڵک دەرهات و ئاراســـتەی بیرۆکەیەکی نوێ لە ئەقڵی بەکۆمەڵدا چەسـپی، کە دەیگووت: ((ناکرێ باوەڕ بە هیچ شـتێک بکەیت تاوەکو تێی نەگەیت، عەقڵی خەڵک وردە وردە ســـەری لە تاریکی جەهلەوە دەردەهێنا و ئازاد دەبوو ئیدی خەڵکی کەوتنە ڕەخنە گرتن لەو بیروباوەڕانەی، کە وەکو حەقیقەتەکان چەســـپیبوون، ڕەخنەگرتن لە کەنیســـە و پیاوانی ئاینی و هەتا لە دەقە ئـاینیەکـانیش دەگیرا))(فەرەج،٢٠٢٠ : internet)، (ڕێنســـــانس)یش، گۆڕانکـارییەکی ڕیشـــەیی بوو لە سەرجەم جومگە هەستیارەکانی، پەیوەست بە کۆمەڵگاوە، ((ئەو گۆراناکارییانەی لە سەردەمی ڕێنسانسدا ڕوویدا، ئەدەبیات و هونەریشـــی گرتەوە، ئەوەبوو شـــێوەی چیرۆکڤانی ڕۆمان، بەدرێژایی ســـەدەی

هەڤدەیەم بەرە بەرە شـــێوە و قاڵبی خۆی پەیدا کرد و لە ســـەرەتاکانی ســـەدەی هەژدەیەما ناســـنامەی سـەربەخۆی، خۆی دۆزییەوە))(عارف، ٢٠١٢ : ٢٦)، گۆڕانکارییەکانی سـەردەمی ڕێنسـانس، کە هەموو لایەنە ژیارییەکانی ئەوروپای گرتبووەوە، گۆڕانکاری لە جیهانبینی ئەوروپا ڕوویدا، شـــێوازی بیرکردنەوەی گۆڕین، کە شێوازێکی زانستیانە بوون بۆ ژیان.

((جێی خۆیەتی ئاماژە بەشەپۆلی ئازادی و ئازادی تاکەکەسی بدرێت لە سەردەمی ڕێنسانسی ئەوروپی، کە لە سەردەمەکانی پێشووتر جیاواز بووە، چونکە لەم سەردەمەدا ، تاک توانیویەتی بێ ترسان لە سزای دەوڵەت و کۆمەڵ، تەعبیر لە سۆز و هەست و نەستەکانی بکات))(مونیف، ١٩٩١ : ٩٩)، بێگومان ئەم دەربڕینە بێ ترســـەی تاک لە هەســـتەکانی بەرامبەر بە ژیان، لە خودی ڕۆماندا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە، کە لەو سەردەمەدا هەبووە.

بزوتنەوەی ڕۆشـــنگەریش بەو دروشـــمانەی، کە بەرزی کردبووەوە گاریگەری بنەرەتی لە چەمکی ڕۆماندا هێنایە کایەوە، چونکە دەرهێنانی مرۆڤایەتی بووە لە تاریکســـتانی ســـەدەکانی ناوەڕاســـت؛ بزوتنەوەی ڕۆشـــنگەریش، ڕێبازێکی ڕۆشـــنگەری ڕەخنەگرانەی ئەقڵانیی بووە، بۆ بەر پەرچدانەوەی سەپاندنی ئایین و مەزهەب لە فۆرمی ترس و ڕەتکردنەوەی تەوقی ئایدۆلۆژیا و نەریتی دواکەوتوو.

ئەم قۆناغە زادەی سەردەمی دەستکەوتە هەرە پێشکەوتووەکانی بوارەکانی، سایکۆلۆژی کولتوریی و تەکنەلۆژیای زانیارییە، ((ئەرکی ســـەرەکی ڕۆشـــنگەری هاوچەرخ، گۆڕینی فەلســـەفەی پەروەردە و پەروەردەی خێزان و پەروەردەکردنی ڕۆشـــنگەرانەی تاک و کۆمەڵ بە گشـــتی و ژنان بە تایبەتی، لە پێناوی ئازادی ئەقڵ و مافە کۆمەڵایەتی و ســـیاســـییەکان و نەهێشـــتنی چەمکی رەچەڵەک لە بەردەم یەکسانید))(غەمگین، internet،٢٠١٧).

خاڵی جیاکەرەوەی سـەردەمی ڕۆشـنگەری لە سـەردەمەکانی پێشـووتری، عەقڵە، ((چونکە سـەردەمی ڕۆشـنگەری ناسـنامەی عەقڵە، کە ئەم ڕەوتە بیرمەندانی فەرەنسـی و ئینگلیزی لەپێشـەوایان و ڕابەرانی بوون، بزوتنەوەیەکی فەلسـەفی بوو، کە لەنێوان هەردوو سـەدەی (حەڤدەیەم و هەژدەیەم))دابووە (فەرەج، ٢٠٢٠ : internet))، لێرەوە عەقڵ بووە سەرچاوەی بڕیاردان، بەڕابەرایەتی چەند بیرمەندێکی فەرەنسی و ئینگلیزی، ((بۆ دارشـتنی بناغەی کۆمەڵگەیەکی نوێ دەسـتی پێکرد، ڕابەرانی ڕۆشـنگەری، باوەڕیان وابوو ڕێ بۆ زیرەکی و ڕۆشنبیری مرۆڤ لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەراست ڕۆشن دەکەنەوە))(فەرەج، ٢٠٢٠ : internet).

ڕۆماننووســـانیش، ناوەڕۆکی ڕۆشـــنگەرییان هێنایە ناو بەرهەمەکانی خۆیان، (ڕۆســـۆ)لە کتێبەکانیدا ((تەنیا باســـی لە هەســـت و ســـۆزەکان نەدەکرد، بەڵکو باســـی دەروونناســـی ژنان و پیاوانیشـــی دەکرد.

ڕۆمانی(تریستترام شاندی) بەرهەمی(لارنس ستێرن) کە لە سالی ١٧٦٠ دا، بڵاوبۆوە، شێوەیەکی ئەدەبی نیشاندا، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی پرۆسەی فیکری، کەسایەتییەکان بوو))(دان، سەردەمی ڕۆشنگەری : ١٣٤).

هەروەها بەشێکی مەزن لە نووسەران، دەستیان لە میتۆدە کۆنەکانی چیرۆک و وێژە هەڵگرت، کە بە گشتی پشتیان بە دلێری و خەباتگێڕان و پاشا کۆنەکان دەبەست، لە بەرامبەردا، کەسایەتی گەلی ئاسایی و ڕاستەقینەیان هێنایە ناوەوە، کە تووشی ئەزموون و گەلی جیاواز بوون، ((نووسەری ئینگلیزی(هینری فیلدینگ) لە ڕۆمانی (تۆم جۆنز) ١٧٤٩ز دا، وێنایەکی تەواوی کەسایەتییەکان و کۆمەڵگای بەریتانی نیشان دەدا، کە تەنیا تایبەت نییە بە باڵا دەست و دەسەڵاتدارەکان و وەها نەریتگەلێکی ئەدەبی، کە ئەمڕۆش هەروەک خۆیان ماون))(دان، سەردەمی ڕۆشنگەری : ١٣٥).

**ڕۆمان لەسەدەی هەژدەیەمدا :**

شارەزایانی ئەدەبی، ئاماژە بەوە دەدەن، کە (( لە سەدی هەژدەی زاینییەوە، ڕۆمانی ئینگلیزی لە وڵاتی ئینگلتەرا شێوەیەکی هونەری ئەدەبی وەرگرت، ڕۆمانەکەی (ڕۆبنسون کروز (١٧١٩ز)، مۆل فلاندەرز لە زنجیرەیەک ڕووداو پێکهاتوون و کەسایەتییەکانیان کەسایەتی واقیعین و بەشێوازی ئەدەبی نووسراون))(زراری، ٢٠١٧ : ٢٥ ).

ڕۆمان سەرهەڵدان و گەشەی تاکە لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، بەواتایەکی تر هێنانە ناوەوەی تواناکانی تاکە لە ڕۆڵبینین لە کایەکانی ژیاندا و بیرکردنەوەی تاکە لە هەموو ئەو ڕووداوانەی کە لە ژیاندا ڕوودەدەن، ((ڕۆمان شانبەشانی تاکگەرایی گەشەدەکات، داهێنەرانی ڕۆمان و ئەو میللەتانەی، کە ڕۆمان تیایدا باڵادەستە زیاتر ئەو گەلانەن، کە زۆرترین بایەخ بە تاک دەدەن، لە بەر ئەمەیە، کە ڕۆمان لە بەریتانیادا لەدایک بوو، هەر لەوێش گەشەکردنێکی زۆری بەخۆوە بینی))(ئۆغلو، ٢٠١٣ : ٢١).

ئەوروپا ناوەندێکی سەرەکی سەرهەڵدان و گەشەی ژانرە ئەدەبییەکانە، چونکە(( ڕۆمان لە بنەڕەتدا هونەرێکی ڕۆژئاواییە، لە وێندەر سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە و پەرەی سەندووە)) (عارف، ٢٠٢١ : ١٩٥)، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە هۆشیار بوونەوەی کۆمەلگای ئەورووپی بدرێت، پێش کۆمەلگاکانی تری جیهان، چونکە سەجەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەکان...هتد لە کۆمەڵگای ئەورووپیدا سەرچاوەی گرتووە، ڕۆمانیش لە هەناوی ئەم کۆمەڵگایانەوە سەری هەڵداوە، بۆیە تا ئیستاش سیمای نوێبوونەوەی پێوە دەبینرێت، ((ڕۆمان کردەیەکە، هەرچەندە ئەدەبییە، بەڵام کردەیەکی عەقلانیشە و خۆرئاواش، بە تایبەت ئەورووپییەکان لەو کردە عەقڵانییەدا لە پێشتر بووە و ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەو ژانرە لەوێ سەرهەڵبدا))(میراودەلیی، ٢٠٢١ : ٩٧)، واتە عەقڵ و هۆشیاری نەتەوەیی هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی ڕۆمانە، ((ڕۆمان بە شێوەیەکی گشتی شەقڵ و هزرین و دید و نۆرینی ڕۆژئاوایی لە خۆگرتووە، بەڵام وردەوردە بە دەم بڵاوبوونەوە و لق و پۆپ هاویشتنی شارستانیەتی ڕۆژئاواوە،

پەرپیوەتەوە بۆ سـەرانسـەری دنیا و لە جیهاندا چاوی لێکراوە و لاسـایکراوەتەوە و برەوی سـەندووە و ڕەواجی پەیدا کردووە، کە ئەم دیاردەیە زۆر بەدرەنگەوە گەیووەتە کوردەواری))(عارف، ٢٠٢١ : ١٩٥)، واتە لە دوای زیاتر لە دوو سـەدە ڕۆمانی کوردی سـەری هەڵداوە، لەسـەدەی بیسـتەمدا لە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی و تورکی و فارسـی دا، هەروەک چون قوتابخانە ئەدەبییەکانیش لە ڕیگەی ئەدەبیاتی ئەم گەلانەوە هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

سـەرهەڵـدانی ڕۆمـان پەیوەنـدی بەزۆر بواری ترەوە هەیە، کە بوونەتە بنـاغەیەکی پتەو بۆی ((سـەرهەڵدانی ڕۆمان پەیوەندی بە سـەرهەڵدانی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە هەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی بەهێزی گەشـەی ڕۆمان لە سـەرتاسـەری جیهاندا، هەر ئەمەش وایکردووە ڕۆمان لەیەک کاتدا لە هەمووجیهاندا سـەری هەڵنەدابێت و لەئەوروپاوە پەرپیوەتەوە بۆ وڵاتانی نزیک و پاشـان بۆ دوورە دەسـتەکان، ئەمەریکا لە سـاڵانی (١٧٦٥-١٧٩٣) و جیهانی عەرەبی سـاڵی (١٨٩٩)، ئێمەی کوردیش لەسالانی( ١٩٣٥ز)،)).(زراری، ٢٠١٧ : ٢٥).

ڕۆمان لە سەرتای بە دیار کەوتنیەوە، تا بەرەپێش هاتبێت زیاتر ژینگەی گەشەکردنەکەی فراون بووە و پەردەی بە سـەر هەندیک بابەتی تردا داوە، ((لە سـاڵی(١٨٤٢)دا ڕۆمان وەکو گرنگترین ژانری ئەدەبی ناوبانگی دەرکرد، ڕۆمانی ڕۆمانتیکی کۆنیش بەرەبەرە بەهاکەی لە دەست دا، ڕۆمانانی ڕیالیستی، کە لە ژیانی زەمانەوە ئیلهامی وەردەگرت بەرەبەرە بایەخی پەیدا کرد، تا لە ئەنجامدا جێگەی بۆناتۆرالیزم خۆش کرد))(عارف، ٢٠٠٨ : ١٦٥)، بەپێی بۆچوونی توێژەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی ژانری ڕۆمان نزیکترین ژانرە، لە ڕەنگدانەوەی واقیعەکانی کۆمەڵگا تیایدا، بۆیە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەکی ئەدەبی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتیدا، ئەمیش گۆڕاوە و نوێبووەتەوە،

لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕۆمان، تا سەدەی هەژدەیەم گۆڕانکاری زۆر لە چەمکەکەیدا بەدی دەکرێت، ئەویش پەیوەندی بە دەرکەوتنی ڕۆڵی تاکەوەیە، کە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا ڕۆڵی لاوازبووە، واتە کۆمەڵ بڕیار دەربووە و ئەو کۆمەڵانەش، کەسـەرۆکاریان دەکرد، یان دەبوو کۆمەڵگەیەکی دێهاتی بووایە یان شـاریانە یان سـەندیکای بەرژەوەند خواز، کە دەسـتەیەکی تایبەتیان دەپاراست، بەڵام لە سـەدەکانی دواییدا کۆمەڵگا دانی نا بە ئازادی تاکەکەس و ئەو پێگەی کەهەیەتی، تاک مافی ئەوەی پێدرا ئازادانە گوزارشـت لە بیرو ڕاو فیکرەکانی خۆی بکات، ڕۆمانیش لە دوای سـەدەی هەژدەیەمەوە هەڵگری ئەم مەشـخەڵەبوو، ڕۆماننووسـەکان لە ڕۆمانەکانیاندا بیر و بۆچوونی خۆیان لە سـەر بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە دەخستە ڕوو.

## ڕۆمان لە سەردەمی ڕۆمانسیزمدا :

لە سـەرەتاکانی سـەدەی هەژدەیەم، قۆناغێکی نوێ لە چەمک و شـێوازی ڕۆماندا هاتە کایەوە، کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی، چونکە((نووسـەرانی کلاسـیک بە لای ڕۆماندا نەدەچوون و لەقۆناغی کلاسیکدا ڕۆمان بایەخێکی گرنگی نەبوو، بەڵام لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا ئەم بابەتە ڕێک پێچەوانە بووەوە و ڕۆمان لە چاو هەموو ژانرەکانی دیدا بایەخێکی تایبەتی پەیدا کرد. نووسـەری ڕۆمانتیک خۆی کرد بەبابەتی ڕۆمان و حاڵەتە کەسایەتی و ڕۆحیەکانی خۆی شرۆڤە کرد، بەم جۆرە بۆ یەکەمجار ڕۆمانی شەخسی(personal roman)هاتە ئاراوە))(حسەینی، ٢٠٠٦ : ٦٦).

چەمکی ڕۆمان لەم سەردەمەدا وەک (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەڵێت: ڕۆمانتیک بریتییە لەئازادی خوازی لە هونەردا، ڕۆمانیش ژانرێکی ئەدەبی و هونەرییە، لە بەرئەوەی جگە لە دیوە جوانەکەی هونەر و دەسەڵات، دیوە دزێو خراپەکانیشیان نیشان دەدا، هەست و خەیاڵ بنەمایەکی سەرەکی بوو لە ڕۆمانەکاندا و بایەخیان بە وێنەی جیاوازی ڕووداوەکان دەدا، واتە تەنها لەیەک گۆشەنیگاوە لە ڕووداوەکانیان نەدەڕوانی، بەڵکو شرۆڤەی جیاوازیان بۆ دەکرد، ئەمەش ڕۆڵی تاکی نیشان دەدا لەکایە کۆمەڵایەتیەکاندا.

لەم سەردەمەشدا گەلێک ڕۆمان نووسران کە سیمای تازەگەری و تاکەکەسی پێوە دیاربوو، زیندوو ترین ڕۆمانی ڕۆمانتیکی، کە تازەگەری پێوە ببینرێت و جیاواز لەوانی تر وێنە بکرێت، ((لە ڕۆمانەکانی (جۆرج ساندا)دەبینرێت، ئەم خانمە هونەرمەند و ڕۆماننووسە سەربردەی ژیانی خۆی لە بەرهەمەکانیدا بەرجەسـتە کردووە، واتە ئەوەی لە ڕۆمانەکانیدا باسـی لێوە دەکات، لە ژیانی ڕۆژانەیدا مومارەسـەی کردووە))(حسەینی، ٢٠٠٦ : ٦٧)، زۆر بۆچوونی تریش هەیە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە ((لەسەدەی هەژدەدا ڕۆمان بەتەواوی چاوی هەڵهێنا، پێی وایە لە ژیانی ڕاستەقینەی دەگەڕێت، واتە ژیان خۆی چۆنە ئاوها نیشانی بدات))(بلّشن، ٢٩٨٢ : ٢٤).

دەکرێت هەڵوێستەیەک لە سەدەی هەژدەیەم بکەین، کە قوتابخانەی ڕۆمانتیک، هونەرمەندی ڕۆمانتیکی فەرمانڕەوایەتی (من) لە هونەردا دەچەسـپێنێت و تاکڕەوێتی لە جیاتی کۆمەڵ ڕەوی دادەنێت، واتە گرنگیدان بەتاک و بنینی کۆمەڵگە لە چاوی تاکەوە، گەیشـتە لوتکە، ((لە سـەدەی هەژدەیەمدا ڕۆمان بەرگریکار و پارێزەری ئافرەتانی ماڵەوە و خزمەتکارە خوێندەوارەکان بووە))(برادەربری، ٢٠٠٨ : ٧٣)، لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری لە چەمکی ڕۆماندا بە ڕوونی دیارە، کە کێشـەکانی ڕۆژگار دەقۆزێتەوە، لە کونج و کەلەبەرەکان دەریان دەهێنێت و دەیانخاتە بەر شـرۆڤەکردن، دیارە لە ڕۆژگارەکانی سـەدەی هەژدەدا، لە کۆمەڵگای ئەوروپیدا، ئافرەتیش ڕۆڵی لاوازبووە لە کایە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکاندا، پاشـان کۆیلایەتیش یەکێک بووە لە دەردە کۆمەڵایەتیەکان و گیرۆدە بوونی کۆمەڵگە پێیەوە، لە ڕۆمانەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، ڕێنیشاندەریش بووە بۆ ڕزگار بوون لەو کێشە کۆمەڵایەتیانە.

((عەقڵ و سۆزگەرایش، لە سەدەی هەژدەیەمدا، ڕۆحیەتی دڵسۆزی و هاودەردی خوڵقاند، کۆتایی هێنا بە سوتاندن و ئەشکەنجەدان، لە ئەنجامی ڕۆشنگەرییەوە، کۆیلەداری ڕووە و لە ناوچوون ڕۆشت.))(دان، بێسالْ : ١٣٣)، ڕۆمانەکان بەرهەمی تاکە کەسین و بۆچوونی ئەوانی خستۆتە ڕوو، لەسەر ژیان و ژیارییان، کردنەوەی دەنگی خەفەکراویان توانیویەتی هاوخەمی و هاوسۆزی لە نێوانیاندا زیاتر بکات.

**سەدەی نۆزدە سەردەمی ڕیالیزمی ڕۆمان :**

فەرهاد پیربالْ لە کتێبی (ڕێبازە ئەدەبییەکان)دا باس لەوە دەکات، ((لە هەر ســــەردەمێکدا یەکێک لە جۆرەکانی ئەدەب فەرمانڕەوایی دەکات، ســــەدەی نۆزدە و ســــەردەمی (ڕیالیزم)بە ســــەردەمی ڕۆمان دەژمێردرێت، ڕیالیزم هەم لە ڕووی جۆنیەتی و هەم لە ڕووی چەندێتییەوە، تەکانێکی گەورەی بە ڕۆمان بەخشی و سالآنی (١٨٠٥تا١٨٩٠)ز لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا سەردەمی زێڕینی ڕۆمانە))(پیربالْ، ٢٠٠٤ : ١١٥)، ناوەڕۆکی ڕۆمان لەم چەرخەدا پیشـــاندانی ژیانی مرۆڤایەتی و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ســــەردەم و دیاریکردنی خودی واقیعەکەیە، ڕاســـتگۆیی و ڕاســـتی ژیان و واقعی دەخســـتەڕوو، ناوەڕۆکی ئەدەبی ڕیالیزمیش هەوڵێکە بۆ ڕووناک کردنەوەی ڕێگا تاریکەکان و ڕێنیشـــاندانی کۆمەڵگا بەرە و گەیشـــتن بە ئامانج و گۆڕانی ئەو بار و دۆخە نالەبارەی، کە لەئارادایە، ڕۆمانیش لەهەموو ژانرەکانی تر گونجاوترە بۆ خســـتنە ڕوو و تێڕوانینی هونەرمەند لەبارەی کێشـــەکانی کۆمەڵگاوە، ((ڕۆمان ژانری دڵپەســـەندی سەردەمی بۆرژوازییە و لەسەردەمی نوێدا جێگەی داستانی دەرەبەگایەتی گرتۆتەوە))(پیربالْ، ٢٠٠٤ : ١٠٦)، هەر ســــەردەمێکیش تایبەتمەندی و ســـیمای خۆی هەیە، ((دیارترین ســـیماکان لە ســــەدەی نۆزدەدا باوەڕهێنانە بە بەها مرۆڤایەتیەکان، کە جگە لەخودی مرۆڤەکان بە مانا فراوانەکەی، نە دەپارێزرێت و نە بەردەوامی پێدەریت))(فەوزی، ١٩٨٧ ؛٧٩).

پەرەسەندنی ئەو ڕەگەز و بنەمایانەی لەڕۆماندا ڕۆڵ دەبینن، دەریدەخەن ڕۆمان لەو قاڵبە سەرەتاییانەی، کە تێیدا بووە، تێی پەڕاندووە و بووەتە کالآی دڵخوازی ســــەردەم و لەگەڵ هەموو نوێبوونەوەیەکدا دەگونجێـت، لەلایەکی تریشـــــەوە فراونبوونی جۆری ڕۆمـــان فراونبوونی چەمکەکەیەتی، لەڕووی (کۆمەلآیەتی، هونەری، زانستی، ئابووری، دەروونی، خەیاڵی ..هتد)، کەلە بەشەکانی داهاتوودا باسیان لێوە دەکەین.

ســــەدەی نۆزدە قۆناغیکی نویَ ســــەرهەڵدەدات، لە ژانری ڕۆمان و ڕۆماننووســــیدا، ئەویش قۆناغی ڕیالیزمە، ناوەڕۆکی ئەدەبیاتی ئەم ڕێبازە پیشـــــاندانی ژیانی مرۆڤایەتی و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ســـەردەم و دیاریکردنی خودی واقیعەکەیە، کە ڕاســـتگۆیی و ڕاســـتی ژیانی خســـتەڕوو، ((ڕیالیزمییەتی ڕۆمانیش لەودا نییە، کە ئەو ڕۆمانە چ جۆرە ژیانێک دەخاتە ڕوو، بەڵکو لەوەدایە کە بەچ ڕیگایەک ئەو ژیانە دێنێتە بەردەست))(وات، ١٩٨٦ : ٨)، چونکە ڕیالیزم بریتییە لە: دوورکەوتنەوە لەتەم و مژ و ئالۆزی و

خەیاڵڕێســـی و نواندنی ژیان وەکو چۆن لە واقیعدا هەیە بێ ئەوەی بیکاتە نموونەیی، یان هەمووشـــتیک چۆن دێتە بەرچاو، لەچ بارو وێنەیەکدا بێت بەو جۆرە دەربخرێت.

((بەلای ڕیالیزمەکانەوە ڕۆمان دەتوانێ، ئەو هەموو کێشــە و ململانێ و جیاوازی بۆچوون و ئایدۆلۆژیا و پێشــکەوتنی فەلســەفی دەرببڕێت))(حوسـێن، ٢٠٠٧ : ١٣٢)، ڕیالیزمەکان پێیان وابووە ڕۆمان هەمیشــە هاوڕێی دڵســـۆزی واقیع بووە؛ پەیامە ئەدەبییەکەی بەجوانی گەیاندووە لە گۆڕان و پێشـــکەوتنیدا، ئەو شـێوازە هونەرییەی کە هەیەتی لەقۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا گونجاندوویەتی، ((گەشـەسـەندنی ڕۆمان لەسەردەمی ڕیالیزمدا، پەیوەندی بە واقیعگەرایی و دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕیالیزمەوە هەیە، کە لەسەر دەسـتی چەند نووسـەرێک و ڕۆماننووسـێک بەناوی (شـامپفلۆری) دامەزر ێنرا و بۆیەکەمجار لەسـاڵی ( ١٨٤٣ز) بەکاری هێنا.))(پیربال،،٢٠٠٤ : ٨٥).

لەگەڵ سەرهەڵدانی جیاوازی چینایەتیی و گەشەکردنی سەرمایەداریی و دابەشبوونی کۆمەڵگە بۆ چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، ئیدی پێوســـت بوو ئەدەب داواکاریی و ناڵەی کرێکاران لە خۆبگرێت و ببێتە سەرچاوەی سەرەکی دەنگی کرێکاران بۆ داواکردنی مافەکانیان، هەروەها ببێتە ڕێگەیەکیش بۆ وشیاریی چینـاییەتی، ((ڕۆمـان لەڕووی نـاوەڕۆکەوە لەو ململانێ ئـایـدۆلۆجیەی بۆرژوازی ســـەرکەوتوو، دژ بەدەرەبەگایەتی بەرە و ئاواچوون لەدایک بووە))(لۆکاش، ١٩٧٩ : ٩٨)، د.عادل گەرمیانیش هەمان بۆچوونی لەم بارەیەوە هەیە و دەڵێت: ((ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی زیاتر زادەی قۆناغی حوکمڕانی چینی بۆرژوا و کزبوونی دەســـەڵاتی چینی دەرەبەگ دادەنرێت، کەوا ژانری (ڕۆمانس) بەنوێنەری دادەنرێت))(گەرمیانی، ٢٠١١ : ٧)، ڕۆمان بەپێی تێپەربوونی ســـەردەمەکان و گۆرانکاری لە چینەکانی کۆمەڵگادا زیاتر گرنگی پێدراوە.

ڕۆمان لەسەدەی نۆزدەهەمدا وەرچەرخانێکی گەورەی بەسەردا هات، ((کەسەرهەڵدان و پەرەسەندن و ســەرکەوتنی بۆمسـۆگەر کردبوو بە (بەڵگەنامەیەکی) بەڕۆمان کراو، ئەم وەرچەرخانە بەر لەهەر شـتێک دەگەڕێتەوە بۆ هەڵومەرجی بڵاوکردنەوە، ئێمە ناتوانین لە ڕۆمانی واقیعی سەدەی ڕابردوو بگەین، ئەگەر ئەوە لەبەرچاو نەگرین، کە بۆ ئەوە دەنووسـرا لە گۆڤارێکدا یان لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا بڵاوبکرێتەوە، گەورەترین ڕۆمـانەکـانی ســـەدەی نۆزدە هەوەڵجـار بە زنجیرە بڵاوبوونەتەوە)) (عـارف،،٢٠٢١ : ١٥٤)، پێشـکەوتن و بەرەوەپێش چوونی پیشــەســازی لە ســەدەی نۆزدەدا هاندەر بوو بۆ نووســین بەو جۆرە ڕیالیزمە، ((ڕۆمانەکان دەسـتیانکرد بە وەسـفکردنی ئەو کەسـایەتییانەی کە بە تەواوەتی باش یان خراپ نین، کە ڕەتکردنەوەی ئایدیالیزم و ڕۆمانســیزمی ژانرای پێشــوو بوون، ڕیالیزم بەخێرایی گەشــەیکرد و گۆڕا بۆ سروشتگەرایی، کە بارودۆخەکان ناخۆشتر و کەسایەتیەکان ڕەشبینتر و بێ هێزبووبوون بەهۆی سروشتیانەوە))(ڕزگار، ٢٠٢٠ : internet).

**ڕۆمان لەسەدەی بیستەمدا :**

گەر لەســــەدەی بیســـتەمدا بڕوانینە ژانری ڕۆمان، ئەوا قۆناغێکی نوێ لە ڕۆماندا ســـەرهەڵدەدات، کە هاوشـانی پێشـکەوتنەکانە، مرۆڤایەتی لەم سـەدەیەدا پێی گەیشـتووە،((سـەدەی نۆزدە بەسـەدەی زێڕینی ڕۆمان دادەنرێت، بەڵام  سـەدەی بیسـتەم بە سـەدەیەکی زێڕینتر دادەنرێت، چونکە لەم سـەدەیەدا چەندان شـــەپۆل لەبواری ڕۆماندا ســــەری هەڵدا))(گەرمیانی، ٢٠١١ : ٧)، بەم پێیە ڕۆمان لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا، ڕووکاری گۆڕانکاری پێوەدیارە ((شـــەپۆلی هۆش باشـترین دیاردەی ڕۆمانە لەســەرەتای ئەم ســەدەیەدا سەری هەڵداوە))( گەرمیانی، ٢٠١١ : ٧).

سەدەی بیستەمیش بەسەردەمی  گۆڕانکاری ژیاری کۆمەڵگاکانی  جیهان دادەنررێت، بۆیە ئەم هەموو ڕووداوانەی، کە لەم ســـەدەمەدا ڕوویان داوە مەگەر لەتوانای ڕۆماندا بێت کۆیان بکاتەوە، چونکە ڕۆمان کۆکەرەوی سەدان چیرۆک ڕووداوە لە ناوەڕۆکیدا.

ئەم ژانرە بە دەوڵەمەندترین ژانری ئەدەبیاتی ســــەدەی بیســـــتەم لە ئەوروپا دەژمێردرێت، ((چونکە کۆمەڵێ بەرهەمی جۆرا و جۆر لەم مەیدانەدا نووســــران، کە ســــەرجەم لایەنەکانی ژیانی لە خۆدەگرت، ڕۆمان لەڕووی جۆرەوە پەرەی سەند و ڕۆمانی سایکۆلۆژی و دەڤەرە دوورە دەستەکان و تەنزئامێز و ئایدیالیستی و سۆسیۆلۆژی و ڕامیاری و ژیاننامەیی سەریان هەڵدا))(تراویک، ٢٠٠٨ : ٢٠١ )، چەمکی ڕۆمان لەســەرتای ســەرهەڵدانیەوە، تاســەدەی بیســتەم جیاوازی بنەرەتی تیادا بەدیدەکرێت، چونکە فراوانبوونی جۆرەکانی، ئاوێتە بوونە لەگەڵ هەموو چین و لایەنەکانی ژیاندا.

((لەپاش جەنگی جیهانی دووەمیش لەبەرامبەر گوێگرە نوێیەکانیدا کاردانەوەی نیشــــان داوە و گۆڕاوە، ڕۆمانی هاوچەرخ کەمتر لە جاران بۆ ســێ دەســتەی، ڕۆمانی ڕۆشــنبیران، ڕۆمانی خەڵکانی خوێندەوار، ڕۆمانی خەڵکانی (عەوام)دابەشــــدەبێت.))(برادربری، ١٩٧٣ : ٧٨)، لێرەشــــدا جیاوازی لە چینەکانی کۆمەڵگادا بەدیدەکرێت، کە ئەرکی لەپێشــینەی ڕۆمان ئەمەیە، بۆیە ڕۆماننووســان بۆ هۆشــیارکردنەوەی چینەکانی کۆمەڵگا ڕۆمانەکانیان لەئاست تێگەیشتنیاندا نووسیووە.

لەســەدەی بیســتەمدا خەڵکی بەتەواوەتی ڕوویان لە ڕۆمان کرد و پەرەی ســەند، لەگەڵ پەرەســەندن و بەرە و پیش چوونی ڕۆژنامەوانیدا بووە ژانرێکی گەورە و دڵخوازی خوێنەری ســــەردەم ڕای گشــــتی، لەبەر ئەوەی ((ئەم هونەرە ئەدەبییە وادەکات خوێنەران لەکلتوور و شــــارســــتانیەتەکانی دیکە بەئاگابن، دەکرێت نووسەر لەڕێگەی ڕۆمانەوە دەست ببات بۆ کێشە کۆمەڵاتەتیەکان و ڕێگای چارەسەرییان ڕوون بکاتەوە، یان دەست بۆ بابەتی مێژوویی و ئاینی ببات، هەروەها ڕۆمان یەکێکە لەئامرازەکانی دەستخستنی مەعریفە))(ســدیق ،٢٠٢٠ : ل٩)، پێشــکەوتنەکانیش لە بواری زانســتی زمان و ئەنترۆپۆلۆژیا ســۆســۆلۆژیا هۆکارێک بوون بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆمان لە ســــەدەی بیســــتەمدا و زۆربایەخی پێدرا، کە ئەم زانســــتانە

ڕیکاریک بوون بۆ لێکۆڵینەوەکان، (( لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم، شـــەپۆلی تاقیگەری لەڕۆماندا ســـەری هەڵد و لەپاش جەنگی جیهانی دووەمیش شـــەپۆلی بوونگەرایی لە ڕۆماندا لەفەرەنســـا ســـەری هەڵدا)) (گەرمیانی، ٢٠١١ : ٧).

مارتێ ڕۆبێرت نووسەری فەرەنسی دەڵێت:((ڕۆمان بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو کاتە بووە ژانرێکی زاڵ، کە بەنهێنییەوە سنووره نزیکەکانی ترازاند و بەرەبەرە تەواوی ئەدەبی داگیر کرد، لێرەدا ڕۆمان لەزۆر ڕووەوە لەو کۆمەڵگە ئیمپریالیستیەوە دەچوو، کە لێیەوە پەیدا بوو و بەبێ هیچ بەربەستێک پەلی بەرەو سەرتاسەری هاویشت))(یاقووب، ٢٠١٩ : ٣٠).

نەبوونی پەیوەندی ڕۆمان بەنەریت و فۆڕمە جیاوازەکانەوە وای لێکردووە هەمیشە نوێ بێت و لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەک و ڕێچکەیەک، هاوشانی بووە بۆ دەرخستنی واقیع و دەرنەچوون لەڕێچکەکەی، چونکە ئەگەر نوێبوونەوە نەبێتە بەشێک لەڕۆمان، ئەوا لادانە لە بەهاکەی و پێی ناوترێت ڕۆمان و مانەوەی ڕۆمانیش بەندە بەنوێگەریەکەیەوە.

((هەر هونەرێک ڕەنگ و بۆی ســـەردەم و ڕۆژگاری خۆی وەردەگرێت و ڕەوت و ڕێبازی گشـــتی شـارسـتانیەت و کولتوری کۆمەڵایەتی سـەردەمی خۆی بە جۆرێک دەنوێنێ، کە هەڵبەت واقیع و وەزع و حالێن کۆمەڵایەتی وشـــارســـتانی و ئابووری کۆمەڵگا و ڕۆژگار لەیەک پێســـت و دۆخدا نامێنێ و لەکاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پرۆسـەی گۆڕانکاری بەدەرنابێت))(عارف، ٢٠٢١ : ٢٥)، ڕۆمانیش ژانریکە هەمیشــە ئاویتەی گۆڕانکارییەکانە، گومانی تێدا نییە لە ســەدەی بیســتەمدا ڕەنگدانەوەی هەردوو جەنگە جیهانیەکە، لە ڕۆماندا ڕەنگی داوەتەوە، ((ڕۆمان تێڕوانینی نووسەرە لەئاست ژیاندا ، لەئاست ئەم کەونە لۆگۆسەدا ، لەمەڕ ئاین و مردن و ....هید، هەر نووسەرە بۆچوون و گۆشەنیگای خۆی هەیە لەمەڕ زیندەگی و مەرگ، گەردوون و زەمەن، خودا و بڕوا شـــەڕو وئاســـودەیی...هتد.))(ســـەڕاج، ٢٠٠٧ : ٢٦)، ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەمیش زیاتر یاخیبوونە لە کولتور و کەلەپوری ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدەهەم و پەیوەندی بە ڕوئیای بینینی ڕۆماننوسەوەویە بەرامبەر بەڕووداوەکانی ڕۆژگار، ((لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان و دنیا و ژینگە و دەوروبەردا، ڕۆمانی فرەدەنگ، یان فرەدەنگی لەڕۆمانداپەیدا بووە))(سەڕاج، ٢٠٠٧ : ١٤٢)، لێرەشەوە فرەجۆری ڕۆمان لەگەڵ هەمەچەشنی ڕوداوەکاندا، ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

لیکۆڵەران و توێژەران لە ســـەدەی بیســـتەمدا ڕۆمان دابەشـــدەکەن بەســـەر دوو قۆناغی ئەدەبیدا، ئەدەبیاتی مۆدێرن (١٩٠٠-١٩٤٥ز) و (ئەدەبیاتی هاوچەرخ)، کە پۆســـت مۆدێرنی پێدەڵێن، لە قۆناغی یەکەمدا ڕۆمان لەئاســـتێکی هێندە بەرزدایە، کە کارەکتەرەکان لە زمانی ڕۆماننووســـەکانەوە، پرســـیار گەلێکی گرنگ دێننە ئاراوە دەربارەی بوونی یەزدان و زاڵبوون بەســـەر هۆکارەکانی مرۆڤدا، واتە خۆی خزاندۆتە کون و کەلەبەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، ((جیهانی ناو ڕۆمانەکانی نووســـەرانی مۆدێڕنیزم، لە

جیات ڕاکێشــانی واقیعیەتە ئۆبژێکتیڤەکان، باس لە جیهانێکی ترس لێ نیشــتوو دەکەن))(غولامی،٢٠١٥ : ٥٥) ،لە لایەکی تریشــەوە((ســروشــتی حەقیقەت و ڕاســتی، فۆرمی ســەرەکی ڕۆمانەکانە))(کاوانی، ٢٠٢١ : ٥)، لە قۆناغی پۆستمۆدێرنیزمدا ڕۆمان هێمای ناسینەوەی تێدایە،((کە قالّب و کلّیشەکان تێک دەشکێن، چونکە ئەوانە هی دنیا یەکن، لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕاوە))(ســـدیق، ٢٠٢١ : ٢٦)، گۆڕانەکانیش شـــێوە بازدانێکە کەمترین ناوەڕۆکی پێشــووی تێدایە، ((لە تێڕوانینی پۆســتمۆدێرنیزمدا نەمرۆڤ بوونەوەرێکی فیزیکییە و نە دیاردەی کۆمەڵایەتی و کولتوریش هۆکارییە))( سدیق، ٢٠٢١ : ٢٧).

واقیعیەتی ئەم ڕۆمانانە لە جیات ئەوەی کە بەشێک بێ لە پرۆسەی مێژوویی و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان، بووەتە بەشــێک لە ڕوخســـاری دڵتەنگی، کە جیاوازە لە ڕوانگەی واقیعگەرایی و ڕەخنەگرانەی ســـەدەی نۆزدەهەم، واتە ((لە ڕۆمانی مۆدێرنیستیدا واقیعیەت خودی ئەو پێوەندی و خولّق و ئاکارە ناوەکیەیە، کە ڕەوتێکی نەگریس و پێناســـە نەکراوی پێک هێنـاوە و لە خۆیـدا تەنیـا خـاوەن کوالیتیەکی نەگۆڕ و بێزمانە))(سـدیق، ٢٠٢١ : ٢٨))، ســەردەمی پۆســت مۆدێرن، هاوچەرخ، حەقیقەتی ئەفســوناوی و خەیاڵ و ڕۆمـانی هێلّکـاری لەخۆدەگرێـت، وە جەخـت دەکـاتەوە لەســـەر ئەوەی، کە مرۆڤ لە لایەن هێزێکی بەهێزترەوە فرمانڕەوایی دەکرێت و گەردوونیش بە تەنها هۆکارێک شیناکرێتەوە.

ڕۆمانە مۆدێرنەکان زمانێکی گاڵتەئامێزی تێدایە و متمانەی کەمتر بە نەریتەکان و چۆنیەتی باســکردنی کاتەکان لە چیرۆکەکاندا پیشاندەدات، ڕۆمانەکانیش سەرچاوەی گرنگی زانیارین بۆ ئەو سەردەمەی تیایدا نووســراوە، پاشــان بۆســەردەمەکانی دواتر، ((هەرچەندە لەلایەنی مێژووییەوە ڕووداوەکان دۆکیۆمێنت کراون، بەڵام ئەوان گرنگی بە چوارچێوە گشـــتیەکان دەدەن و وردەکاری ڕووداوەکان پشـــت گوێ دەخەن))(ســـدیق، ٢٠٢٠ : ١٣٧)، ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە لە نێوان گێڕانەوەی مێژوویی و ڕۆمـانی مێژووییدا، کە گرنگیەکی تەواو دەدەن بە وردەکاری ڕووداوەکان.

((ڕۆمانە مەزنەکانیش سەرچاوەی گرنگی زانیارین، دەربارەی سەردەمە مێژووییەکان)) (هۆشیار، ٢٠١٧ : ١١٤)، واتە ڕۆمانیش بە پێی کاریگەری لە کۆمەڵگادا قەبارەی زانســـتی و ئەدەبی خۆی وەردەگرێت و دەبێتە بەشێک لە هۆکاری مانەوە و ســەرچاوەی زانیاری لە ســەردەمەکانی دواتردا، ئەمە بەدەر لە کتێبە مێژووییەکـان، کە ڕووداوەکـانیـان تۆمـارکردووە، بەڵام هێنـدەی ڕۆمـان، وردەکـاری نەخســـتۆتە ڕوو، بێلایەنـانەش بریـاری نەداوە؛ لەبەر فراوانی مەوداکـانی ڕۆمـان وەکو ژانرێکی ئەدەبی ((توانیویەتی ببێتە باشـــترین فۆرمی ئەدەبی بۆ بەرجەســـتەکردنی چەند لایەنێک لەژیانی مرۆڤایەتی لە ســـەدەکانی پاش ســەردەمی ڕێنســانس، چونکە ڕۆمان باشـترین جۆرە لەجۆرەکانی ئەدەبی ژیانی مرۆڤ لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بار و دۆخە سنووردارەکانی سەردەم دەردەخات))(گەرمیانی، ٢٠١١ : ٧).

چەمکی ڕۆمان پەیوەستە بە تێپەڕاندنی ڕۆژگار و خۆی نەخستۆتە چوارچێوەیەکی نەگۆڕەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر شۆڕش بزوتنەوە و `قوتابخانەیەکی ئەدەبیدا، ڕووداوەکانی لەخانەی هونەریدا لێکداوەتەوە و بووەتە تاقیگە بۆشرۆڤەکردن، سەرەتا گۆڕانێکی داستان و ڕۆمانس بووە لە قاڵبێکی نوێدا، چێرۆکەکانی پیاهەڵدان و لاسایکردنەوە بووە، بەڵام لەقاڵبێکی سەرەتایی ڕۆماندا لێکدراونەتەوە، پاشان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا قۆناغی ڕێنسانس سەری هەڵدا، گۆڕانکاری بنچینەیی لە سیستەمی فەرمانڕەوای و هونەری و کۆمەڵایەتیدا ڕوویدا، چەمکی ڕۆمان بوو بە چەمکی گۆران لە گشت بوارەکانی پەیوەست پێوەی.

## پاری سێیەم :

## ڕەوتی گەشەسەندنی ئیستاتیکی ڕۆمان :

ڕۆمان لە دوای سەرهەڵدان و بەدیار کەوتنیەوە، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بوویێت هاوشانی گۆڕانکارییەکان بووە، قۆناغی پۆست مۆدێرن تا کۆتاییەکانی چارەکی سەدەی بیستەم لە گەڵ ئایدیا و بۆچوونەکاندا هاتووە، بەڵام لە داوی ئەم بەروارەوە سەردەمێکی نوێ لە ڕۆمان سەرهەڵدەدات، کەسەردەمی تەکنەلۆژیای ئایتی و بەستنەوەی گۆمەڵگاکانە بەیەکترەوە، کەچی تا ئێستا ناوێکی قۆناغەکەی بەبالادا نەبڕاوە، هەرچەندە ڕۆمانەکانی ئەم سەردەمە باوەشی بۆ زۆرێک لە لایەنەکانی ژیان کردۆتەوە و خۆی خزاندۆتە شوێنە ژیارییەکانەوە.

ڕۆمان کاتێک ناسنامەی سەربەخۆیی وەرگرت و بوو بە یەکێک لەژانرە گشتگیر و دەرکەوتووەکانی نێو ئەدەبیاتی جیهان، نزیکەی چوار سەدەیەکە، ئەمەش لەبەرامبەر ژانرەکانی تری ئەدەبدا، مێژوویەکی کورتە، چونکە لە ئێستادا پانتاییەکی فراوانی لە چاو ژانرەکانی تردا داگیر کردووە، ((ئەمە جگە لەوەی ژانرێکی ئەدەبی نوێیە و دەرکەوتنی پەیوەندی بەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە هەیە، بەو پێیەی خاوەنی زۆرترین تواناو گاریگەرییە لە دەربڕین و گوزارشتکردن لە گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی واقیعی ژیانی مرۆڤەکان))(ڕەسول، ٢٠١٣ : ١٣)، گۆڕانکارییە هاوچەرخەکان هۆکارێک بووە بۆ سەرهەڵدان و گەشەی ئەم ژانرە، ئەمەش بوەتە هۆکاری قۆستنەوەی ئەو خەمانەی مرۆڤی پێوە گیرۆدە بووە.

پێشکەوتن و گرنگی ڕۆمان لەم سەردەمەدا پەیوەندی بەو دەریا فراوانەی ناوەرۆکی ڕۆمانەوەیە، لەڕووی بنەما و ڕەگەز و جۆرەکانیەوە.

ئەم ژانرە لەسەرەتادا، وەک هەرژانرێکی تری ئەدەبی شێواز و بنەمای سادەی هەبوو، بەڵام بەتێپەڕینی کات بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە، بنەما و ڕەگەزەکانی زیاتر دەبوون و لێکدانەوەیان بۆ ڕووداوەکان جوانتر دەبوو، پاشان جۆرەکانیشی بەپێی سەردەم کاریگەری لەسەر

لایەنەکانی ژیان پەرەی ســەند، کەئێســتا زیاتر لە(٢٤)جۆری ڕۆمان هەیە و، بەپێی جۆری ڕووداوکان و ململانێی نێوان مرۆڤەکان جۆرەکانیشی پەرەدەستێنێت.

گەشــەکردنی ڕۆمان لەســەردمی ئێســتادا پەیوەندی بەو پێشــکەوتن وگۆڕانکاریانەوە هەیە، کە بەســەر عەقڵیەتی مرۆڤ و شـــارســـتانیەت و جیهانبینی دا هاتووە، لەبەر ئەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤ خەریکە خەیاڵیش تێدەپەڕێنێت، (( ئەم ژانرە بە گەشـەکردنی زیاتری شـار و بایەخدان بەتاکەکەس، برەوی زیاتری پەیداکرد، بۆیە زیاتر گوزارشت لەدۆخ و ژیانی نوێی شار و کۆمەڵگەی شارستانی مرۆڤی نوێ دەکات)) (رەســـوڵ، ٢٠١٣ :٢٥ )، شـــارەکانیش هەمیشـــە لە مێژوودا گۆرەپانی ململانێکان بوون، ململانێکانیش دەرهاویشـــتەی باش و خراپی لێکەوتۆتەوە، ڕووبەڕووی مرۆڤەکان بۆتەوە، ڕۆمانیش بەشـــێکە لەو ئەدەبیاتەی توانیویەتی ڕووداوەکان کۆبکاتەوە و شرۆڤەیان بکات.

(( کاریگەری ڕۆمان لەســـەر کلتووری مرۆڤایەتی لەتێکڕای تێزەکانی (داروین و فرۆید ومارکس) زیاتر بووە))(سدیق، ٢٠٢٠ : ٣٣)، ڕۆمان وابەستەی هیچ ئایدیەک نییە و خۆیشی دانەبڕیوە لە هیچ زانستێک، بۆیە کاریگەرییەکە دوولایەنە، لەســـەریکەوە کاریگەری زانســـتەکانی لەســـەربووە و لە ســـەرێکی تریشـــەوە گاریگەری لە سـەریان هەبووە، فرەیش لە جۆر و ئەو ڕەگەزانەی کە ڕۆمانیان لەسـەربنیاد نراوە، بوار بە تێپەڕینی بێشـــرۆڤەی ڕووداوەکان نادات و لە هەموو وەردەکارییەکانی دەکۆڵێتەوە، کە ئەمەش لەهیچ ژانرێکی تری ئەدەبیدا بەدیناکرێت، ((بێگومان ئەرکی ڕۆمان لەئێســتادا دۆکیۆمێنتکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو ئەرکی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی ڕووداوەکانە، واتە زیندوو کردنەوە و هێنانە پێشـــەوەیەتی، تا لەڕێی شـــێوازێکی گێرانەوەوە بێنە بەر خواس و چـارەکردن، ئەم ڕۆڵە ڕۆمـان لە کـاری تۆمـارکردن دووردەخاتەوە و وای لێدەکات زیاتر بەرکەوتنی هەبێت لەگەڵ ویژدانی مرۆڤایەتی)(سدیق، ٢٠٢٠ : ١٥٠).

ئەمە ئەرکی ڕۆمانە، کە گرنگی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەوڵدان بۆتێرکردنی خواستە مرۆییەکان بخاتە ڕوو، هەر ئەمەشـــە وایکردووە ڕووبەری ڕووداوەکانی تەواوی ڕەهەند و چەمکە مرۆڤایەتییەکان لە هەگبەیدا هەڵبگرێ، (( ڕۆمان وەکو ڕەگەز(ژانر)ێکی ئەدەبی و سیستەمێکی دروستکراوە، هەمیشە کراوەیە بۆشــیکردنەوە، دەشـــێ بە دەریای بچوێنم، هەرچەندە قوڵتر ڕۆبچینە خوارەوە، ئەوندە زیاتر مرواریمان چنگ دەکەوێت و عاجباتیەکانی ژێرەوە دەبینین))(سەڕاج، ٢٠٠٧ : ٧)

ڕۆمان لە گەشـەی مێژوویدا، لەڕوانگەی هۆشـیار بوونەوەی هەسـتی نەتەوایەتی، دەربڕی چارەسـەری کێشەکانیانە، (( لە بەریتانیادا ڕێبەرایەتی لێکۆڵینەوەیەکی تا ڕادەیەک جددی لەبارەی ژیانی خەڵکی گرتۆتە ئەسـتۆی خۆی، هەندێک لە ڕۆماننووسـانی وەک (لارنس دورل) و (ئایرس مرداک) و (سـامۆئیل بینیکت) شـێوازێکی زۆر ئەزموونیانەیان لە ڕۆماننووسـیدا گرتۆتە بەر))(برادەربری، ١٩٧٣ : ٨٤)، واتە بە شـێوازێکی نوێ مامڵە لەگەڵ خەڵک و ڕووداوە کانیدا دەکات، ڕوانینیشـــی جیاوازە لە ژانرەکانی پێش خۆی، ئەم

شێوازە نوێیەش بووەتە هۆی فراوانبوونی لەڕووی هونەری و کۆمەڵایەتییەوە، واتە لەسەردەمی ئێستادا بەشێکە لە چارەسەری کێشە هەنوکەییەکانی، ((لە دنیای ئەمڕۆدا گێڕانەوەی ڕۆمانیانە ئەوەندە بەربڵاوە، کە ئەستەمە مرۆڤی خوێندەواری سەردەم بتوانێت لەدەرەوەی ئەم ژانرەدا وێنا بکرێت)) (زادە،١٥ :٢٠١٥)، لەبەرئەوەی پاش ئەزموون و مێژوویەکی چەند سەدەیی، ئەوەی سەلماندووە، کەوا (( هونەری دژەکاری و گۆڕانکاری بێ تخووب دەگرێتە خۆی و لە هونەرەکانی دیکەوە هەڵدە گۆزێ و هەمیشە جمکانەی داهێنان و ئەفراندنە))(سەڕاج، ٢٠٠٧ : ٥٢)، چونکە ڕووداو و ڕەفتار بنەمای سەرەکی سەردەمەکانن و بونیادی هەمەلایەنەی ژیان بەگشتی لە هەردەقێکدا بە نموونەیی دەخاتە ڕوو، ((لێرەوە ئەندێشەی داهێنەران، نووسەران دەبنە خاڵی جیاکەرەوە، (سوکرات) بەجوانی ڕووداو و کردار بە بنەمای ئەدەبی چیرۆکی و درامی دادەنێت، کەدواتر (هیگل)یش جەغتی لەسەر کردۆتەوە))(التكريتي، ١٩٨٠ : ٢).

ڕۆمان بە هۆی جیاوازی تەکنیکییەوە، ڕۆماننووس دەتوانێت بابەتە ئەدەبییەکانی تری وەک شیعرو دراما و شانۆی تێدا جێبکاتەوە، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆک لەدەست بدات، میران ئەبراهام لەم بارەیەوە پێیوایە: ((لەئێستادا ڕۆمان ژانرەکانی تری قوتداوە، بەو پێیەی ئەگەر سەرنج بدەین لە ناو فەزای ڕۆمانێکدا، دەکرێت نەک هەر تەنها لە ڕووی زمانەوانییەوە ستایلێکی شیعری هەبێت، بەڵکو چەندین شیعر لە خۆبگرێت، کاتێک نووسەرەکان لە ڕابردوودا بیریان لەوە کردەوە، کە ڕۆمان بنووسن، ئەوان هەستیان بەوە کرد بوو کە ئیدی شیعر جێگای ئازار و هەست و نەستی ئەوانی تێدا نابێتەوە))(سدیق، ٢٠٢١ : ١٠٨)، کەواتە ڕۆمان لەچیرۆکە فۆلکلۆرییە سادەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە پەڕیەوە و گەشەی کرد، ((چارەنووسی خەڵکانی کڵۆڵ و داماوە، کە کۆمەڵگا لەخۆی نەدەگرتن، بووە تۆوی داهێنانێکی هونەری بەرز، کە بەدرێژایی سەدەکان لە گەشە کردندابێت))(التكريتي،٢٣٧ :١٩٨٠)، ئەمە ئەوە جیاوازییە بنەڕەتییەیە کە دەکرێت لە نێوان ڕۆمان و ژانرەکانی تردا بەدیبکەین.

بەم جۆرە ڕۆمان بووتە بەشێک لەژیانی ئەدەبی گەلان، بەو پێیەی ژانرەکانی تری ئەدەب توانای لەخۆگرتنی ئەو ڕووداوە یەک لەدوای یەکانەی نییە ،کە وەک زریانێک جیهانی گرتۆتەوە، ملیۆنەها چیرۆک ڕووبەڕووی ژیانی مرۆڤ بۆتەوە، مەگەر لە توانای ڕۆماندا بێت، لە هەناوی خۆیدا کۆیان بکاتەوە، لێرەدا چەمکی ڕۆمان بەپێی گەشە مێژووییەکەی دەردەکەوێت، کەبووەتە کاڵای دڵخوازی خوێنەر، ((زاراوەی ڕۆمان، خۆی لەخۆیدا هەڵگری تازەگەری و ئاوێتەی هونەر و زانستەکانە و جودایە لە گێڕانەوەی حەکایەت ئامێز و (سەدە) بە سەرچووەکان))(سەراج،،٢٠٠٧ : ٥٣).

ڕۆمانی تازەی ئەمڕۆش، ((لەتاوتوێدایە و خەریکە زاراوەی (لەپاش رۆمان)، یان (ئەودیوی رۆمان) و (سەرووی ڕۆمان ) بێتە کایەوە))(سەڕاج، ٢٠٠٧ : ٥٣)، ئایندەشمان لەلایەنی هونەرییەوە، سەردەمی ڕۆمان دەبێت، چونکە ((لە ئەنجامی ئەو گرنگییەی کە هەیەتی، دەکرێت ڕۆمان ببێتە مێژووی ئەوانەی مێژوویان

نادیاره، یان ببیته مێژووی ئەو هەژار و دەربەدەرانەی خەون بەجیهان و ڕۆژگارێکی باشـــتر دەبینن، لەتوانایدایە پەردە لەسەر هەموو دزێوی و ناشیرینەکانی مرۆڤ هەڵماڵێت))(منیف، ١٩٩١ : ٣٤).

ئەو گۆڕانکاریانەی، لە نووســـینی ڕۆمان لەســـەرەتای ئەم ســـەدەیەدا لە جۆرەکانیدا بەخۆیەوە بینی، ڕۆمانی نوێ بەرە و ئاســـۆیەکی گەش دەبات و ناتوانرێت ڕێی لێبگیرێت، چەمکە فراوانەکەی ڕۆمان لەم سەردەمەدا، ((جیهانی ڕۆمان قوڵ و بەرفراوانە و بەگەورەترین ژانر لەژانرەکانی ئەدەب دادەنرێت، چونکە توانای وێناکردنی کەرتێکی گەورەی لەسروشتی کۆمەڵ هەیە، هەروەها ساختمانە هونەرییەکەی شیوازی دەربڕینی شـــیعری و چیرۆکی درامی بەخۆیەوە دەگرێت و وێنەی کۆمەڵی بۆ زیاد دەکات و ویژدانی مرۆڤ و ئارەزووەکانی و چارەنووسی دەردەبڕێت))(عطية،بەبێ ساڵ : ٧).

ڕۆمانی زیندووش بۆتە ناسنامەی ڕۆشنیری گەلانی هاوچەرخ و نیشانەو بەڵگەیەکی نەپچڕاوی نێوەندە ئەدەبییەکـانە، ڕۆمـان بەرە و دوونیـایەکی بڵاوترمـان دەبـات و بەردەوامیش ڕووداوی زینـدوو ســـەرهەڵدەدات؛ مەهام و گرنگی و کاری لەپێشـــینەی ڕۆمان نیشـــاندانی دیوە شـــاراوەکەی ناو ژیانی کۆمەڵگایە، کە مرۆڤەکان لەم ســـەردەمەدا ناتوانن بە ئاســـان درکی پێ بکەن، خودی ڕۆمانیش بە مانای ناسنامە و ناساندنی کەلتوری وڵاتێک دێت، کە لەرێگەیەوە ئاشنا دەبێت بە ژیان و سیاسەت و شێوازی مامەڵکردن و ئاستی ڕۆشنبیریی و دەروونی و کۆمەڵایەتیان.

لەڕاســـتیدا خەیاڵ بەشـــێکی زیندوی داهێنانە، هیچ نووســـەرێکیش دابڕاونییە لە ژینگە و لە دۆخە مرۆڤایەتیە ســـەردەمییەکان یا مێژووییەکان، بۆیە ئێمە وای دەبینین، کە خەیاڵ دوور نییە نە لەمێژوو نە لەواقیعیش، ئەمەش بنەمـای پەرەســـەنـدنەکـانی ڕۆمـانە، کە ڕووبەرەکەی هەموو خەیـاڵەکـانی تیـادا جێدەبێتەوە، لەسـەردەمی ئەمڕۆشـماندا پەیوەندی ڕۆمان بە شـێوازەکانی هونەری دەربڕینەوە پتەو بووە، بووەتە هۆی زیاتر گرنگی پێدانی لەلایەن ڕۆماننووس و سینەماکارانی سەردەم، واتە لەگەڵ سەرهەڵدانی سـینەما و گرنگیدانی زیاتر بەم هونەرە ، گەشـەی واتایی زیاتر بوو، چونکە ((لەدنیای ئەمڕۆدا ئەوەندەی وێنە کاری خۆی دەکاتە ســـەر هەســـت و هۆش و خەیاڵی مرۆڤ، ئەوەندە وشـــە ئەو توانایەی نەماوە، کەبتوانێت هەست و خەیاڵی مرۆڤەکان بجوڵێنێت))(علی، ٢٠٠٢ : ٨٦).

دیارە بابەتی ســـینەما، ڕۆمانە دانســـقە و ناوازەکانە، کە جیهانی وێنە و جوڵاویان زیاتر کردووە، ((بە پەیدا بوونی ســـینەما لە ژیانی ڕۆشـــنبیری کۆمەڵگاکاندا، پێگەی خۆی پتەو کرد، چونکە ســـینەما وەک سەرچاوەیەکی گرنگی تێڕوانین و خەیاڵ و دیدگە و فەنتازیا پشت بە ئەدەب دەبەستێت و جیهانی سینەما تەواوکەری جیهانی ئەدەبە)(علی، ٢٠٠٢: ٨٧)، داهێنەرانی بواری ســـینەماش، زیاتر ئەو ڕۆمانانەیان کردە ســـیناریۆی فیلمەکانیان، کەوا وروژاندن، یا خود ڕووداوی مێژووی مرۆڤایەتین، زیاتریش ئەم کارە ئەدەبیانە پەیوەندیان بەمێژوو ســیاســەت و ئەویندارییەوە هەیە، ((بەتەنها وشــە توانای دەربڕینی هەموو

واتاكانی نییه، سینەماش هۆیەکە، یان دیمەنەکانی سکرینی سینەماش توانای تەواوکردن و گەیاندنی ئەو پەیامەی هەیە، کە لەسەرەتادا ڕۆمانی بۆ نووسراوە))(سەعدوڵا، ٢٠٠٩ : ٨).

هەندێک لە ڕۆمانەکان جێی سەرنجی خوێنەر و سینەماکارەکانن، بەو پێیەی گرنگی باشیان پێدراوە و بنەماکانیان بەشێوەیەکی هونەری بەکارهێناوە و ڕووداوەکانیان گۆڕانکاری لەژیانی مرۆڤایەتیدا کردووە، بۆیە ڕۆمانی هونەری لە ڕابردوویەکی نزیکدا بووەتە سەرچاوەیەکی بە برەوی داهێنانی سینەمایی، ژمارەیەکی زۆری سیناریۆی بەرهەمە سینەماییەکان لە ناوڕۆکی ڕۆمانە مەزنەکان ڕەگی داکوتاوە.

دیارە سینەماش ڕۆڵێکی گەورەی لە گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی ئێستای ڕۆماندا گێراوە، چونکە بووەتە دەرخەری دیوەکەی تری ڕۆمان، کە خەیاڵ و فەنتازیا وهەستە پەنگ خواردووەکانی دەروونی مرۆڤ بەوێنە لەسەر شاشەی زیوین بەرجەستە دەبێت، بەو پێیەی ڕۆمانیش بەشێکی زۆری لەخەیاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ((واتە قوڵترین خەیاڵ دەکرێتە واقیعێکی وێنە و بەچاو دەبینرێت، بەڵام خوێنەری ڕۆمان دەبێت بگەڕێت بەدوای ناواخن و مەبەست وجیهانبینی ڕۆماننووسدا، ئەمە جگە لەوەی زمانی ئەدەب قورستر و سادەترە لەجیهانی سینەما))( سەعدوڵا، ٢٠٠٩ : ٨٧).

هەر لەگۆشەنیگای هونەری سینەماوە، هەندێک پێیان وایە ((لە داهاتوودا بەهۆی باڵگرتنی زیاتری تەکنەلۆژیاوە، وێنەی دیمەنەکان شوێن پێی وشە لەق دەکەن، بەشێوەیەک وەزیفەی چاوی ئەدەبی لەبری وێنەگرتنی وشە ئەندازەییە ڕەشەکان دەگۆڕێت بۆ وێنەی ڕەنگاو ڕەنگی پڕکاریگەری تەکنەلۆجیای ساردوسڕی بێگیان) (سەعدوڵا، ٢٠٠٩ : ١٠).

دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین، کە (( ڕۆمان وێڕای ئەوەی ژانرێکی ئەدەبییە، کاریگەری لەسەر گۆڕینی فکریش هەیە))(میراودەلی، ٢٠٢١ : ٩٧)، بەم پێیە کەسێتی خوێنەری ڕۆمانێک جیاوازە لەپێش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و دوای تەواوکردنی ڕۆمانەکە، گەر ئەم کاریگەرییە نەبینرێت، ئەوا کەلێنێکی فیکری و واتایی لەڕۆمانەکەداهەیە، کە ئەمەش دووری دەخاتەوە لەژانری ڕۆمان، زۆر جاریش دەکرێت خوێنەر توانای وەرگرتنی ناواخنە خەیاڵی و ئامانجەکانی ڕۆمانێکی نەبێت، کە ئەمەش دووفاقە و ڕاستەوخۆ خوێنەر و ماهییەتی خوێندنەوە دیاریدەکات.

## پاری چوارەم :

## سیما جیاکەرەوەکانی ڕۆمانی هونەری :

ڕۆمان بە هەموو جۆرەکانیەوە ژانرێکی هونەرییە، بەو پێیەی لە هەر ڕۆمانێکدا بنەما هونەرییەکان دەورێکی باڵا دەبینن و گرنگی نەدان بەهەر بنەمایەک، کەلێنێکی واتایی درووست دەکات.

((ڕۆمان پێش ئەوەی باسی هەربابەتێک بکات، ژانرێکی ئەدەبییە بۆیە لێرەوە شوێن دەلالاتەکانی ڕەنگدانەوەی وەردەگرێ و لایەنی ئەدەبی و فەنتازیا و ئیستاتیکا گرنگن، دەشێ دوو ڕۆماننووس باسی

یەک بابەت بکەن، بەڵام ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە لایەنە هونەرییەکەیە))(میراودەلی، ٢٠١٢ : ٩٧)، یان دەتوانین بڵێین دەشێ بابەتێک ببێتە خاڵی هاوبەشی نێوان دوو ڕۆماننووس، بەڵام ئەوەی لەیەکتریان جیادەکاتەوە، لایەنە هونەرییەکەیانە، کەواتە لایەنی هونەری بنەمای سەرەکی و خاڵی جیاکاری بۆچوونەکانە.

ڕۆمانی هونەری جیاواز لەڕۆمانێکی ئاسـایی ڕۆماننووس بەشـێوازێکی تۆکمە بنەماکان بەکاردەهێنێت، کە بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە هەسـت بە لایەنە جیاوازەکان دەکرێت و ڕەنگدانەوەی لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا، هونەرییەت بەرهەم دەهێنێت، لە ڕێگەی ڕاوکردنی خوێنەریشـەوە، ڕۆماننووس دەتوانێت ڕۆمانێکی هونەری پێشـکەش بکات، ئەمەش پەیوەندی بە زۆر لایەنی ڕۆماننووسـەوەیە، کە ڕووداوەکان بە شێوەیەک دەخاتە ڕوو، ڕۆحی خوێنەرەکانی ئاوێتەی ڕۆمانەکەی دەکات.

((ڕۆمان ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانە، نووسـەری داهێنەریش ئیلهامی داهێنانی هونەری لەژیان وەردەگرێت و بەشـێوازی تایبەتی خۆی ئەو ئیلهامە دەردەبڕێت، بەپشـت بەسـتن بە بنەما تایبەتی و بنچینەییەکانی چیرۆک کە کات وشـوێن وکەسـایەتیەکان و...هتد))(عەبدول ڕەحمان، ٢٠١٠ : ١٠٤)، ژیانی مرۆڤیش پڕ لە ڕووداو و کاری هەمە جۆرە، پێدەچێت کارێک یان ڕوداوێک لەوی تر جوانتر و چێژ بەخشـتر بێت، کە مرۆڤ پێی سەرسام دەبێت و بەکارێکی هونەری دەناسرێت، واتە هونەری بوون پەیوەستە بەوجیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان شـتەکاندا دەبینرێت، ئەمەش سـەبارەت بە ڕۆمان، ئەو جیاوازییەیە، کە لە نێوان ڕۆمانی هونەری و ڕۆمانێکی ئاسـاییدا بوونی هەیە، هونەریش لە قۆناغی باڵادا چێژە ئیستاتیکییەکانە، کە هەمووشتێک لەو پەڕی جوانیدا هەست پێدەکەیت، ((پەیوەندییە ئیستاتیکییەکان لەڕۆماندا زۆر دەرونییە و وابەستەی هیچ ڕێسایەکی وشک و دیاریکراو نییە))(ئۆغلۆ، ٢٠١٣ : ٣٥)، ئیستاتیکاش ڕێژەییە لە کەسیکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، دەشێت ئەوەی لە هزری خوینەرێکەوە جوان بیت بە لام لە هزری خوێنەرێکی تردا جیاواز بێت.

(تۆڵستۆی) گەورە نووسەری ڕووسی ((نووسیویەتی و تێیدا واقیعی پەرژاویەتییە سەر دژایەتیکردنی ئەو ڕوانگە هزری و جوانیناسـانەی، کە پێناسـەی هونەریان بەچەمکی وەکو چاکە و ڕاسـتی و جوانییەوە گرێ دەدا، بە تایبەت پێداگری لەسـەر ئەوە دەکرد، کە هونەر بە (جوانی)یەوە نەبەسـترێتەوە))(ئەحمەد، ٢٠٢١: internet)، واتە مەرج نییە هونەری بوون تەنها لە چوارچیوەیەکدا بیبەستینەوە بە جوانییەوە، چونکە ژیان پڕ لەڕووداوی جۆرا و جۆرە، بەهەموویانەوە تەکنیکێکی هونەریانەی دەوێت بۆ بەرچاوی خوێنەر، ڕۆمانە هونەرییەکان (( بە گوێرەی هێز و بەردەوامیی کاریگەرییە ئیسـتێتیکییەکەیان دەنرخێنرێن، واتا چۆنێتیی نزم یان بەرزیان پێدەدرێت، ئەوە جوانی و ڕەسـەنێتیی و یەک جارەکییە، کە دیاریکەری تەمەنی هونەرەکانە، بە پێچەوانەوە ناوەرۆک گەلی کۆکراوە و بەپاڵ یەکەوە دانراو، کارێکە بێگومان ئاماژە بۆ خواستی خۆدەبڕیین دەدات))(جلال، ٢٠١٨ : internet).

بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسـایی ڕۆژانەی خەڵک ڕێچکەیەکە ڕۆمانی هونەری بەرهەم دەهێنێت، ((لە فۆرمی ڕۆمانی هونەریدا، جیاواز لەوەی کەڕووداوەکان چۆن ڕوویانداوە، ڕووداوە مێژووییەکان دێنەوە ناو زمان و زمانیش وەکو کەرەسـتە بۆخوڵقاندنی فەزای ناو ڕۆمانێک بەکاریان دێنێت و ڕۆحیەتی سەردەمیان پێ دەبەخشێت))(سدیق، ٢٠٢١ : ١١٣)، واتە یاریکردن بەزمان و بە کاربردنی هونەریانەی زمان لە ڕۆماندا دەبێت بە شـێوەیەک بێت، کە ڕێنوێنی خوێنەر بکات بۆ تێگەیشتن بە لایەنە هەرە گرینگ و ڕاز و ئامێرەکانی ڕووداوی ئەسڵی چیرۆکەکە.

لێرەدا دەگەینە ڕاسـتییەک، ئەوەی ڕۆمانی هونەری بەرهەم دەهێنێت ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی ڕۆماننووسـە، پاشـان ئەو وردەکاریانەی لەخودی بنەماهونەریەکاندا دەیکات و دەچێتە قوڵایی بونیادیان، بەمەش بنەما هونەرییەکان ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان جێ بەجێ دەکەن.

هەمیشـە تەکنیک بەشـێکی گەورەیە لە بەرهەمهێنانی ڕۆماندا و دەقی زیندووش پەیوەسـتە بە تەکنیکی تازە و بەهێز و کاریگەرەوە، بۆیە هەر دەقێک وەستایانە مامڵە لە گەڵ داڕشتندا نەکات، ناتوانێت خوێنەری جیدی بۆ خۆی پەیدا بکات.

((لە هەموو ڕۆمانێکدا جۆرە سـنوور و کەوشـەن و چوارچیوەیەک هەیە، کە بەشـەکانی بە جۆرێکی هونەری ئەوتۆ پێکەوە گرێبدات، کە قابیلی تێگەیشـتن بێت و بشـێت ناوی لێبنرێت ڕۆمان))(عارف، ٢٠٢١: ١٣٢)، هەر ڕۆمانێکیش کەمترین پچڕان لەخۆ بگرێت، دەگاتە ئەو پەڕی هونەرییەت، بە پیچەوانەشـەوە، پچڕان، دەق لەجوانی و هونەرییەت دوور دەخاتەوە، ((مۆرکی سـەرەکیی کاری هونەری، لە بەراورد بە بابەتە گرنگەکانی ژیان، ئەوەیە کە دەبێت جوان بێت، جوانیش ئەوەیە کە مرۆڤ سـەرسـام دەکات، کەواتە ئەو کارە ڕۆژانەییە نییە، یان جیاوازە لە شتە ئاساییەکانی ژیان))(جەلال، ٢٠٠٨ : ٥٥).

بنەما هونەرییەکان لەژیانی ئاسـایی کەسـەکاندا بوونی هەیە، واتە هەموو مرۆڤێک لە ژیانی ئاسـایی خۆیدا بنەما هونەرییەکان بۆ گفتوگۆ و بەریەک کەوتن بەکاردەهێنێت، بەڵام ناگاتە باری تێگەشـتن لێیان، بەڵام ئەوەی ڕۆماننوسێک پەنای بۆ دەبات لە نووسینی ڕۆمانی هونەریدا، وردەکاری بنەما هونەرییەکانە و دەرچوونە لە ژیانی ئاسـایی و بینینی ژیانە لەبارێکی تردا، چونکە کاری بنەما هونەرییەکان لە ڕۆمانی هونەریدا دەچێتە خانەی شیکاری و نووسینی هەر پەیڤێک مەبەست و دەلالاتی خۆی دەگەیەنێت.

سـروشـت بە هەموو پێکهاتەکانیانیەوە، بوونی سـەلمندراووە، واتە لە بەرامبەر هەر پێکاتەیەکدا، ئەرکێک خۆی قوت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی جوانییەکانی سـروشـت بەردەوام بن و نەشـێوین، بۆنموونە: باران لە سـروشـتدا ئەرکی ئاودێری زەوییە تا بەردەوامی بدات بەشـینایی، بەڵام کاتێک درەنگ دەکەوێت ئاکاری پەردەوازەیی و بێهیوایی لێدەکەوێتەوە؛ بەهەمان شـێوەش ڕەگەز و بنەما هونەرییەکان، هەر یەکەیان ڕۆڵی خۆیان لە ناوەڕۆکی ڕۆماندا دەبینن و لەچوارچێوەیەکدا سـنوریان بۆ دیاریکراوە، ئەوەش کاری

ڕۆماننووســە دەبێت وەک کەرەســتەی دروســتکردنی ئاپارتمانێک بنەما هونەریەکان لە نووســینی ڕۆماندا بەکاربهێنێت.

((بۆئەوەی خوێنەر هەر بەشێکی ڕۆمانەکە بە ئارەزووی خۆی لەدەرەوەی دەقەکە ڕاڤەو شرۆڤەنەکات، نووســـەر لەســـەریەتی هەر هەموو بەشـــەکانی دەقەکە لەچوارچێوی یەکەیەکی یەکپارچەیی یەکگرتوودا هونەرییانە مۆنتاژ بکات و وەستایانە بیانداتە دەم یەکەوە، بەجۆرێک لەبۆتەی دەقەکەدا قاڵیان بکاتەوە، کە هیچ بەشێکیان لەسەربوونی بەشێکی دیان زەق نەبێتەوە و خۆیی بوونی خۆی وەرنەگرێت.)(عارف، ٢٠٢١ : ١٣٢).

فانتازیا ڕۆڵی گرنگ لە بەرهەمهێنانی ڕۆمانی هونەریدا دەگێڕێت، چونکە (( لایەنی بەرزە خەیاڵی و نائاسایی و ناواقیعی دەگرێتە خۆ، بۆئەو مەبەستە ڕۆماننووسان پەنای وەبەر دەبەن، کەزیاتر هونەریەت بە دەقە کانیان دەبەخشـێت و جوانییەکی هونەرییانەی گەشـکە بەخشـی پێ بدات و یەکپاچەیی وشـکۆی دەق بەرجەستەتردەکات))(عارف، ٢٠٢١ : ١٣٣).

خەیاڵیش بنەمایەکی گرنگی ڕۆمانە، بەتایبەت لەڕۆمانی هونەریدا دەبێت ســـــەراپای ڕۆمان داگیربکات، چونکە هونەر لە خەیاڵ دەچۆڕێت.

لە ڕوداوی واقیعیدا لادانی هونەری تێدەکەوێت، زۆربەی جار ناتوانرێت ئیســـــتاتیکا ببەخشـــــرێتە ڕووداوەکە، چونکە هەڵناگرێت و لەڕێڕە و لادەدا، هەر بۆیە ڕۆمانە خەیاڵییەکان کاریگەری لەسەر خوێنەر جێدەهێڵن و بوونەتە خولیاو ئارەزوی ئەوان.

خەیاڵ وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی ڕۆمان، دەورێکی باڵای هەیە لە ڕۆمانی هونەریدا، چونکە ((مەزنترین مولکی مرۆڤ خەیـاڵییەتی، خەیـاڵیش لە یەکێـک لە لوتکەکـانیـدا ڕۆمـانمـان پێشـــکەش دەکات))(ســـــەعدولا، ٢٠٠٩ : ٨)، ئەمە بۆ هەموو جۆرەکانی ڕۆمان ڕاســـتە، لەبەرئەوی هێندەی ڕووداوی ڕاســـــتەقینە کاریگەری لە خولقاندنی ڕۆمانێک دەکات، هێندە زیاتریش خەیاڵ ئەو کارەدەکات، چونکە ((لە واقیع بووندا نووسەر ناچارە، زۆرشتی هونەری لە دەست بدات))(لەتیف، ٢٠١٢ ": ١٣٧)، لەبەرئەوەی واقیعی ڕووداوەکان هەندێک جار وەک ئەوەی هەیە ناتوانرێت زیاد و کەم بکرێت، چونکە بوونی ڕووداوەکە لەکەدار دەکـات لای خوێنەر، بە پێچەوانەوە ڕووداوە خەیـاڵییەکـان، ڕۆمـاننووس ئـازادە لە وەســـــفی بێسنووری ڕووداوەکە، لەبەر ئەوەی زادەی خەیاڵییەتی، چۆنی بوێت ئاوها دەیناسێنێت.

ئەوی تایبەتمەندییەکی هونەری دەدات بە ڕۆمانێک چێژ بەخشـــــینە،((گەرانی ڕۆماننووس بەدوای چێژی خوێنەردا، لە ڕێگەی چێژی تایبەتی خۆیەوە بابەتی وروژێنەر و هەســــتیار هەڵدەبژێرێت و پڕ لە هونەری تەکنیکی نووســـــین پێشـــکەش بەخوێنەری خۆی دەکات))(مســـتەفا، ٢٠٠٩ : ٢٩ )، کاتێ چێژ لە بەرهەمێکی هونەری وەردەگرین، هەســـتەکانمان دەجوولێنێت و تووشـــی هەڵچوونێکی ئیســـتاتیکی

دەبین، جووینەوەی ڕووداوی چەند بارە، هەڵچوونی ســـتاتیکی لێ بەرهەم نایەت، چونکە چێژی ئیســـتاتیکی ڕووداوی نوێ درووســـتی دەکات، چێژەکەش لە ڕێگای ئەوەی کە ڕۆماننووســـەکە ناوەڕۆکێکی تازە دەداتە بەرهەمەکە، یاخود نوســـەر چنینێکی زمانی تازە بۆ نووســـینی دەقەکەی دەکات، کە دەلالەت لە شتی نوێ دەکات.

ڕەسەنایەتی ڕۆمانیش پەیوەندییەکی پتەوی بە بنەماکانی ڕۆمانی هونەرییەوە هەیە، ((ڕەسەنایەتی ڕۆمانیش، پەیوەستە بەوەی ڕۆماننووس هەمیشە لە یاخبووندابێت، دووربێت لەکۆت و بەندی باوی کۆمەڵ و دەســـەڵاتی ســـیاســـی))(وێل،١٩٦٦ : ١٩١)، ڕەســـەنایەتی مۆرکێکە پاریزگاری لە ڕەهەندی بۆچوون دەکات بەرامبەر بە بوونیادی شتەکان، پێدانی بەهایە لە قاڵبی خۆیدا.

ڕۆماننووس بۆ کۆمەڵگا دەنووســـێت، بەڵام بەدیدێکی خەیاڵی بۆ چارەســـەرکردنی واقیعیانەی ڕووداوەکان، (بێرنارد وێل) پێداگرە لەوەی ((خراپترین جۆری ڕۆمان ئەوەیە هاوتەریب بێت لەگەڵ بەرژەوەندی دەســـەلاتی ســـیاســـی))(وێل، ١٩٦٦ : ١٩١)، کەبەهەردوو بارەکەدا لەڕۆمان ولەڕۆمانی هونەریشی دوور دەخاتەوە.

بۆچوونەکەی هاســـکل بلوکیش لە وەدا خۆی دەبینێتەوە، ڕۆمان کاتێک بەرزو بڵند دەبێت، کە بتوانێت وێنای ژیانی ناوەوەی مرۆڤ بکات، نەک ڕووکاری دەرەوی ژیان، پوختەیی و بەهێزی ڕۆمان پەیوەستە بە ئاستی وێناکردنی گونجان و دژایەتی نێوان ئەم دوو دیوەی ژیان.

ڕۆمانەکانی ئەم ســەردەمە زیاتر ناوەڕۆکێکی فەلســەفیان وەرگرتووە، دیوە ئاشــکراکەی مرۆڤ و ژیانیان تێپەڕاندووە، بۆیە خوێندنەوەی ڕۆمان لە ئێستادا باکگراوندێکی ڕۆشنبیری گشتی پێویستە و ڕۆماننووسیش خوێنەر دەهێنێتە نێو چارەسەری ئەو کێشانەی کە خۆی درکی پێکردوون، چونکە خوێنەر خۆی بەشــێکە لەو هاوکێشــەیەی کە دەبێت پێکەوە هاوســەنگی بکەن، لێرەدا هونەریبوونی ڕۆمان وردەکاری ڕۆچوونە بەدیوە نەزانراوەکەی ژیاندا، کە ڕۆماننووس پەی پێدەبات، ژیانی ناوەوەش تەوەری ســـەرەکییە لای ڕۆماننووس و ئەرکیەتی ڕووداوی مەزنی میژوویی دەربخات، نەک ڕووداوی بچووک و لاوەکی بکاتە جێی گرنگی و بایەخی خوێنەر.

هەموو ژانرە ئەدەبییەکان، تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە، لەڕووی دەربڕین لەشــێوە و ناوەڕۆکدا، گەر بەکەمترین جیاوازیش بێت، چونکە هەر ژانرێک مەبەســـت و بۆچوونێک دەخاتە ڕوو، بەو پێیەی کات و شوێن چۆنیەتی سەرهەڵدانیشیان جیاوازە؛ لە ژانری ڕۆمانیشدا (هونەری) جیاوازە لەشێوە ئاساییەکەی، شــێوازی هونەری پەنا بردنە بۆ ئیســـتاتیکا و چێژ و فانتازیا و چنینی وشـــە، شــێوازی (ئاســـایی)ش بەدەرنییە لە لایەنی هونەری، چونکە نووســـینی هەمووکارێکی ئەدەبی ماندووبوونە لە پێناو دەرخســـتنی ڕاســـتییەکی شـــاراوە، ئەو ماندوو بوونەش هونەری ڕێکخســـتنی وشـــەســـازیی و ڕســـتەســـازییە،

کەدەربڕینەکەی لەســـەر وەســـتاوە، ((هونەریش لە فراوانترین واتادا چالاکییەکی مرۆڤە کە بەرهەمێک دەخاتەوە، ئەم چالاکییە هونەرییە بە کوردی ناو دەنرێت "وەســـتایەتی". ئێمە هەروەها دەتوانین لە نووسینەکانی پلاتۆن و ئەرپستۆتالیسدا دیدی گریکەکان بۆ هونەر بخوێنینەوە)) (جلال، ۲۰۱۸: internet ).

تۆلســتۆش دەربارەی هونەرییەتی ئەدەب بەگشــتی و ڕۆمان بەتایبەتی گوتویەتی :((دەبێت تەنیا ئەو دەم بنووســـین، کاتێک هەرجارێک خامە دەخەیتە مەرەکەبدانەوە، پارچەیەک لەخۆتی تێدا جێبهێڵیت، واتە ئەو دەمەی بەقوڵی هەستی ڕاستەقینەی دەبێت، گەر ڕۆماننووسێکیش ئامۆژگارییەکانی تۆڵستۆی لەبیر کرد ورۆمانێکی نووسی، بێ ئەوەی هەست بکات پێویستیەکی ڕۆحییە بۆی و دەیتوانی نەینووسێت، ئەولایەنە هونەریەکەی لەدەست دەدات و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت)) (هۆشیار، ۲۰۱۷ : ۱۸۹).

لەبەر ڕۆشـــنایی دیدی توێژەران و لێکۆڵەران، دەتوانین ناوڕۆکی ڕۆمانی هونەری لە چەند خاڵێدا بخەینەڕوو:

١-ڕۆمانە هونەرییەکان سنوورەکانی چەشنی ئەدەبی تێک دەشکێنن، بە خوێنەر مەودا ئەدەن، کە هاوکات هەم فەرهەنگێک بچێژێت و هەم بیخاتە ژێر پرســیارەوە بۆنموونە :(ڕۆمانی ســەفەر بۆناخی شـــەو لەچیرۆکی پیکارسک سەرچاوە دەگرێت، بەڵام نوێ بوونی خۆی لەئاست ئەو چەشنە دەسەلمێنێت، واتە هونەریانەتر لە چیرۆکەکانی پیکارسک نووسراون.

٢- لەڕۆمانی نوێدا جۆرێک ڕۆڵ بینین دەدەنە خوێنەر، تا زنجیرەیەک لێکدانەوە و تەفســیری جیاواز بۆ بابەتەکە لە خۆبگرێت، واتە بەخوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی هونەری دەبێت ســەرنجت بۆلای کێشــە کۆمەڵایەتیەکانی ســەردەمەکە ڕابکێشـێت، بەم جۆرە بەیارمەتی خوێندنەوە و لایەنی دەروون ناســانە و لایەنی کۆمەڵایەتی ڕۆمان پەیوەندییەکانی خۆیان بەشێوەیەکی نوێ دەردەبڕن.

٣- ڕۆمانی هونەری بەشــێوەیەکی خەیاڵی، هەندێک بارودۆخی چاوەڕوان نەکراو دەخوڵقێنێت، کە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی خوێنەر، بەوەی شــێوازێکی ئامۆژگاری و جۆرێک فێرکارییە، ئاشـــنا دەبێت بەخۆی بڵێت، کەدەبێ هێندێک ڕێگە هەڵبژێرێ و لەهێندێکی کەش خۆی لادا (ژووپ، ۲۰۲۰: ۲۹۱)، فێرکاری بەشــێکە لەڕەهەندی بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە ئەنجامی تێگەیشــتن لە گەیاندنی شــێوازە هونەرییەکەدایە.

٤- هەر گێڕانەوەیەک، ڕووداو و بەسەرهات یان کۆمەڵێک ڕووداو و بەسەرهاتی تەوەرەیی و هەستیار و سەرنج وروژێنی تیا نەبێت، ناچێتە خانەی گێڕانەوەی ڕۆمانی هونەرییەوە، چەند خاتری بگریت دەتوانیت بڵێی کۆمەڵە حیکایەتیکی ناچیرۆکڤانییە(عارف، ۲۰۲۱ : ۱۳۹).

## بەشی دووەم

# ڕەنگدانەوەی ڕەگەزەکانی بونیادی هونەری لە ڕۆمانی دەغدودا

١/٢ ڕووداو

٢/٢ کات

٣/٢ شوێن

٤/٢ کاراکتەر

٥/٢ گێڕانەوە

## بەشی دووەم:

### ڕەنگدانەوەی ڕەگەزەکانی بونیادی هونەری لە ڕۆمانی (دەغدو)دا

ڕۆمان لەکۆمەڵێک ڕەگەزی هونەری پێکهاتووە، هەر ڕەگەزێک ئەرکێکی هونەری لەڕۆماندا دەبینێت، کۆدەنگیەکی یاسایی ئەدەبیشە لەنێوان ڕۆماننووسان و تویژەران و ڕەخنەگرانی ژانری ڕۆماندا، واتە لە چوارچێوەیەکی سنووردراردا دەتوانرێت واتا ببەخشنە ڕۆمان و بەپێی یاسایەک لەڕۆماندا ڕۆڵ ببینن، لەئەنجامدا ڕۆمان وەکو دەقێکی زیندووی هونەری دێننە بوون، واتە هەریەک لەم ڕەگەزانە ڕۆڵیان لەبەرهەمهێنانی ڕۆماندا دەبینرێت، کارێکە نووسەر سەلیقەی هونەری تێدا بەگەڕدەخات و ئاشنایی ڕۆماننووس لەبەرامبەریاندا، دەبێتە داینەمۆی بزواندنی ڕەگەزەکان و هەوێنی لەدایک بوونی ڕۆمانێکی زیندوو.

لەسەرەتای سەرهەڵدانی ژانری ڕۆماندا بنەما هونەرییەکان لەسەربنەمای سێ یەکێتییەکەی شیعر بنیات نرابوون، کە ئەرستۆ لەکتێبی(هونەری شیعر) دا، یەکێتی( کات، شوێن، بابەت) باسی کردووە، بەڵام دواتر بەهۆی پەلهاویشتنی ڕۆمان لە ناوڕۆکیدا، کۆمەڵیک پێکهاتەی هونەری تر هاتنە مەیدانی بەرهەمهێنانی ڕۆمانەوە، کەلە ئێستادا زیاتر لە (١٥) بنەمای هونەری ڕۆڵ لە بەرهەمهێنانی ڕۆماندا دەبینن و بوونەتە کۆڵەکەیەک و ڕۆمانی هونەرییان لەسەر وەستاوە؛ گرنگی پێکهاتە هونەرییەکانیش لە ڕۆماندا بوونەتە پێویستیەک و ڕۆماننووس ناتوانێت بێ ئەم بنەمایانە ڕۆمانێکی هونەری بەرهەم بێنێت.

هەریەک لەمانەش لایەنێکی ڕۆمانەکە هەڵدەسەنگێنن و لەهەمان کاتیشدا جۆرێک لە پەیوەندی توند و تۆڵ لەنێوانیاندایە، کە ناتوانرێت لێک جودابکرێنەوە، بەڵام ڕۆماننووس دەتوانێت لەڕووی ئەرکەوە بنەمایەک لەبنەمایەکی یان ڕەگەزێک لەڕەگەزێکی تر زیاتر گرنگی پێبدات، بەڵام هەرگیز ناکرێت لایەنێکیان وەلا بنرێت لە سەر لاوازکردنی لایەنێکیتر.

گەر لە گۆشەیەکی تریشەوە سەرنج لە پێکهاتە هونەرییەکان بدەین، دەبینین، چۆن کۆرپەلەیەک بە ئەندامەکانی لەشییەوە لەدایک دەبێت، بەهەمان شێوەش هەندێک لەپێکهاتەکان لەگەڵ ڕۆماندا لەدایک بوون و پەیوەستن پێوەی، ڕەگەزی(کات، شوێن، کاراکتەر، ڕووداو، گێڕانەوە)، ڕۆمان بێ ئەم ڕەگەزانە جەستەیەکی بێ گیانە و لەقاڵبی ژانری ڕۆمان دوور دەکەویتەوە؛ بەڵام هەندێک بنەمای تر پەیوەندی بە تەکنیک و توانای ڕۆماننووسەوەیە، کە چۆن لەناو ڕۆماندا بەرجەستەی دەکات و ڕۆمانێکی پێ بەرهەمدێنێ، بۆ نموونە: فەنتازیا لە ئەدەبیاتی کۆنی یۆنان و گریک دا لەشیعرو داستاندا بەکار هاتووە، لەلایەکەوە ئیستاتیکایەکی دەبەخشییە بەرهەمەکانیان ولەلایەکی تریشەوە هەمئاهەنگی بنەماکانی تر بووە، کاتێکیش ڕۆمان سەری هەڵدا بووە بنەمایەک و کەلێنە واتاییەکانی پڕکردەوە، لەئێستای ڕۆمانیشدا

بووەتە بابەتێکی گرنگ و ڕۆماننووس دەیکاتە سەنگی قورسایی ڕۆمانەکەی، تا خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا پەیوەست بکات بەناوڕۆکی ڕۆمانەکەوە.

گەشەکردنی ناوەڕۆکی ڕۆمان لەئێستادا پەیوەندی بە زۆری ئەو پێکهاتانەوەیە، کە ڕۆڵ لە بەرهەمهێنانیدا دەبینن، چونکە هەر بنەمایەک گۆشەنیگای پەیوەست بوون بە ڕۆمانەکەوە ڕۆشندەکاتەوە و هێندە وردەکارییەکانی لێکدەدرێتەوە، گومان و کەلێنەکان تێدەپەڕێنێت، ڕەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمانیش بریتین لە:

### ۱/۲ ڕووداو:

ڕووداو ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە و دەبێتە ئێسکەپەیکەر و ڕەگەزەکانی تری وەک :( کات ، شوێن، کاراکتەر، گێڕانەوە) پێکەوە کۆدەکاتەوە، هەریەکەیان لەئەرکی خۆیەوە، ڕووداوکە هەڵدەسەنگێنن و ناووەڕۆکێکی هونەری پێدەبەخشن، کە لەواتادا خۆی دەبینێتەوە.

((ڕووداو توخمێکی سەرەکی بونیادی ڕۆمانە و یەکێکە لەو توخمانەی کە لە پاڵ (کارەکتەر، کات، شوێن) دا، توخمە هونەرییەکانی ڕۆمان پێکدەهێنێت، توخمەکان هەر یەکێکیان بە پێی پێویستی بەشداری لە بونیادی هونەری دەقی ڕۆماندا دەکەن))(شێخانی، ۲۰۱۳، :۳۳)، واتە بوونی ڕووداو بەستراوەتەوە بەڕەگەزەکانی ترەوە بۆدەرخستنی وردەکاری ڕووداوەکە، بەڵام ئامادەیی و بەردەوامی توخمی ڕووداو، لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دیاردەیەکی هەستپێکراو و تێبینیکراوە، ((بەم پێیەش ڕووداو ( کردارێکە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی) هەیە، لە ڕووی ئۆرگانییەوە بە توندی بەیەکەوە بەستراون، بەشێوەیەک بە لابردنی یان گواستنەوەی هەر بەشێکی ئەم پێکهاتەیە، تەواوی دەقەکە دەشێوێنێت))(شێخانی، ۲۰۱۳ : ۳۳)).

ڕەخنەگران و توێژەرانی بواری چیرۆک و ڕۆمان، دەربارەی چەمکی ڕووداو لەڕۆماندا، بۆچوونەکانیان خستۆتەڕوو، ((ڕووداو بریتییە لەو زنجیرە گۆڕانەی کە بەسەر ڕەوشتی کەسەکاندا دێت لە پێوەندیی و کارلێکردنیان لەگەڵ ئەو شتانەی دێن و دەچن))(ڕسول، ۱۹۸۹، ۱۵۱))، واتە کردەیەکە کاراکتەرەکان پێی هەڵدەستن، هەڵسوکەوتەکانیانی تێدا دەردەکەویت و کەسێتی دەخوڵقینن، ((ڕۆمان پێک هاتووە لەڕووداوی یەک لەدوای یەکی بە نەخشە و بەرنامە، کە لەجەرگەی پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکدا جێگیر بووە))(مستەفا ،۲۰۰۸ : ۱۲٦)، ڕووداوەکانیش لەژیانی ڕۆژانەدا بەیەک شێوەی چوون یەک ڕوونادەن، ((ئەوەی ئێمە بەیەک ڕوداوی دیاریکراوی دەزانین، لەبنەڕەتدا کۆمەڵێک وردە ڕووداوی لێکدابڕاون و پەیوەندییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە، ئێمە دێین لەزەینی خۆماندا ئەم وردە ڕووداوانە مۆنتاژ دەکەین و هەندێ ناسنامەی یەک ڕووداوی دیاریکراوی دەدەینێ.))(عارف، ۲۰۲۱ : ۱۳۲)، لێرەدا هونەرییەتی ڕۆماننووسین دەردەکەوێت، کە ئەو ڕووداوانە لەکات و شوێنی جیاوازدا ڕوویان داوە، لەڕێگەی گرێچنەوە دەخرێنە پاڵ یەک.

ڕووداو ڕۆڵێکی کارای هەیە لە پرۆســـەی گێڕانەوەدا، هەروا شـــتێکی ئاســـان و ســـەرپێی نییە، ((بە بێ بوونی ڕووداو ڕۆمان مانایەکی ئەوتۆی نامێنێت، ڕووداو بە بڕبڕەی پشـــتی ڕۆمان دادەنرێت جا ئەو ڕووداوانـە ڕووداوێکی واقیعی بێ یـان تێکـەڵکردنی خـەیاڵ و واقیع بێت))(شـــێخانی، ٢٠١٣ : ٣٤)، لەهەر گۆشەیەکەوە سەیری ڕۆمان بکەین ناتوانین ڕووداوی لێ جیابکەینەوە، چونکە ڕۆمان بەبێ ڕووداو وەک جەســـتەیەکی بێ گیان دێتە بەر چاو، لە ڕاســـتیدا ڕۆمان خۆی لە خۆیدا پێشـــاندان و پەخشـــکردن و خســـتنەڕوو و باســـکردن و وێنەگرتنی ڕووداوێکە، کەواتە لایەنێکی هەرە گرنگی ڕووداو ئەوەیە کە لە هەموو دەقێکی ڕۆماندا ئامادەیی هەیە.

**ڕووداو لەڕۆمانی دەغدودا:**

ڕووداوی زینـدوو ڕەگی لەڕابردوودایە، چونکە ڕووداو پەیوەســـتە بە کۆتـاییەوە، ڕووداوێک هەیەو کۆتایی هاتووە، ڕۆمان بێ ئەم ڕاستیە وێنا کردنە، وێناکردنیش لەگەڵ گرنگیدا تەنها ڕووداو پێک ناهێنێت، ئەگەر بنەما و ڕەگی لە ڕابردوودا نەبێت، ئەمە کرۆکی ڕووداوە، کە لە دەغدودا بەتەواوی ئەم ڕاســـتییە خۆی دەردەخات.

ڕووداو لەم ڕۆمانەدا کۆڵەکەیەکی ســـەرەکییە و پەرەســـەندن و جموجوڵی بە ڕۆمانەکە بەخشـــیووە، کارکتەرەکانی لە کات و شـوێنی تایبەتدا بەرجەستە کردووە، گەشـەکردنی ڕووداوەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ پەیوەســـت بوونی خوێنەر بە ڕەوتی چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکەوە، ســـات لەگەڵ ســـات لەچاوەڕوانی چارەنووسی کاراکتەر و قارەمانەکانیدا دەبێت، تابزانێت چۆن دەبێ و بەچی دەگات.

ڕۆمانی (دەغدو) بە ڕووداو دەست پێدەکات و دەپڕژێتە سەر جەستەو دەرونی مرۆڤی قوربانیکراو، لەغوربەت، دوورکەوتنەوە لەزێد و ئەوگێژاوە دەروونیانەی لە ئەنجامی ڕووداوەکاندا بەری کەووتوون، واتە ڕووداوی ڕاگواستن یان دورخستنەوەی مرۆڤ لەزێدی باوباپیرانی بردنی بۆشوێنێک، کەهەموو شتەکان لەنیگاو هزریدا نامۆن، هەروەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە:

**((کچێ بەس بگری، خۆ بەرەو سەربڕین ناڕۆین؟**

**خۆزگە سەریان دەبڕین و لەم دەربەدەری و غەریبیە ڕزگارمان دەبوو.. ئەمە حاڵە نازانی بەرەو چ وڵاتێک دەڕۆم؟**))( دەغدو، ل٥).

ســـەرەتای ڕۆمانی دەغدو بە ڕووداوێک دەســـت پێدەکات، کە گاریگەری بەســـەر کۆی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە هەیە، دیاردەی بەعەرەب کردن و ڕاگوێزانیان بۆ ناوچە عەرەب نشـــینەکان لەهەشـــتاکانی سەدەی بیستەمدا وەک دیاردەیەک، بوو بووە مۆتەکەی کەسێتی و خێزانی کوردی لەباشوری کوردستان کردبووە ئامانج، هێنانەوە بەرباســـی وەها ڕووداوێک، بۆ مەبەســـتی بەئاگا هێنانەوەی تاکی کوردە لەدووبارە نەبوونەوەی ئەم ڕووداوانە، بۆنموونە:

**(( ژیان و مەرگم پڕە لەڕووداو، ئەوەبوو باوکم بە میرزادەکانی ماد لە مەرگی تێکڕایی ڕزگاریان بوو... دور خرانەوە بۆ ولاتی سـووریا و منیش کرامە کۆیلەی شـای ئاشـوور (سـارگۆن) در و خوێنڕێژی داگیرکەر لە دەرباری (سـارگۆن)دا، جگە لە دایکی وەلیعەهد چەندین کۆیلەی ئافرەتی جۆراوجۆری تری تیابوو))** (دەغدو، ل٧٤) ، ئەم جۆرەی ڕووداو، سـەرچاوەی بەرەو بێش چوونیەتی، کەمەند کێشـکردنی خوێنەرە بۆ بە دوادا چوونی ئەنجامەکانی لە پاڵەوان و کاراکتەری ڕۆمانەکە، سـەرچاوەیەکی باشـی سـەرهەڵدانی دەیان ڕووداوی ترە، هەروەک چۆن ڕۆمان بەشـێکی دووبارە کردنەوەی واقیع نییە، ئاوێتەیەکە لە خەون و خەیاڵی ڕۆماننوس، خەیاڵیش ڕۆشنایی ڕاستییەکانە.

بەم پێیە ڕووداوەکان بەپێی بوونیان بۆ چەند جۆر دابەشـکراون، هەروەک (ئازاد حەمەشـەریف) لەنامەکەیدا بۆچوار جۆر دابەشیکردووە.

**ا- ئاوتۆبایۆگرافیەکان:**

ئەو ڕووداوانەن، کەبەڕاستی بەسەر نووسەری ڕۆمانەکەدا هاتوون، ئەویش کەسایەتی وای دروست کردووە، کە کوت ومت لە خۆی دەچێت و لەزمانی ئەوەوە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، یان دەبینرێن، **((مامۆستا ئەمە پشێوییە.. ئێمە بیستمان، یەکێکی تر لەئەندامان: کام پشێوی؟ ئێرە پەرلەمانەو کابرا ئەندامە و ئازادە چی دەڵێت... تۆبۆت نییە بەپشێوی ناوی ببەی.. هەستە وەڵامی بدەرەوە و بڵێ درۆ دەکا، سوپای ئێراق فریشتە بوونە؟.. زۆری نەکێشا سەرۆکی بەرەی کوردستانی ڕۆشتە بەردەم میکرۆفۆنەکەوە وتی: ئەوانەی واکاک سەنگەر وتی.. ڕای تایبەتی خۆیەتی نەک بەرەکەمان.. لێکم دایەوە وەڵام دانەوەی ئاسنی سارد کوتانە، نیازم بەئاودەست پەیدا کردبوو... بێ پرس چوومە دەرەوە..))** (دەغدو، ل٢٧٠)، نووسەر خۆی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکوم لە پەرلەمانی ئێراق، بۆیە ئەم ڕووداوە بەڕاستی بەسەر خودی نووسەردا هاتووە، بەڵام لە ڕێگەی کاراکتەری سەرکییەوە دەیگێڕێتەوە، یەکێک لەمەهامەکانی نووسینی ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ڕووداوی ئەزموونی ڕۆماننووسە، کە لەچواچێوەی ڕۆڵی کاراکتەردا دەیخزێنێتە ناو ڕۆمانەوە.

**٢- ڕووداوی ڕاستەقینە (سەرلەبەرەکان):**

مەبەسـت لەو ڕووداوانەیە، کەلەگەڵ دەسـتپێکردنی ئەو ڕۆمانەوە دەسـت پێدەکەن و سـەرلەبەر بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ لەلایەن گێڕەرەوەی سـەرەکی یان کەسـایەتی دیکەوە دەخرێنە ڕوو، بێگومان بەشـی زۆرینەی ڕووداوەکان ڕووداوی ڕاسـتەقینەن و لەدنیای واقیعدا ڕوویان داوە و هاوتەمەنەکانی ئێمە پێی ئاشنان، نووسـەر بەپێی ڕیزبەندی کاتی ڕووداوەکان جارێکی تر وردەکارییەکانیان باسدەکات، وەک: **((زەمانێک بوو بەعەرەب کردنی موسڵ دەستی پێکردبوو، باوکیشم وەک سەدان مامۆستای کوردی**

**دیکە لەموســـڵ دوور خرابوویەوە، دوومـانگ لە پێش ئێمەدا بۆ شـــاری (زوبێر) ی لای بەســـرە نێردرابوو))**(دەغدو، ل٥)، ســـەرەتـای ڕۆمـانەکە بەم ڕووداوە دەســـت پێدەکات و کۆی ڕووداوەکـانی ڕۆمانەکەش دەرخســتنی ئاکارەکانی ئەم ڕووداوەیە، ئەم ڕووداوە ڕژێمی بەعس لەســاڵانی هەشــتاکانی سەدەی بیستەمدا پێی هەستابوو، بەمەبەستی درز خستنە نێو خێزانی کورد و کەمکردنەوەی پاڵپشتی بۆ شـۆڕشـی کورد و توانەوەی خێزانە کوردەکان لەناوچە عەرەب نشـینەکاندا، پشـتڕاسـتکردنەوەی ئێمە بۆ ڕووداوەکان پەیوەندی تەمەنە بەکات و شـوێنی خوێنەرەوە، بەڵام بۆخوێنەرێکی نائاشـنا بەڕووداوەکان، دەکەوێتە سەر ڕۆماننووس بۆپێدانی زانیاری لەسەرڕووداوەکە.

**٣- ڕووداوی ڕاستەقینەی لەمەوبەر (مێژووییەکان) :**

ئەمەش دووجۆر دەگرێتەوە: ئەوڕووداوانەی لەمەو بەر بەسەرکەسایەتیەک هاتووە و نووسەر لەڕێگای تەوژمی هۆش یان فلاشــباک یان هاوبابەتییەوە لەگەڵ ڕووداوە ســەرلەبەرەکان تێکهەڵکێشــیان دەکات، هەروەک لە ڕۆمانەکەدا دەیبینین: **((هێز و توانای لەشـکری ئاشـووری لە وەیدا نەبوو لەشـکری ماد تەنها یەک هەفتە بەربەرەکانی پێکرا و لەلایەن ئاشــورییەکانەوە تەفروتونا کران و باوکم و خەڵکێکی زۆری لە دەمڕاسـتانی مادیان دەسـتگیر کرد و سـەرەتا ویسـتیان هەموویان ڕەشـەکوژێ بکەن، کە منی دی ، ئەو پـاشـــایە بڕیـاری دا بـاوکم و نزیکـانی لە وڵاتی مـاد دوورخـاتەوە، بیـانگوێزیتەوە دەڤەری (حەممـا) لەســوریا))**(دەغدو، ل٦٩)، ئەم ڕووداوە چەندین ســەدە پێش ئێســتا ڕووی داوە، نووســەر تێکهەڵکێشــی ڕووداوەکانی سەردەمی ڕۆمانەکەی دەکات، تازیاتر ڕووداوەکانی پێ ڕوون بکاتەوە.

هەندێکیشــیان ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەگرێتەوە، کە بەســەر گەلدا هاتوون و نووســەر بەمەبەســتی هۆشــیار کردنەوەی میللەت دەیانخاتە ڕوو، هەروەک لە م دەقەدا هاتووە: **((میرزادەکانی وڵاتی(ماد) و ناوچەکانی ئەوانەی سەر بە دەسەلاتی ئاشوری بوون، بیست و حەوت میرزادە تۆمارێک واژوودەکەن و هەربیسـت و حەوتیان دەڕۆنە لای شـا سـارگۆن، داوای گەڕانەوەی شـا دیاکۆی باوکم دەکەن بۆ ولاتی ماد، بەڵێنی وەفاداری بە سارگۆن دەدەن و پەیمانی یاخی نەبوون  واژوودەکەن.**

**_ دیارە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئێوەشدا جاش هەبووە؟**

**(جاشـایەتی لە گەڵ بەشـەریەتدا خوڵقاوە، لەناو ئێمەی (ماد)دا ، بڕێک لەگەلانی تر زۆرتر بووە، بەداخەوە گەیشـتۆتە ئێوەش))**( دەغدو، ٨٤)، نکوڵی ناکرێت لەوەها کردەیەکی ناشـیرین، کەپێی دەگوترێت جاشـایەتی، میللەتی کورد بەپێی کتێبە مێژووییەکان  ســەردەمێکی دوور و درێژە بەدەســت ئەم کردەوە ناشــیرینەوە دەناڵێنێت، نووســـەر بەمەبەســـت ئەم ڕووداوە مێژووییە دێنێتەوە یاد و لەڕێگای شـــەپۆلی هۆشـــەوە، خوێنەری کوردی لێ بەئاگا دێنێتەوە.

### ٤- ڕووداوە ئەفسانەییەکان:

ئەفسانە بەشێکی گرنگە لە ڕووبەری مێژووی گەلاندا، کە پێوەری کەش و ڕۆشنبیری و پێناسی دەستە جەمعی هەرنەتەوەیەکە، ئەمەش ئەرکێکی ئامانج دارە بەمەبەســـتی زیندووکردنەوەی کەلەپور و مێژووی کۆن لەبەرگێکی هاوچەرخدا، یا ئامادەکردنی مێژووی ســـەرە دەرییەکانی نەتەوەیەکە لە ئیســـتادا، کە لەڕاستیدا لە ڕووی هونەرییەوە ناکرێ لەدەرەوەی بازنەی ڕەخنەییدا بێت.

((هەموو ئەو ڕووداوانەن، کە بەراستی ڕوویان نەداوە، یان ئەگەر ڕووشیان دابێت، بەجۆرێکی واگەورە و قەبەکراون و مۆرکێکی خەیاڵی وایان پێوە نووســـراوە، کەپتر لە ڕووداوی خەیاڵکردە دەچن، نەک لە ڕاستەقینە))(شەریف، ١٩٩٩، ٥١).

خوڵقاندنی کاراکتەری(دەغدو)، لەبنەڕەتدا کۆمەڵێک ڕووداوی ئەفســـانەیی و فەنتازییە، بەڵام هێندە هونەرییـانە ئـاوێتەی ڕووداوە ڕاســـتەقینەکـان کراوە، کەنـاتوانرێـت لێـک جودابکرێنەوە و پەی بەئەفسـانەییەکانیان بەریت، وەک لەدەقێکی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت: **((خەوبینینەکەی ئەژدەهاک کە گوایە درەختێک لەنـاوگەڵی (مـانـدانـا)ی کچی ســـەوزبووە ســـێبەرەکەی زۆربەی وڵاتـان دەگرێتەوە وای بۆلێدەدەنەوە، کەوا ماندای کچی، کەژنی میر(کامبیز)ی هەخامەنشـــین بووە، کوڕێکی دەبێ و ئەوکوڕە تەخت وتاج و دەسەڵاتی لەدەست وەدەردێنێ و دەبێتە شا، ئەویش بۆپارێزو بەرگری لەو خەونەی پڕیار دەدا کوڕی کچەکەی بکوژێت))** (دەغدو، ل٩٣)، ئەم جۆرە لەڕووداو نەڕووی داوەو نە ڕووش دەدات، ئەم جۆرەش پێویستەو مەبەستی نووسەری لە پشتەوەیە.

## ٢/٢: کات

کات پێناســـی جوڵەی کارکتەرە لە ڕووداو و شـــوێندا، ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە و هەمیشـــە لە ژیانی مرۆڤدا پێوەری کردەوەکانی بووە، بەو پێیەی(چرکە و خولەک و کاتژمێر و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ) پێوەرێکن لە گەڵ بوونیدا ئاوێتەبوون، بووەتە ســـێبەرێکی بەرجەســـتە و تەمەنی کاراکتەر و ڕووداو و شوێن دەپێوێت، مرۆڤیش خوڵقێنەری ڕۆمانە، بۆیە بەپێی کات هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکانیدا دەکات؛ کـات ((پێوەرێکە مرۆڤ دایهێنـاوە بۆڕێکخســـتنی کـاروبـاری ژیـان، چونکە کـات خۆی لەخۆیـدا هاوبەشیکردنەوەی پێناسەی بەزاراوە بنچینەییەکان پێناکرێت، لەبەر ئەوەی یەکێکە لە ڕووە سەرەکیەکان بۆ هەمووشـــتێک لەبواری ئەزموونی مرۆڤ))(عەبدول ڕەحمان، ٢٠١٠ : ١٠٤)، واتە کات لەبنەڕەتدا بوونێکی سرووشتیە (شەو ڕۆژ و مانگ وساڵ) دەکەونە پێش بوونی مرۆڤ لە گەردووندا بۆ ڕێکخستنی کارەکانی پەنای بۆ بردوون و پراکتیزەی کردووە.

کات لە ڕۆماندا جیاوازە لەو کاتە ئاســـاییەی ڕۆژانە مرۆڤ تەمەنی شـــتەکانی پی دەپێوێت (( کات لە ڕۆماندا ئەو کاتەیە کە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی کەســـایەتیەکان لە ئێســـتا و

ڕابردوو و ئاینده دا به گوێرەی شــێوازی گێڕانەوەی تێکســتەکە ڕێک دەخات و بە گونجاوترین شــێوە گوزارشــت لە باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و فیکری ئەوان لە هەڵوێســتە جیاوازەکان دەکات و فەلســـەفەی ژیانیان، لە ســـەرەتاوە تا کۆتایی ڕووداوەکان پیشـــاندەدات.))(ئەلوەنی، ٢٠٠٤ : ٤٥)، مرۆڤیش ڕۆژانە هەڵسوکەوت لەگەڵ سێ جۆری کاتی کاردا دەکات ( ڕابردوو، ئێسا، داهاتوو)، هەر ئەم جۆرانەش لە ڕۆماندا کاری لەگەڵدا دەکرێت، بەتایبەت کاتی ( ڕابردوو، ئێســـتا)، داهاتووش پەیوەســـتە بە ڕۆمانی خەیاڵی، بەتایبەت ئەو ڕۆمانە خەیاڵیانەی، کە داهاتوو پێش بینی دەکەن.

کات ڕەگەزێکی گشـــتییە لەبوارەکانی ژیاندا، بەپێی جیاوازی پێوەری بەکار دێت، ئەوەی پەیوەســـتە بە ڕۆمـانەوە، توێژەران و ڕەخنەگران و ڕۆمـاننووســـــان، هـاوڕان ڕووداو و گێڕانەوەکـان بەپێی کـات دەســـتنیشـــان بکەن، ((کات پاڵنەریکی بەهێزە بۆ نووســـین، پاڵنەریکی بەهێزیشـــە بۆ خوێندنەوە، کەتیایدا خوێنەر گەشـــتێک بەنێو زەمەنێکی جیاوازدا دەکات، کەمێکێش لەزەمەنی خۆی دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش مایەی چێژێکی ئەدەبی بەرز و خرۆشـــانی هزرێکی بەهێزە)(فەوزی، ٢٠٠٠ : ٢٠)، گوزەرکردن بەناو کاتی ڕابردوودا، بەرهەم هێنانەوەی ڕووداوی هاوشێوەی سەردەمە، کە بە هەموویان دیاردە درووست دەکەن.

مرۆڤ لەکاتی ئێســـاتدا بەرکەوتنی ڕاســـتەوخۆی لەگەڵ ڕووداو کەســـایەتیەکاندا هەیە، پێ پەردە هەڵســـوکەوتیان لەگەڵدا دەکات، هەر جۆرێک بن هۆش و جەســـتەی ماندو دەکەن، ڕابردوو داهاتووش بوونەتە خەونێک بۆی، لەبەر ئەوە وەک سەرابێک بە بەر چاویدا گوزەر دەکەن.

کات لەڕۆمانی دەغدودا ڕەنگدانەوەیەکی هونەری بەهێزی هەیە، گەشـــتی خوێنەرە بەناو ڕووداوەکانی تەمەنی (٢٧٠٠)ساڵەی نەتەوەیەکە، توانیویەتی زۆر هونەرییانە ئەم دووکاتە پێکەوە ببەستێتەوە و خوێنەر لەجەنجاڵییەکانی کاتی ئێستای دووربخاتەوە، وەک لە دەقێکدا دەڵێت: **((تازە چیم بگوتبا ؟بموتبا کوڕەکەت لەنێو ڕووداوەکانی دووهەزار و حەوت ســـەد ســـاڵ لەمەو بەردا دەژی و فکر و زکری بەو ڕووداوانەی خەریک و موبتەلایە، بووە بەهاودەم و هاوڕازی ڕۆحی کچە شـــازادەیەکی مادی))**(دەغدو،ل٨٠)، ڕیزبەندی گرێدانی گێڕانەوەکانیشـــی بەشـــێوازێکە، هیچ کات هەســـت بەوماوە دوور و درێژە ناکەیت، کە لەنێوان ڕووداوەکاندایە، بۆ نموونە: **((باســـەکانی من لەتەواو بوون نایەن .. من بۆخۆم مێژوویەکی زیندووم و، بەدرێژایی دووهەزار و حەوت ســـەد ســـاڵ تەماشـاکەری ڕووداوە ڕاستەقینەکانی مێژوو بوومە، هەرچیم لێ بپرسیت ڕاستگۆیانە وەڵامت دەدەمەوە))**(دەغدو، ل٩٦).

کاتی ڕۆمانی هێندە گرنگە، بووتە جێی تێروانینی ڕەخنەگر و ڕۆمانووســـەکان، چونکە ((وەکو دەوترێت ڕۆمان داستانی ئەم سەردەمەیە و کات یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە هونەری ڕۆمانی لەسەر دادەمەزرێت و هیچ توخم وتەکنیکێکی ڕۆمـان نییە، کە پەیوەندی بەکـاتەوە نەبێ (کەســـێتی) ،(ڕووداو) ،(شـــوێن) ،(گێڕانەوە)و سەرجەم تەکنیکەکانی تری ئەم هونەرە))(سابیر، ٢٠٠١ : ٢٨٠).

لەناو خودی ڕۆمانیشـــدا جیاوازی کات هەیە لەنێوان ڕەگەزەکاندا، ((کاتی ڕووداو جیاوازە لەکاتی گێرانەوە و بەدوو شــێوەی هارمۆنیکی دەرناکەون، ڕۆماننووس وەک مێژوو نووس پەیوەســت نییە ڕێز بەندی بە گێرانەوەیان بدات، بەڵکو بە ئارەزووی خۆی هاتووچۆ بەنێو ڕابردوو ئێستا و داهاتوودا دەکات، ئەمانەش وەک تەکنیک جوانییەک دەبەخشنە ڕۆمانەکە و شوێن و کاریگەری زیاتریش لەمێشکی خوێنەر جێدەهێڵن))(فەوزی، ٢٠٠٠ : ٢١)، ســـەربەســـتی ڕۆماننووس لە یاریکردن بەکات، بازنەی نێوان دووکاتی جیاواز درووست دەکات، هەرچەندە دوو سەردەمی جیاوازیش بن، گومان لای خوێنەر درووست ناکات، بە پێچەوانەوە لە گێرانەوەی مێژووییدا لاسەنگی و ناڕوونی لێدەکەوێتەوە.

ڕۆمانی دەغدو دابەشکراوە بۆ(٣٤)بەش، هەر بەشێک کات تیایدا سەربەخۆیە، پچڕاووە لە بەشێکی تر، بەڵام خوێنەر بەهۆی بەهێزی تەکنیکی گرێدانی کاتەوە هەست بە جیاوازییەکە ناکات. بۆنموونە: لە نیوان بەشی(١٠) و (١١) دا، کات لەبەشی(١٠)دا، سەردەمی دەسەڵاتی میدییەکانە.

**(( -یانی جوانی تۆ نەیهێلا باوکت و سەردارانی ماد بکوژرێت؟**

**-ئەوە سارگۆن بە منی وت.. کەوا لە بەر من نەیانی کوشتووە))**(دەغدو، ل ٦٩٠).

لەســەرتای بەشــی (١١)دا کات دێتەوە ســەردەمی ڕزگارکردنی کوێت، بەبێ ئەوەی خوێنەر پچڕانی کات بیرکردنەوەی بشێوێنێ، وەک لەدەقێکی تری ڕۆمانەکەدا هاتووە: **(( کوێت ڕزگار کرا .. شەڕ ڕاگیرا، بەبێ هیچ مەرجێک لەجادرێکدا بە نوێنەرایەتی (ســەدام) گەورە ئەفســەرانی ســوپای ئێراق ســەری تەســلیمیان دانەواندەوە))**(دەغدو، ل٧٠)، واتە دووکاتی زۆر لەیەک جیاوازە، دووری نێوانیان چەندین سەدەیە.

بەم جۆرە تێبینی دەکەین بنەمای کات لە ڕۆمانەکەدا، کاتە ئاساییەکەی ڕۆژانەی تێپەڕاندووە و جێگۆرکێ کردنە لە نێوان ڕابردووە جیاواز مەوداکاندا.

لەدەقێکی تری ڕۆمانەکەدا کات کۆتاییەکانی سەردەی بیستەمە بەتایبەت ساڵانی سەرەتای هەشتاکانە، کە چەندین ڕووداوی یەک لەدوای یەک بەرۆکی میللەتی کوردیان گرتووبوو، کەدەڵێت: **((زەمانێک بوو بەعەرەب کردنی موســڵ دەســتی پێکردبوو))**(دەغدو،ل٥)، پاشــان لەبەشــی شــەشــەمدا کات دەگێڕێتەوە بۆ(٢٧٠٠) ســاڵ پێش ســـەدەی بیســـتەم، لە ڕووداوێکی تردا دەڵێت: **(( ســـەر ئەنجام دوای دووهەزار و حەوت ســـەد ســـاڵ ڕەها کرام ))**( دەغدو،ل٦٦)، واتە لێرەدا ڕێز بەندی نەداوە بەکاتی ڕووداوەکان، کات بەشـــێوەیەکی هونەری پێش و پـاش دەکـات، بەمەش گێرانەوەی ڕۆمـانی لە گێرانەوەی مێژوویی جیادەکاتەوە.

کات لەڕۆماندا مەرج نیە ئەو کاتە بێ، کە لە واقیعدا تێپەڕ دەبی و بەدەم یەکەوە بێ، ((ئەشـــێ کات لەڕۆمـاندا پچڕپچڕبێ، بەڵام ئەوە کـاری تەکنیکە کە کـاتەکـان پیکەوە گرێ بـدا، (نەهرۆ، ٢٠١١، internet)، ئەوەی لەکـاتی ڕۆمـانی و واقیعیـدا دەیبینین دوو کــاتی زۆر پێچەوانەن، واتە مەودای کــات لە

ڕۆمانی(دەغدو)دا (٢٧٠٠) ســــاڵە، بەڵام بەهۆی تەکنیکەوە لە بەرچاوی خوێنەردا چڕکراوەتەوە لە چەند کاتژمێرێکی خوێندنەوەدا، خوێنەریش هەست بەو کاتە زۆرە ناکات.

لەم ڕۆمـانەدا کـات پەیوەنـدییەکی بنچینەیی لەگەڵ ڕەگەزەکـانی تردا هەیە، تەوەرەی ســـەرەکیی گێڕانەوەکەشـــی پێک دەهێنێت، بەوەی هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکان نەک هەر دەخوڵقێنێت، بەڵکو بە یەکتریشیانەوە دەبەستێتەوە، (( **لەجوانی من گەڕێ.. جوانی من تەوقە و ڕۆشتە گەردنم دوای کوشتنیشم ئازار و ئەزیەتێکی دووهەزار و حەوت سەد ساڵە پێ بەخشیووم.. لەوەی دڵنیابە من تۆ بەجێ ناهێڵم .. مەگەر بۆ خۆت بیروڕات بگۆڕێت و پێت خۆش بێ دوور بکەومەوە**))(دەغدو، ل٩١)، گرنگی کات لێرەدا، کاراکتەری دەغدوی درووست کردووە، چونکە دەغدوی پەیوەست کردووە بەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە دەکەوێتە ســەردەمەکەی خۆیەوە، کە ڕابووردووە، ((مادام هیچ جووڵەیەک ناکەوێتە دەرەوەی کاتەوە. کاریگەریی کات لەســەر کارەکتەر لەوەدا دەردەکەوێت، کە بە هۆی ئەو بەردەوامییەی هەیەتی پرسـیاری لا دروسـت دەکات، بۆیە هەسـتکردن بە کات هەسـتکردنە بە بوون، بەم شـێوەیە کات هەموو لایەنەکانی چیرۆک دەگرێتەوە: بابەت، فۆرم و شێواز، یاخود زمان))(پاشا، ٢٠١٣ :inter net).

بەپێی لۆجیک دیاریکردنی ڕوخســاری هەر پرسـێک لە دوو سـۆنگەی هاوبەشـەوە دەکرێت، ئەوانێش (جێگا و کاتە)(بەڵام بەپێی لایەنی سایکۆلۆژی وەک (کۆلدرج) باسی دەکات(( تێگەیشتنمان لەکات هەمیشە بەســتراوەتەوە بە تێگەیشــتن لەجێگا، لەزۆربەی مەبەســتە کارگێڕییەکاندا ناتوانین ئەم دوو مەودایە لێک دابڕین، هەروەک لەتێڕامـانی نـاوەوەدا (التـامـل البـاطنی) ئەوەمـان لا دەردەکەوێت، کە نـاتوانین تـاوێک لەتـاوەکانی بوون بێنینە بەرچـاو، ئەگەر لەچوارچێوەی جێگای خۆیدا دای نەنێین))(وات، ١٩٨٦ : ٢٤)، لەو ڕووداوانەی کە هەندێک جار پێیان ئاشـناییین، کە باس لە جێگا(شـوێن) دەکەین، ناتوانین کاتەکە فەرامۆش بکەین، وەک لەم دەقەی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت: **((کوێت ڕزگارکرا، شــــەڕ ڕاگیرا، بەبێ هیچ مەرجێک لەچادرێکدا بەنوێنەرایەتی(ســەدام)گەورە ئەفســەرەکانی سـوپای ئێراق ســەری تەسـلیمیان دانەواندەوە و واژووی تەســلیم بوونیان کرد))**(دەغدو، ل٧٠)، لەڕووی شــوێنی ڕووداوەوە، کەباس لە ڕزگارکردنی کوێت دەکرێت، کـات لەچوارچیوەیەکدا قەتیســــەو تەنهـا بیری خوێنەر دەگەڕیتەوە بۆســــاڵی(١٩٩٠)، چونکە ڕووداوەکە پەیوەستە بەو کاتەوە.

گەر لەسـۆنگەیەکی ترەوە تەماشـای کات بکەین، دەبێت خوێنەر بکەینە چەقی ئاشـنا بوون بە کات، واتە گەر تەمەنی خوێنەر هاوتەمەنی کاتی ڕووداو بێت، باسـکردن لەهەر ڕووداویک کاتەکەی دێتەوە ناوبیری، بەڵام بۆ خوێنەرێک، کە لەگەڵ ڕووداوەکاندا نە ژیابێت، کات دەبێتە نائاشــــنا و پەیوەســــت نابێت بەڕووداوەوە، کە ((هەمووتوێژەرێک و خوێنەرێک بونیادی چیرۆک و ڕۆمان ناتوانێت لەڕەگەزەکانی (کات وشــــوین) دەربازبێت بەوپێیەی، کە گرنگترین ڕەگەزەکانی بونیادی چیرۆک و ڕۆمانن، کەســـایەتییەکان

هەردەم دەكەونە ژێر باری كاریگەری كات وشوێن، دەجوڵێن گەشەدەكەن بەهۆی ئەو دووڕەگەزەوە))(عەبدول ڕحمان، ٢٠١٠ : ١٠٤)، بەم پێیە باسكردن لەكات باسكردنیشە لەشوێن، **((لەڕۆژی هەینیدا خۆم گەیاندە دێرمامەتی))**(دەغدو، ل١١٨)، واتە شوێن و كات هەمیشە دوانەی لێک دانەبڕاون.

كات لەڕۆمانی (دەغدو)دا بریتییە لەكاتی ڕابردوو، ئەوڕابردووەی كەڕووداوەكانی درووست كردووە و لەڕێی گێڕانەوەوە پەی بەكاتەكان دەبەین، بێگومان لەباری ئاساییدا مەحاڵە كات بۆ ڕابووردوو بگێڕیتەوە، بەڵام لە ڕۆماندا ئەم كارە ئاساییە و دەتوانرێت بۆ دوورترین كاتی ڕابردوو بگەڕێینەوە بەبێ ئەوەی كاربكاتە سەر ڕەوت و زنجیرەیی ڕووداوەكان لەگەڵ شوێن و كاراكتەردا.

لە ڕۆماندا ئەو یاریكردنە بەكات زۆر ئاساییە و بە شێوازێكی هونەری ڕۆماننووس بەم كارە هەڵدەستێت، لەڕۆمانی دەغدودا كاتی ڕابردوو سێبەری بەسەرهەموو دەقەكانەوە هەیە، ڕابردوویەک تێكڕای ڕووداوەكانی(٢٧٠٠)ساڵی میللەتێک دێنێتەوە بەرچاوی خوێنەر، بەتایبەت خوێنەری كورد، لەخەوی (٢٧٠٠)ساڵە ڕاستیان دەكاتەوە و دەپرسێت ئاخۆ كورد كڵۆلی سەردەم، تەنیا و سەرلێشێواو چۆن دەتوانێ ئاگاداری دەورووبەری خۆی بێت و ڕووبەڕووی گرفتەكان بێتەوە، ئاخۆ میللەتێكی چاو و گوێ بەستراو لەجیهانێكی چاو گوێ كراوەدا پێگە و جێگەی خۆی چۆن دەستنیشان دەكا.

كات لەم ڕۆمانەدا درێژ بوونەوەی هەیە، یەكێک لەئامانجە سەرەكییەكان كۆنترۆڵكردنی كاتە لەلایەن نووسەرەوە، نواندنی باڵا دەستیە بەسەریدا و دابەشیكردووە بۆ ڕابردو و داهاتوو، ڕابووردوو خۆی سەپاندووە، چونكە مەبەستی سەرەكی گێڕانەوە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ڕابردووە لەئێستادا، بەتەكنیكێک، كە خوێنەر لەگومانی نادرووست بڕەوێنێتەوە؛ ئایندەش خۆی لە پێشبینییەكانی (موغی موغان)دا دەبینێتەوە **((من موغی موغانم.. ئاوێنەی داهاتووم، ڕۆشنایی هەڵدێرگاو بزنە ڕێی بەرپاتم، ئەو ساڵانەی لەژیانا ماومە، ئامان گوێم لێبگرن، ئایندەتان لەبەرچاومە..))**(دەغدو، ل١٢٤)، پێشبینەكانی(موغی موغان)، كە كاتی داهاتووی تێدا خراوەتە ڕوو، لەكۆی (٦٤) خاڵدا كۆكردۆتەوە.

ئەم پەیوەندییەی لە نێوان كاتی ڕابردوو داهاتوودایە، پەیوەندیەكیشە لە نێوان كات و كاراكتەردا، چونكە خوڵقاندنی كاراكتەری (دەغدو) لەبنەڕەتدا بۆئەوەیە ڕابردووی پێ پڕبكاتەوە و هەموو ئەو كاتانەی بداتە پاڵ، كەئەستەمە بدرێتە پاڵ كاراكتەرێكی حەقیقی، وەک لەم دەقەدا دیارە: **(( ئەتۆ جارێ لە خوارووی ئەو دۆڵە گەڕێ.. ئێمەی كورد لامان وایە دەگەڕێینەوە سەرمادەكان، ئەتۆ بەمن ناڵێی چۆن میللەتێک بە درێژایی پێنج سەد ساڵ ژێر دەستە و خاوەدەری میللەتێكی تر بن، كە ئاشوورییەكان بوونە، تۆ وەک شازادەیەكی مادی ئەو هەڵە و ژێر دەستەیەم چۆن بۆ دەسەلمێنیت ))**(دەغدو، ل ٧٧)، باسكردن لە ڕووداوەكانی ڕابووردوویەكی لە مێژیینە، پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە كاراكتەری دەغدووەوە هەیە، ئەو مێژووەیە كەدەیەوێت لەلایەن كاراكتەرەكەوە بیخاتە ڕوو.

((هونەری ڕۆمانیش هیچ گوێ بەوە نادات کات زۆر بێ یا کەم ، دوور یا نزیک، بەڵام ئەو حاڵەتێکی لامەبەستە، کە نووسەر دنیایەکی تێدا دەخوڵقێنێ، کە تیایدا کەسەکان هەڵگری بیر و بۆچونێکن، یا ڕەفتارێکن بۆگرێدانی ئەو باکگراوندەی نووسەر مەبەستیەتی))(لەتیف،٢٠١٢ : ١٣٧)، کات لەم ڕۆمانەدا پەیوەندی بەئاشنایەتی کاراکتەری (دەغدو)ە لەگەڵ کاتدا، چونکە فلاشباکی ڕووداوەکانی بەدرێژایی(٢٧٠٠) ساڵ بۆ ڕۆحیانەتێکی ئازاد کراو، کە ئاگاداری و ردودرشتی ڕووداوەکان بێت، دەتوانێت پەی بە هەمووکاتەکانیش بەرێت، کە چی تێدا گوزەراوە **((من دووهەزارو حەوت سەد ساڵە چاوەڕوانم ، داواکارم تۆش نەختێک لەسەرم ڕاوەستی.. بەدڵنیاییەوە دەیڵێم نەک ئازارت پێناگەیەنم، بەڵکو لەخزمەتدا دەبم و ڕەنگە زۆر شتیشم پێ بکرێت و دەتوانی تاقیم کەیتەوە))**(دەغدو، ل٦٦)، ئەم گێڕانەوەیەی کاتی ڕابردوو بۆ کاراکتەرێکی تری نا ڕۆمانەکە، جێگای گومانە، چونکە تەکنیکی گێڕانەوەی کات پەیوستە بە کاراکتەرەوە.

(عەبدوڵا سەراج) لەکتێبی (بەرەو ئاستانەی ڕۆمان وگۆشەنیگاکان)دا، (کات)ی لەڕۆماندا دابەشکردووە بۆ سێ جۆر(سروشتی، زانستی، دەروونی)، کەهەریەک لەم جۆرانە ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی دەغدودا هەیە و خۆی لەتەکنیکی نووسەردا دەبینێتەوە.

**١- کاتی سرووشتی (فەلەکی) :**

ئەویە کە ((شەو و ڕۆژ و مانگ و وەرز و ساڵ و سەدەکان، تخوبی بۆ دەکێشن و بەکاتژمێر دەپێورێت)) (سەڕاج، ٢٠٠٧ : ٤٨)، زۆربەی کات لە ڕۆمانەکەدا بەم شێووازە پێوراووە، وەک لە دەقێکدا دەڵێت: **((باوکم چاوی بڕیبووە ناوچەوانی دایکم، دەیویست بیر و بۆچوونی پێش وتن بخوێنێتەوە.. هەڵیدایە و وتی: لەمە زیاترمان ناوێت.. هەشت نۆمانگێکە هەرچۆنێک بووە دەیگوزەرێنین))**(دەغدو، ل١١)، کات لێرەدا هەرچەندە ڕابردووە، بەڵام ئایندەی تێدا بەدیدەکرێت، کە دوای نۆمانگ هیوایەک هەیە بۆ دەرچوون لە ڕووداوێک، کە بەتەنها کات دەتوانێت چارەسەری بکات، لە دەقێکی تردا دەڵێت: **(( من ژنێکم دوو هەزار و پێنج سەد ساڵا لەمەوبەر کوژراوم و گۆڕەکەشم لەناو ئەم ژوورەی تۆدایە و جادوم لێکراوە، ئەو تەلیسمە بەدەستی تۆ بەتاڵا دەکرێتەوە))**(دەغدو، ل٦١)، کات لێرەدا یەکسانە بەکۆی ڕووداوەکان، کە کەسێتی دەغدوی بۆ خولقێنراوە، تا بەپێی کات ڕووداوەکان بگێڕێتەوە.

٢- کاتی زانستی(فیزیکی):

بەپێێ بۆچوونی (ئانشتاین) ((جێکاتی ڕێژەییە و بە جوڵانەوەی مادە گرێدراوە))(سەڕاج، ٢٠٠٧: ٤٨)، واتە تەمەن و دەرخستنی سەردەمەکە پەیوەست کراوە بە مادەکەوە، کە لەجیهانی ئەمڕۆماندا، مادەکە تەمەن ومێژووەکە دەست نیشان دەکات، وەک لەم دەقەدا دەستنیشان کراووە: **(( وا تۆ دەبیتە خاوەنی ئەوە بەلای منەوە گرنگە، پێشبینیەکانی موغی موغانە بیپارێزە، ئەوە موڵکی گەلانە، تەمەنی نزیکەی سێ هەزار ساڵ زیاترە، حەیفە تیابچێت))**(دەغدو، ل١٠٣)، یان دەڵێت: **((کاتێک تاج و سۆڵجان و بازیوەنەکەی شا دیاکۆ**

**باوکی دەغدوم خستە بەر دەستی لوسی و هاوەڵانی باوەڕیان نەدەکرد دوای دووهەزارو حەوت سەد ساڵ بەو زەرافەت وبریق و هوڕەوە مابێتەوە))**(دەغدو، ل٢٢٢)، کە دەگوترێت تاج وسوڵجانەکەی شادیاکۆ، یەکسانە بەو کاتەی فەرمانڕەوایی تێدا کردووە.

٣- کاتی دەروونی (وجوودی) کاتێکی خۆیەتییە (زاتی)، (( نەک ڕاستەو خۆ، بەڵکو بەگوێرەی ڕەزمی ژیانی ناوەوەمان هەستی پێ دەکەین، بۆنموونە: لەکاتی ناخۆشی و بێزاری چاوەڕوانیدا شل شل، خاو دەگوزەرێ، بەپێچەوانەشەوە لەکاتی شادی و کەیفسازی و ئەڤینیدا خێرا خێرا، بەپڕتاو تێدەپەڕێت))(سەڕاج، ٢٠٠٧: ٤٨)، لەڕووداوەکانی ناو ڕۆمانی (دەغدو)دا کاتی دەروونی زاڵێتی پێوەدیارە، چونکە زۆربەی چیرۆکەکان ڕووداوی تراژیدین، لەتراژیدیشدا کاتەکان ناخۆش وخاولیچک تێدەپەڕن، مانەوەی خێزانێک لەئاوارەیی و غەریبی سەپێنراودا، لەناو کەشی گەرما و سوێراوی ئاوی بەسرەدا، هەمیشە لەچاوڕوانی خێرایی کاتدا بەسەردەبەن، بەڵام پێچەوانە کات بەخاوی تێدەپەڕێت **(( من وباوکم ودایکم ، میللەتێک بووین لەو بیابانەیدا لە هەمووشتێ نامۆ و بێگانە، هەتاوەکو دەوروبەرە لماویەکە سەرسامی کردبووین ))**(دەغدو، ل١٢)، نامۆبوون بەرامبەر بەدەوروبەر بێزاری و پەستی لێدەکەوەێتەوە، کات دەبێتە دەهێندە، لەدەقێکی تری ڕۆمانەکەدا ژوانی (سەنگەر) لەگەڵ(خەیمەدا) لەشەوێکی نووتەکی ئەنگوستە چاودا، ترسی دووعاشق، کە تەنها ئاشکرابوونیان دەبێتە کۆتایی ژیانیان دەبێت کات چۆن تێپەڕێت **(( ئیدی تاوتاو دەمنواڕییە کاتژمێرو، ئەو دەمە بیرم لەمەودای چرکە و سات و کات نەکردبووەوە.. بۆکاتژمێرێک ئەوەندە درێژە..؟.شەست چرکە چی تەواوی دەکات ))**(دەغدو، ل٢٤)، ڕۆشتنی (سەنگەر) بۆئاهەنگی شەوانەی (مامۆستا) کەئاهەنگێکی پڕ لەدژواری نادادپەروەری و نامرۆڤانەدا، پێی خۆشە کاتژمێرێک بە خولەکێک تێپەڕێت، بەڵام پێچەوانە دەبێتەوە **(( لەکوێوە هاتبوو، هەر بەوێدا هۆڵی بەجێ هێشت.. تا لەدەروازەی سەرەکی باخچەی مامۆستا وەدەر نەچووین، نە من نە هەڵۆ ورتەمان لەدەم وەدەرنەهات، کەچوینە دەرەوە .. هەڵۆ وتی: دۆزەخ بوو.. ها؟، هیچم بۆنەوترا ئەوەنەبێ ... سەدخۆزگە بەدۆزەخ..))**(دەغدو، ل١٨٤)، بێگومان شوێنێک لەدۆزەخ بچێت، کات تیایدا دۆزەخ دەبێت.

سەدەی بیستەم وەک سەدەیەکی پڕ لە زانست و تەکنۆلۆجیا، پێشکەوتنی لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بەجیاواز لەسەدەکانی پێشوو لەقەڵەم دەدرێت، ڕۆمانیش وەک ژانرێکی ئەدەبی لەڕووی کاتەوە، فراوانییەکی یەکجار گەورەی بەخۆوە بینیووە، زۆر لەفەیلەسوفەکان دەڵێن: ((کە خۆخەریکردن بە کێشەکانی کات (ئاوازی بڕیارە) لەهونەری نوێ، بەتایبەتی هونەری چیرۆک و ڕۆمان، کە ئەو دیاردەیەی بەڕوونی پێوە دیارە))(عەبدول ڕەحمان، ٢٠١٠ : ١٠٦)، ئەمە ڕاستیە و نکولی لێناکرێت، چونکە ڕۆمان لە گەڵ ئەو ڕووداوانەدا بەرکەوتنی هەیە کە لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوویانداوە، واتە ڕووداومان نییە لەدەرەوەی کات، ئەگەر هەشبێت، خاڵییە لەواتا.

## ٢ / ٣: شوێن

شوێن یەکێکە لەو پێنج ڕەگەزەی(کات، کاراکتەر، ڕووداو، گێڕانەوە)، کە ڕۆمانیان لەسەر وەستاوە، ((جیهانی شوێن ڕەگەزێکی بنچینەییە لەبەرهەمە ئەدەبیەکاندا، دەستکەوت بڵاونابێتەوە و گەشەناکات لەکات، ئەگەر لەشوێنێک لەدایک نەبێت، ئەویش سەردەمی منالییە، کە شوێنی ژیان و چیرۆک و ئەزموون تاڵی و سوێرییانە))(عەبدول ڕەحمان، ٢٠١٠: ١٠٥)، واتە هەموو ڕووداوێک لە ڕۆماندا دەبێت لە شوێنێک دەست پێ بکات و لە شوێنێکیش کۆتایی بێت، شوێن تەنها و دابڕاو نییە لەڕەگەزەکانی تری گێڕانەوە، پەیوەندییەکی پتەوی بەسەرجەم ڕەگەز و بنەماکانەوە هەیەو دەبێتە ناسنامەی هونەرییان.

((شـوێن وەک کات ئامرازی تەکنیک و پاڵپشـتی باشـی پێکانی مەبەسـتەکانی ڕۆماننووسـە، جگە لەبەها هونەری و ستاتیکیەکان، بەهایەکی هزری بەرزیشی هەیە...هەر لەیەکەم سەرنجمان بۆی کۆمەڵێک شتمان بۆ ئاشـــکرا دەبێت کۆمەڵێک پرســـیاریشـــمان لە ئەگەری بەواقیع بوونی شـــوێنەکە لەلا دروســـت دەبێت))(فەوزی، ٢٠٠٠: ٢٣)، واتە شوێن دەبێتە ناسنامە و چەندین شتی ترمان پێدەناسێنێت، چونکە شوێن جێگیربوونی مادەی تێدایە و ســەنگی قورســاییانە، بۆیە زەیدعومرانی ڕۆماننووســی عێراقی ســەبارەت بەشوێن دەڵێت: ((شوێن ئەو ئامرازەیە بەهۆیەوە قەناعەت بەخوێنەر بکەیت سەبارەت بەڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە و ســەرەنجام خوێندنەوەی ڕۆمانەکە لەلایەن خوێنەرەوە دەســتەبەربکەیت))(ســدیق، ٢٠٢٠: ١٢٥)، زاڵبوونی ڕۆماننووس بەســەر کارەکەیدا، پەیوەندی بە هەڵبژاردنی شــوێنی ڕووداوەکانەوە هەیە، مەرجە بۆ هەڵبژاردن وەســفی شــوێن ڕۆماننووس ســەردانی شــوێنی واقیعی بکات، تا لە نزیکەوە ڕاســتگۆیانە وردەکاری شوێن بگوازێتەوە ناو ڕۆمانەکە، چونکە شوێن لەڕۆماندا گرنگی خۆی هەیە، دەبێتە ئەوپانتاییە، کە کارەکتەرەکان تیایدا دەجوڵێن و ڕووداوەکان تیایدا دەردەکەون و بەرجەســـتە دەبن و هونەرییەت لەگەشەکردنەکەیەوە بەرهەم دێت.

پێش ئەوەی باس لەجۆرەکانی شـــوێن بکەین لە ڕۆمانی دەغدودا، دەبێ باس لەهەڵبژاردن و بەرهەم هێنانی شـــوێن بکەین لەلایەن ڕۆماننووســـەوە، ((ناچاربووم ســـەفەربکەم بۆشـــوێنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەم، بۆچەند مانگێک تیایدا بژیم، بۆئەوەی بە چەند پەڕەیەک وەسفی شوێنەکە بکەم))(سدیق، ٢٠٢٠: ١٢٦).

کاتێک ڕۆمانی (دەغدو) دەخوێنیتەوە، هەست بەنامۆیی شـوێنەکان ناکەیت و وێنەیەکی واقیعی شـوێنەکە لەهەســـتدا دەچەســـپێت، هەر کاتێک بەرگوێت کەوت وەک خۆی دێتەوە بەرچاوت، ئەمە نەک بە تەنها لەشوێنە واقیعییەکاندا، بەڵکو لەسەرجەم جۆرەکانیدا پەی پێدەبەین، دیارە ئەمەش بۆ تەکنیک دەگەڕێتەوە، ئاشـنایی نووســەریش بۆ شـوێنەکان و مانەوی بۆچەند کاتێکی دیاریکراو لە جۆرەکانی شـوێنی ئاشـناو نائاشنا کراوەو داخراودا..هتد، دەردەکەوێت.

**جۆرەکانی شوێن لەڕۆمانی (دەغدو)دا :**

شوێن لە ڕۆمانی دەغدودا بریتیە لەو شوێنەی کە میللەتێک پێچەوانەی خواستەکانی خۆی، ڕووداوەکانی ڕوویان داوە، شوێنێک ژینگەی ژیان و بەسەرهاتەکانی گەلێکە، هەمیشە بەردەوامیان بەژیان داوە، بەڵام ژیانێک هەمیشە تراژیدیا لوتکەی خۆشییەکانی لیکردوونەتە ناسۆر، لەلایەکی تریشەوە بریتیە لەکۆی شوناسی تاکی کورد بە هەموو ئەو خۆشی و تاڵاوانەی، کە تیایدا چەشتوویەتی، شوێن کێڵگەی گەشەکردنی تاکە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەرە پێدانی ئایدۆلۆژیا و هزری درککردن بە و نادادپەروەریانەی، کەلەلایەن دەرەکی و ناوخۆییەوە بەرامبەری کراوە.

کۆی ڕوداوەکانی ئەم ڕۆمانە بەبێ شوێن و بەبێ کاراکتەر ڕوویان نەداوە، شوێن سەرزەمینی باشوری کوردستانە، کە لەمێژەوە لەسەرخاکی خۆیان دوژمنانیان ویستوویانە زمان و کولتور و ئایدۆلۆژییان تێکەڵی میللەتێکی تر بکرێت، کەتەنها شێوە و ئاین پێکیانەوە گرێدەدات، **((لەدوورەوە تارمایی شاری زۆبێر وەدەرکەوت بۆنی عەرەقی کابرای لێخوڕ پەرێشانی کردبووین))**(دەغدو، ل١١)، زوبێر ئەوشوێنەیە کە خێزانە کوردەکەی بۆ ڕاگوێزراوە، واتە شوێن دوزەخێکە تاک و خێزانی کورد بەبێ ویستی خۆیان ژیانی تیادا دەگوزەرێنن، بەڵام دۆزەخێک نا لەسەربناغەی کردەوی ناڕەوا ببێتە شوێنیان، بەڵکو لەسەرئەوەی پەرتەوازە و ناکۆکی نێوان خۆیان بەئەنجامی گەیاندووە، ئەم ڕووداوانە لەمێژووی کوردا دیاردەیەک بووە دووژمنەکانی کورد هەمیشە پەنایان بۆبردووە، **((ژیان و مەرگم پڕە لەڕووداو ئەوەبوو باوکم و میرزادەکانی ماد لەمەرگی تێکڕ ڕزگاریان بوو، دوورخرانەوە بۆوڵاتی سوریا))**(دەغدو،ل٧٤)، هەروەک چۆن دوژمنانی کورد بەیارمەتی چاوساغانی کورد، کاتێک سەرکردەکانی کوردیان بەدیل دەگرت، دووریان دەخستنەوە بۆ شوێنێکی نامۆ بە زمان و کلتورو داب و نەریتیان، وەک: لە شۆڕشی شێخ مەحموددا، کاتێک بەدیلی دەکەوێتە دەستی دوژمن، دورخرایەوە بۆوولاتی هیندستان.

شوێن لە ڕۆمانی دەغدودا خوێنەری کورد پێی ئاشنایە، چونکە شوێنەکان عێراق و هەرێمی کوردستانە، هەندێک شوێنیشی دەکەوێتە دەرەوەی وڵاتی کوردەواری، ئەوانەش بەم دواییانە بەهۆی ئاوێتە بوونمان پێیان ئاشنابووین.

**١-شوێنی ئاشنا:**

بەتێکڕا شـوێنی ئاشـنا خۆی لە زێدا دەبینێتەوە، واتە ئەوشـوێنەی کاراکتەر لێی لەدایک بووە یان لێی ژیاوە، یان ڕووداوەکەی تیادا ڕووی داوە، مرۆڤ هەر لەو ڕۆژەوە کە هەسـت بە ژیان دەکات، جۆرە ئاشـنایەتییەکی لەگەڵدا پەیدادەکات، لەم ڕۆمانەدا شـوێنە ئاشـناکان بریتین لە (موسـڵ، سـلێمانی، هەولێر، زوبێر، ئـاکرێ، هەڵەبجە، لالش،..هتـد)، ((مرۆڤ هەر لەو ڕۆژەوە کە هەسـت بە ژیـان دەکـات، جۆرە ئاشنایەتییەک لەگەڵ ئەو شوێنەی کەلێی دەژی پەیدادەکات، ئەو شوێنەش شاربێت یان لادێ، ئەشکەوت یان شـەقام هەسـتێک بەرامبەر ئەو شـوێنانە لە لا دروسـت دەبێت، ئیدی خۆشـیدەوێت یان ڕقی لێیان

دەبێتەوە ئەگەر خۆشی لە شوێنێک دیتبێ ئەواهەستی خۆشەویستی بەرامبەر ئەو شوێنە زیاد دەکات ئەگینا بە پێچەوانە دەبێت)) (کمال، ۲۰۲۰: internet)، هەروەک نموونەی لەم دەقەی ڕۆمانەکەدا هاتووە **((واچاکە یەک دووهەفتەک گەشتێکی ئاکرێ و سلێمانی بکەن، گۆڕانکاری و بوژانەوەیەکی ڕۆحییە بۆ هەردوکتان))**(دەغدو، ل۱۰٤)، ئاشنایەتی مرۆڤ بۆشوێنی لەدایک بوون و هاوزمانانی، دووبارە لەدایک بوونەوە دەبەخشێتەوە بەمرۆڤی دورخراوە، کە نووسەر مەبەستێتی بڵێت: غەریبی مردنێکی هێواشە دوژمنانی کورد پەنای بۆدەبەن، بۆ ئازاردانی تاکی کورد **((لەڕۆژی هەیذیدا خۆم گەیاندە کەنیسەی (دێرمامەتی). دوو قەشە لەدورەوە ناسیمیان و ئاماژەیان بۆکردم))** ( دەغدو، ل ۱۱۸)،یان **((هەفتەی پێشوو گەڕامەوە لالش، چوومەلای خودیدە، هەواڵی تۆی لێپرسیم))** (دەغدو، ل ۷۳)، هەمیشە کەنیسە بۆ قەشە ئاشنایە، مزگەوتیش بۆ مەلا.

کاتێک ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە، شوێنی ئاشنا بۆتە هۆی خیانەت کردن، لەجیاتی خوداپەرستی و بەجێهێنانی کاری مەرجە ئاینیەکان، بەپێچەوانەوە خەریکی بازرگانی و خۆ دەڵەمەند کردن و ڕێنوینی کردنی بردنەدەرەوەی ئاسەواری میللەتێکن، بۆنموونە: **((کەواتە سێ هەزار ببەخشە بەم جێگەو شوێنە... باڕاستگۆبم لەگەڵتاندا، ڕاستە ئێوەقەشەن ولەکڵێسادا دەژین، لەبیرتان نەچێت ئێوە کڕیارن و من فرۆشیار))** (دەغدو، ل۱۱٦)، (لالش)یش یەکێکە لەپەرستگا ئاینییەکانی یەزیدیان(خودیدە)ش جادوگەرێکی ناو ئەوپەستگایەیە، کلیلی کردنەوەی جادویی(دەغدو) بە (خودیدە) سپێردراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاشنایەتی(دەغدو) بەرامبەر بەدینی ئێزیدیان، ئاینەکەشیان ڕێگەیی بەجادووکردن داوە و هەربەوانیش بەتاڵ دەکرێتەوە.

**۲-شوێنی نائاشنا:**

مرۆڤ هەندێک جار لەواقیعدا بەهۆکارێک یان لەڕووداوێکدا شوێنی ئاشنای جێدەهێڵێت و لەشوێنێکی نامۆدا کات بەسەردەبات، واتە ئەو شوێنەیە ((هەست بە ئاشنایەتی و خۆشی ناکات، بەڵکو هەست بە دژایەتی و ڕق لێبونەوەی دەکات و جۆرە کێشەیەک لەنێوان شوێن و کارەکتەر دروست دەبێت)) (کمال، ۲۰۲۰: internet)، گواستنەوەی ئەم شێوازە بۆناو جیهانی ڕۆمان تێڕامانە لە هۆکاری دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان و خوێندنەوەی هەستی کاراکتەرە لەوەها شوێنێکدا، کاراکتەر هەست بەئاشنایەتی ناکات، بەڵکو هەست بەدژایەتی دەکات و شێوازی کێشەی جۆربەجۆر لەنێوان شوێن و کاراکتەر درووست دەبێت، ئەگەر ئەم شوێنانە بە(بەندینخانە و مەنفا و بیابان) بناسێنین، ئەوا ڕۆمانی دەغدو بەدەرخستنی هۆکاری جیاواز زۆر لەم شوێنە نائاشنایانەی لەخۆگرتووە.

ڕۆماننووس بەنیشاندانی شوێنی نائاشنا توانیویەتی ناسۆرییەکانی تاک و خێزانی کوردی دەربخات **((من و باوکم و دایکم، میللەتێک بووین لەو بیابانەیدا لەهەمووشتی نامۆ و بێگانە، هەتاوەکو دەوروبەرە لماویەکە سەرسامی کردبووین))**(دەغدو، ل ۱۲)، خێزانێک لەزێدی بەهەشتی خۆیان، دوربخرێنەوە، کە لەڕووی سرووشتەوە دوو ڕووی جیاوازن، ئەشکەنجەدانی دەروونی مرۆڤە بەبیانووی جیاواز.

لە شوێنێکی تری نائاشنایدا دەڵێت: **((گوارە فرۆشراوە.. مێردەکەی فرۆشتوویەتی و ئەوەسا لە سۆزانی خانەیەکی شــاری پاریســدا ڕۆژانە شــەش حەوت دەچنەلای))**(دەغدو، ل١٦٦)، ســۆزانیخانە بۆ کاراکتەری (گوارە) شــوێنێکی نامۆ و نائاشــنایە، ڕۆمانووس پێمان دەڵێت: ئەوروپایەک بەتایبەت فەرەنســا کەلانکەی شارستانیەتە، بووتە دۆزەخێک بۆ تاکی مێینەی کوردی و هۆکارەکەشی هاوزمانەکەی خۆیەتی.

یەکێک لەهۆکارەکانی گەیشتن بەشوێنی نائاشنا، پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکار و گرفتی دەرونی و داراییەوە هەیە، کە لەم ڕۆمانەدا تیشکی خراوەتە سەر، کەمیللەتی کورد پێوەی گیرۆدەیە.

**٣-شوێنی کراوە:**

**سەرزەوی شوێنی پراکتیزەکردنی کردەوەکانی مرۆڤە، هەندێک شوین ئازادانە مرۆڤ تێیدا هەڵسوکەوت دەکات و دوورە لە قۆرغ کارییەوە، کەبەشوێنی کراوە ناسراوە، بەڵام هەندێک جار بەهۆکاری سیاسی ئەم شوێنانە لەمرۆڤ دەبنە داخراو، شوێنی کراوە:** ئەوشوێنانەیە کە هەردەم لەبەردەم کەسایەتییەکانی ڕۆماندا کراوەیە و هەڵسوکەوتی تیا دەکەن ڕووداوەکانی لە ناودا پەرە دەسێنن و گەشەدەکەن، بۆ نموونە :(شەقام، کۆڵان، چایخانە، نەخۆشخانە..هتد)، یان ئەو شوێنەیە ((لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بەئارەزوی خۆیان تێیدا بێن و بچن، وەک شەقام و کۆڵان و ڕێگاو بازار، چایەخانە، نەخۆشخانە))(نصیر، ١٩٨٦: ١٥١).

ئەم جۆرە شوێنە گشتییە موڵکی تایبەتی نییە، بەڵکو بەموڵکی گشتی ناسراوە کە کۆمەڵ خاوەنیەتی، ڕۆمانی دەغدو شوێنی کراوەی تێدا پراکتیز کراوە، ڕۆماننووس شوێنەکان دەکاتە ئەدرەسی تێگەیشتن لەڕووداوەکان، وەک لەم دەقەدا دەردەکەوێت: **(( لێخوڕین فێربویتە؟ شتێکی لێدەزانم، خۆ شەقامەکانمان شەقامی لەندەن و پاریس نییە))** (دەغدو، ل ١٣٥)، نووسەر لەڕێگەی شوێنی کراوەوە، ئەوجیاوازیەمان نیشان دەدات، کەمرۆڤ بوون پەیوەستە بە کارە جوانەکانەوە، **یان ((بەسورەیاوە پەیوەندیم بەتەحسینەوە کرد و وتم: وادەرۆم بۆ چاپخانەکەی مەچکۆ ئەگەر دەتوانی وەرە))**(دەغدو، ل١٤١)، مەچکۆ یەکێکە لەچایخانە دیارەکانی شاری هەولێر کەشوێنێکی کراوەیە بۆهەر مرۆڤێک، بەدەر لە چاخواردنەوە هەموو کەسێک لەهەرئاست و پلەیەکی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا بێت، وەک خولیایەک سەردانی دەکات، ڕۆماننووس بەمەبەستی دەرخستنی کەسێتی کاراکتەری(سەنگەر) بەکاریهێناوە، **(( برسیم نییە، بەڵام لەوەها کاتێکدا لە هەولێردا جێگە نییە بۆی بڕۆین، چاپخانەی مەچکۆ نەبێت))**(دەغدو، ل ١٧١)، شوێنی کراوە نووسەر بۆ زۆر مەبەست بەکاری هێناوە، کە لە زۆربەی دەقی ڕۆمانەکەدا تێبینی دەکەین **(( لەفرۆکەخانەی ئەستەمبوڵ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەو خەڵکە بوو، ئەوەندە پەلەیانە، هەموان گورج و گۆڵانە هەنهاو دەنێن، هەرگیز ئەوەندە مرۆڤی جۆراوجۆرم نەدیبوو))**(دەغدو، ل ١٩٧)، کەواتە شوێنی کراوە لەڕۆماندا مەبەستە، جیاوازییە، گۆڕانکارییە..هتد.

## ٤-شوێنی داخراو:

دەســـــەڵاتی مرۆڤ لەســـــەرزەوی ســـــنووردارە، هەندێک جار یەزدان چوارچێوەی بۆ داناو، هەندێک جاریش مرۆڤەکان، شــوێنی داخراوبریتیە: لەپانتایی دەســتەڵاتی کاراکتەر، کەتواناکانی خودی تێدا بە گەڕ دەخرێت و بەڕووی خەڵکیدا داخراون و لە ژێر ڕکێفی تاک دایە و سنور بەندییەک بەڕووی خەڵکانی تردا دانراوە، کەناتوانن دەسەڵاتی خۆیان تیا بەگەڕ بخەن، وەک: (ماڵ، زیندان، ژوور)، کە ڕووبەرێکی جوگرافی دیـاریکراویـان هەیە، یـان (( بەو شـــــوێنـانە دەوترێ کە لەبەر دەم هەموو کەس کراوە نییە، داخراوە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراوی هەیە، هەڵسـوکەوتکردن تێیدا بۆ کەسـەکانی سـنوردارە هەندێجاریش ئەم جۆرە شوێنە لە گۆشەنیگای ڕۆمان نووسەوە دروست دەبێت)) (کمال، ٢٠٢٠ : internet).

ئەم جۆرە شـــــوێنانە هەیبەت و قورســـــایی کاراکتەر دەردەخەن لە پراکتیزەکردنی دەســـــەلاتیاندا، نموونەیەکیشـــە بۆدەرەوی ئەم جۆرە شـــوێنانە، بۆ نموونە: **((ســـەری کاتژمێر گەیشـــتینە بەرباخچەی مامۆسـتا، لەو نزیکەی زانکۆی بەغدایە بەسـەر ڕووباری دیجلەوە، سێ لای دیواری بەرزوبڵند، باخچەی شاردبووەوە... دەرودەروازە چەک بەدەست، زرتە زەلام ڕاوەستابوون))**(دەغدو، ل١٨٠)، باخچەی مامۆ ستا شـــوێنێکی داخراوە تایبەتە بە پراکتیزەکردنی دەســـەڵاتی مرۆڤێک کە وەک مامۆســـتا خۆی ناســـاندووە، مرۆڤێک لەچوارچێوەی باخچەیەکی داخراودا، دەســـەڵاتی نامرۆڤانەی خۆی پیادە دەکات!، لێرەدا شـــوێنی داخراو کاریگەری لەســـەر ڕەوشـتی کاراکتەر درووسـت کردووە، کە ڕۆماننووس هەڵسـەنگاندن لەنێوان دووکاراکتەری مامۆستادا دەکات، لە سۆنگەی شوێنی داخراوەوە.

لەدەقێکی تری ڕۆمانەکەدا شـــوێنی داخراو پردی پەڕینەوەی گۆڕانکارییە لە ژیانی کاراکتەردا، لە بوون و گەیشـــتن بەئاواتەکانی خوددا دەردەکەوێت، وەک لەم دەقەدا هاتووە: **((دوای چەنە چەنێکی دوورودرێژ هەمان خانووی بندەســـتی شـــورە بەردینەکەی شـــاری نەینەوامان کڕی.. بەفەلاکەتێکی زۆر و زەبەنەوە ژوورێکمان تیادا سازاند))**(دەغدو، ل٣٧)، ژوور لەژێر دەسـەڵاتی کاراکتەری(سـەنگەر)دایە، گۆڕی (دەغدو)ی بەهەموو ئەوتاج وسۆڵج و خشڵە گران بەهاکانی(٢٧٠٠)ساڵی دەسەلاتی مادی لەناودایە، کە بووەتە هۆی گۆڕینی ژیانی(سەنگەر) بەدیوێکی ترد، یان دەڵێت: **(( کاک سەنگەر.. من ژنێکم دووهەزاروپێنج سەد ساڵ لەمەو بەر کوژراوم، گۆڕەکەشـم لەناو ئەم ژوورەی تۆدایە، جادووم لێکراوە))**(دەغدو، ل٦١)، شـوێن لێرەدا هۆکارە بۆدۆزینەوەی مێژووی ٢٧٠٠ساڵەی میللەتێک، کەمێژووەکەیان گوماناوی و بێ ئەرزش بووە.

## ٥-شوێنی واقیعی

مرۆڤ لە دنیای واقیعدا دەژی، ئاشـــنایە بە هەموو ئەوشـــتانەی لەدەوروبەریدایە، هەموو شـــتەکانیش بەرهەمی شـــــوێنێکی واقیعین، بەرجەســـــتەییان وای کردووە ببنە هاوڕێی و بە بەرکەوتن یان بینین یان بیستنی بیان ناسێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە شوێنی واقعی ئەو شوێنەیە کە وەرگر هەست بەبوونی واقیعێک دەکات، ڕۆلان بارت پی وایە، کە : ((ناکرێ واقیعیەت بکەینە شێوازێک بۆشتەکان، بەڵکو ئەوە مەعریفەتی زمانە، بۆیە ئەو کاریگەرەی وێنەی واقیعی پێ دەکێشـــرێ واقیعی لێ دەرناچێ بەڵکو ئەوەی لە ناوەڕۆک

بەرهەمی دەهێنێ جیاوازە لە هەموو پێکهاتەکانی تر، ئەمەش لەخۆیدا ناواقیعی زمانەکەشیان دەدات))(بارت، ٢٠٠٧، ٤٥)، ڕۆمانی دەغدو لەشوێنێکی واقیعیەوە دەست پێدەکات و لەشوینێکی واقیعیشەوە دەرئەنجامەکان بەدەســـت دێنێت، وەک لەم دەقەدا هاتووە: ((**لە موســـڵ بەرەوخوار نەچوبووم، شـــارەکانی لای خۆمان هەموو گەڕابووم، ئەمجارەیان بەرەو خوار هاتبووم، دواسـنووری خوارەوەی ئێراق، پارێزگای بەسـرە و قەزای زوبێرە** ))(دەغدو، ١١). موسڵ، بەسرە، زوبێر لەمێژە واقیع بوونیان سەلماندووە، ئاشنای بەبیستن بەبینین، ڕۆماننووس کردویەتیە ســـەرچاوەی بەدەســـتهێنانی ڕووداو و کاراکتەر، لێرەوە ڕووداوەکانی ســـەرچاوەیان گرتووە و کاراکتەرەکان ســـەریان هەڵداوە بۆ جموجوڵ و بەجێگەیاندنی بیرۆکەکانی ڕۆماننووس.

دەکرێت بپرسین، ئایا شوێنی واقیعی لەڕۆمانەکەدا بۆهەولێر یان سلێمانی نەبوو؟ یان هەرشارێکی تری ئەم کوردستانە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکەدایە، کەنووسەر بۆخوێنەری جێدێڵێت، بەش بەحاڵی تێگەیشتنی ئیمە بۆئەم پرسیارە، پەیوەندی پتەوی شوێنە بە کاراکتەرەوە، پەیوەندییەکەش کرانەوەی گرێکوێرەکانە لەئازادکردنی ڕۆحیانەتی جادولیکراوی دەغدودا.

(( ئەگەر شوێن شوێنێکی واقیعی و دیاریکراو نەبێت، دەورێکی ئەوتۆ لەبونیادی کاراکتەر و نواندنی ڕەهەندە فیکری و سایکۆلۆژییەکانیدا نابینێت))(عارف، ٢٠٢١، :٤٠٧)، زیندووکردنەوەی کاراکتەری دەغدو لە شوێنێکی واقیعی وەک (موسڵ)دا، کردنەوەی ئەوگرێکوێرانەیە، کە بەستراوەتەوە بەهەڵدانەوەی مێژووی میللەتێک، لە هەموو ئەو نادادیانەی دراوەتە پاڵ مێژووەکەیان.

### ٦-شوێنی خەیاڵی:

ڕەگی هەموو ڕۆمانێک لەواقیعدایە، ڕۆماننووس هانا بۆخەیاڵ نابات، تا لە واقیعدا وێنەی شوێنێک، کاراکتەرێک، ڕووداوایک سەرنجی ڕانەکێشابێت. واقیعیش بەتەنها وەک ئێسکەپەیکەری مرۆڤە بەبێ ئەوەی بەگۆشت داپۆشرابێ، خەیاڵیش بەشە جوانکارییەکەی ئەدەبیاتە بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی.

لەبازنەی بەرهەمهێنانی ڕۆماندا شوێنی خەیاڵی، ئاستی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای نووسەر دەناسێنێ و دەبێتە هەوێنی بیرکردنەوەی خوێنەر لەداهاتوو، کە شوێنی خەیاڵی بەرجەستەکرا ڕووداو کاراکتەری خەیاڵیش خۆیان دەخزێننە ناویەوە و دەبنە مادە بۆ بەرهەمی داهاتوو، شوێنی خەیاڵی شوێنێکە لەڕووی بوونەوە ڕاستەقینە نییە، بەڵکو لەڕۆماندا ئەندێشەی ڕۆماننووس بەرهەمی دەهێنێت. ((ئەوشوێنانەیە کە مێشک درکیان پێدەکات، بەڵام لەنێویان ژیان بەسەر نابەن، دەزانین لە کات و شوێنیکدا هەبوون، بەڵام کات و شوێنی ئیمە نیە)) (کمال، ٢٠٢٠ :internet)

خەیاڵ بەهەموو بەشەکانییەوە ڕەنگدانەوەی بەسەرکۆی ڕۆمانی دەغدودا هەیە، شوێنی خەیاڵیش بەشێکە لەدنیا تایبەتییەکەی نووسەر، کە خۆی لەبنەڕەتتدا لەژێر کاریگەری واقیعی شوێندایە.

مەرجیش نییە ئەم شوێنەی ڕۆماننوس دروستی کردووە هاوشێوەی لە ژیان دا هەبێت، ئەوەی گرنگە خەیاڵی خوێنەرە، تا چ ڕادەیەک ڕازی دەبێت ئەو شوێنە هەبێت و لەگەڵ خەیاڵی ئەودا دەگونجێت، بەم پێیە

شوێنی خەیاڵی ئەو شوێنەیە لەسەر زەوی بوونی نییە بەرجەستە و واقیعی نییە، تەنیاهەست بەبونی دەکرێت، نابینرێ و ناشکرێ بوونەکەی جێگیر بکرێت، بەڵکو وێنەیەکی گریمانە کراوە، کە سەرچاوەکەی خەیاڵە، نووسەر لەدەقێکیدا شوێنی خەیاڵیمان پێدەناسێنێت و لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئاینیدا بۆچوونی خۆی لەسەرجیهانی بەرزەخ دەخاتە ڕوو، کەڕەنگە هاوتای بیرکردنەوەی هەریەکەمان بێت **((دنیای ئێمەی ئەرواح پەپێی فەرمانی خودا جارێ لەحەشرو نەشرەوە بەدوورین، (لەبەرزەخ)داین، زۆر لەئەرواح لەبەرزەخدا خودا هیدایەتی داوە و لە دنیای تاریکییەوە بەگوێرەی کاروکردەوەی دەیگوێزێتەوە دەوروبەرێکی ڕۆشن))**(دەغدو، ٨٩)، بەرزەخ جیهانێکی خەیاڵییە بەلای مرۆڤەوە، هەرچەندە لەڕووکارە دینیەکەوە لەلای هەریەکەمان وێنەیەکی خەیاڵی بەپێی توانای تێگەیشتنمان دروستکردووە، شوێنیش پێناسە مێژوویەکەی تێپەڕاندووە، تەنها شوێنی ژیان نییە، بەڵکو هۆکارە بۆبینینی دیوەشاراوەکەی ژیان، کە پێویستیان بە پراکتیزەکردنی نوێ و بینینی هەمەلایەنە هەیە.

### ٢ /٤ : کاراکتەر

ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ڕۆمان، لە وشە و قسەکردندا بەرجەستە دەبێت، وەسف و وێناکردن و نیشاندانی کردەوەکانی هەموو بەهۆی قسەکردنەوەیە، کە کاراکتەر لەدەرەوەی وشە و بیر و دەلالاتی ڕۆمانەوە بوونی نییە، یا کاراکتەر ئەوەیە، کە تەواوی ڕووداوەکانی لەخۆگرتبێ و ئەمەش بەتووندی پەیوەستە بەچنینەوە، بەشێکە لێی هەرگیز لێکدانابڕێن، کەسێتی چەقی بیر و بۆچوونە گشتیەکانە، بۆیە بیر و واتا دەبنە پێشەنگی هەموو ڕۆمانێک، کاراکتەریش یا سادە، یا ئاڵۆز دەبن، بەڵام سیفەتی ڕوونی لەدەست نادات.

کاراکتەر کە بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی ڕۆمان دادەنرێت، داینەمۆی سەرجەم ڕووداو و چیرۆکەکانیەتی، واتە گێڕانەوە بێ بەها دەردەکەوێت لەدەرەوەی کاراکتەردا، بۆیە کارکردن لەگەڵ کاراکتەری ڕۆماندا جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی دەوێت، ڕەگەزێکە دەتوانێت سەرجەم ڕەگەز و بنەماکانی تر لەڕێی جوڵەوە دەربخات، پێکەوە کۆیان بکاتەوە.

کاراکتەر لە گێڕانەوەدا بوونی دەردەکەوێت، لەڕێگەی کات و شوێنەوە، ڕووداوەکان دەگوێزێتەوە بۆخوێنەر، ((دەکرێت بە ڕۆحی ڕۆمان دابنرێت و ڕۆمانیش بە کاراکتەر ئاوەدان دەبێتەوە، چۆن دنیا بەبێ مرۆڤ ئاوەدان نابێتەوە و بێ لوتف و جوانی و بێ مانایە، ڕۆمانیش بەبێ کاراکتەر هیچ ئەفسوون و جوانییەکی دەرناکەوێت و ڕەمز و ڕاز و ماناکانی کەشف نابن))(عارف، ٢٠٢١، ٧٩)، واتە باسکردن لە ڕووداو و شوێن و کات لە ڕۆماندا، بەبێ ئامادەیی کاراکتەر وەک جەستەیەکی بێ ڕۆح وایە.

لەهونەری ڕۆماندا کاراکتەر هەمیشە وەک کلیلی بەها بەدەست هاتووە کانییەتی، بەشێوەیەک ((کەسایەتی دەکەوێتە ناخی خودی چیرۆک، بەشێوەیەک چیرۆک بوونی نییە، ئەگەر کەسایەتییەک نەبێ پاڵەوانێتی ڕووداوەکان بکات و کارەکان ڕێک بخات و ڕەهەندی حیکایەتی بداتە چیرۆک نووس))(عەبدول ڕەحمان، ٢٠١٠، ١٠٤)، ڕۆمانیش لە کۆمەڵێک چیرۆک و ڕووداو پێک هاتووە، بۆیە هەر ڕووداوێک پێویستی بەئەدایەک و

هەڵسوکەوتێکی جیاواز هەیە، ڤەنسان ژووف پێی وایە: ((کاراکتەر (کەسایەتی) هەڵگری یەک یا چەند لەو دەورانەیە، کە بۆ پێش چوونی چیرۆک پێویستن))(ئەحمەدی ، ٢٠٢٠، ٤١٩).

کەواتە کاراکتەر ڕەگەزێکی گرنگی نێو ڕۆمانە و پێشکەشکاری بیرۆکە و دەرخستنی کات وشوێن وسەرجەم ڕەگەزەکانی ترە، ڕۆماننووس بۆ ئەوەی کاراکتەرێکی توند و تۆڵ و پڕا و پڕ لەکەسایەتی بەرهەم بێنێت، پێویستە بچێتە قوڵایی کۆمەڵگاوە و کاراکتەرەکان دەستە بژێر بکات و ڕۆڵیان پێ بگێڕێت. ((بیگومان لەڕۆماندا کاراکتەرەکان گەورەترین ئەرک لەئەستۆ دەگرن، چونکە ئەوان حاڵەتێک یا شێوەیەکی مرۆڤن لە بارودۆخێکی تایبەتیدا))(سدیق ٢٠٢٠،ل٤٢)، واتە هەرچەند کاراکتەر لە ڕۆمانێکدا ڕۆڵ ببینن هێندە جیاوازی بیروڕا و کەسێتیان نیشان دەدرێت، ((کاراکتەر هەرچەندە نووسەر دەیخوڵقێنێت، بەڵام لەگەڵ یەکەمین هەنگاوەکانی دەستپێکی ڕۆمانەکەدا ئیدی ژیانی سەربەخۆی خۆی دەبێت))(مونیف، ٢٠١٣، ١١).

ئەوەی کاراکتەر لە کەسێتی نووسەر جیادەکاتەوە، ئەو کیانە سەربەخۆیەیە، کە بچڕاوە لە هەڵسوکەوتی نووسەرەکە، چونکە ڕۆماننووس ناتوانێت هەموو ڕەوشتەکانی خۆی لە کاراکتەردا یەکلابکاتەوە.

کاراکتەر لەڕۆمانی دەغدودا ڕەگەزێکی ئاوەدان و پڕ لەکاراکتەری هەمەچەشنەیە، ڕۆڵی گێڕانەوەیان لەسەر ڕاوەستاوە، هەرچەندە خوڵقاوی دەستی نووسەرن و ڕەگیشیان لە دنیای واقیعدایە، بەڵام سەبەخۆیی دوور لەدنیای فەرمان پێکراو ئاراستە کراون، لەژێر ڕکێفی نووسەردا نین و سەربەخۆ ئەدای خۆیان دەکەن، لەکاتی خوێندنەوەدا خوێنەر هیچ کاتێک گومانی کۆنترۆڵکراو بە هۆشیدا نایەت، واتە وادێنە پێش چاو کەبەرپرسن لەڕەفتار و هەڵوێستی خۆیان.

ئاشـــنایەتی کەســـێتی ڕۆماننوس لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشـــبیری و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی کۆمەڵگای جیهان بەگشـتی، ڕەنگدانەوەی لەســەربنیاتنانی کاراکتەرەکانی هەیە، واتە ســەرجەم کاراکتەرە ســـــەرەکی و لاوەکیەکانی، هەمان شـــێوەی کاراکتەری ناو واقیعی ژیانن، هەر لە هەیکەل و لەناخ و ناوەڕۆکیشیاندا.

لەجیهانی ڕۆمانەونیدا ڕۆڵی کاراکتەرەکان بەپێی دەرکەوتن و ئەرکیان دابەشکراون بۆ دووجۆر، کە کاراکتەری( سەرەکی و لاوەکی) ین، نووسەر توانیویەتی جیاوزیان لە نمایشکردن و هەڵسوکەوتیاندا دەربخات.

**کاراکتەری سەرەکی:**

ئەو کاراکتەرەیە: ((کەپانتاییەکی فراون و گەورە لەگێڕانەوەدا پڕ دەکاتەوە و لەزۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بوون و ئامادەگی هەیە، یان ئەو کارکتەرەیە، کەدەورێکی ئێجگار فرەی لەڕووداوەکاندا هەیەو ڕووداوەکان دەجوڵێنێت و ئاراستەیان دەکات، مەرجیش نییە پانتاییەکی زۆر لەپرۆسەی گێڕانەوکاندا پڕبکاتەوە))(عارف، ٢٠٢١، ٤٠٥)، لەم ڕووەوە ڕۆمانی (دەغدو) تەنها یەک کاراکتەری سەرکی هەیە بەناوی (سەنگەر)، هەرچەندە کاراکتەری(دەغدو)ش دەرکەوتن و ئامادەیی لە زۆرینەی دەقەکانی ڕۆمانەکەدا هەیە،

بەڵام لە ئامادەیی و گێڕانەوەدا خوێنەر جیاوزیان دەکات، (سەنگەر)پانتایی فراونی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەکەوێتە سەر، ڕۆڵی گێڕەرەوەی خراوەتە ئەستۆ، لەدەستپێکی ڕۆمانەکەوە تاکۆتایی هەست بەدابڕانی ناکرێت و لەکاتی خوێندنەوەشدا دەبێتە هاوڕێیەکی دانەبڕاوی خوێنەر، سەنگەر دەڵێت: ((**دایکم لا سەری نابووە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە، لەرینەوەیەکی مەوزوون و ڕیتمدار بە تەواوی لەشیەوە دەبینرا**)) (دەغدو، ٥)، سەنگەر لە یەکەم لاپەرەی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت، کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە، لێرەدا (سەنگەر) وەک یەکەم کاراکتەری سەرەکی لەلایەن ڕۆماننووسەوە، ڕۆڵی پێدەسپێردرێت لە سەربەخۆیی لەئەداکرن وگێڕانەوکاند.

لەبارەی کارکتەری سەرکی لەڕۆماندا(ئیبراهیمی یونسی) دەڵێت: ((هەر چیرۆکێکی باش بخوێنینەوە، دەبینین لە کەسێتییەکی سەرەکی زیاتری تێدا نییە، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە هەموو زنجیرە ڕووداوی چیرۆکەکە لە نێوان دوو کەسایەتی دایەو هەردووکیان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر چیرۆکەکە، سەرنج دەدەین کە کاریگەری و گرنگی یەکێکیان زیاترە. جگە لە کارەکتەری سەرەکی، لەوانەیە یەکێک یان چەند کارەکتەرێکی دیکەش لە چیرۆکەکەدا هەبن، کە بە گشتی ئەم کەسانە بە کارەکتەری لاوەکی دادەنرێن))(فەرەج، ٢٠١٢، ١١)، ڕۆمانیش فرەدەنگە، واتە گێڕانەوەی چەندین چیرۆیکی جیاوزە و بۆهەر چیرۆکێک کاراکتەرێک سەرەکی دەبێت، بەڵام لە ڕۆمانی دەغدودا کۆی چیرۆکەکان کاراکتەری سەرەکی(سەنگەر) ڕۆڵ دەبینێت.

لەم ڕۆمانەدا هەرچەندە کاراکتەری دەغدو لە ڕووی دەرکەوتنەوە هاوتای سەنگەرە، بەڵام لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تابەشی شەشەم هیچ ئامادەییەکی نییە، بۆیە بەتەنها سەنگەر وەک کاراکتەری سەرکی دەتوانرێت دەست نیشان بکرێت.

کاراکتەر ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕۆماندا دەگێڕێت، کاریگەری بەهێزی لەســەر خوێنەر هەیە، بۆیە نیشــاندانی کەســێتی ســەرەکی بەتایبەتی لەلایەن ڕۆماننووســەوە لەڕووی کەســایەتی و هەڵســوکەوتیەوە، پێویســتی بەوە هەیە هەڵسوکەوتەکانیان مەنتیقی بێت و خوێنەر بڕوای پێ بکات، دەشێت ئەم وەسفە بۆکەسایەتیە لاوەکیەکانیش بەڕاست دابنێین.

## کاراکتەری لاوەکی:

ئەو جۆرە کاراکتەرانەن کە ڕۆماننووس بەپێی پێویســت و تایبەت بەڕووداوێک و گێڕانەویەک لەڕۆماندا دەیان خولقێنێت و ڕۆڵیان پێدەبەخشــــێت، هەندێک جار دەرکەوتن و ڕۆڵیان لەڕۆماندا هیچ کەمتر نییە لەکاراکتەری سەرەکی، بەڵام لەڕووی ئەرکەوە دەکەوێتە دوای کاراکتەری سەرەکییەوە.

ڕۆمان بەکاراکتەر ئاوەدان دەبێتەوە، بۆیە لەڕووی کاراکتەری لاوەکییەوە ڕۆمانی دەغدو زۆرترین کاراکتەری لاوەکی لەخۆگرتووە، ڕێژەیان زیاتر لە(٥٠)کاراکتەرە، بۆ نموونە:(دایک و باوکی سەنگەر، خەمیس، بەڕێوەبەری ئاسایش، هێمن، شەلال، لۆما، سەدام، ئەبوعلی،خەیمە، تەحسین، گوارە، خودیدە، عودەی، قوسەی، فەرەنسیس، ڕەشید چەتۆ، هەڵۆ، شۆخە لوسی، سەعید ئاغا، لیوان، ...هتد).

**((خەمیس هاتەلامەوە بەئەسپایی وتی: دەتەوێت چەند فلسێکت دەست بکەوێ؟))**(دەغدو، ل١٧)
**((کاکە من وتۆ کرێکاری دەکەین بۆ(شەلال) ی برام، هیچ مەترسی تێدانییە..))**(دەغدو، ل١٨)
**((ئیدی ترس وتۆقیانی پێشووم نابووە لاوە، من و(خەیمە) کەیەکترمان دەدی لەماوەی دیتندا سەرجەم دووڕستەمان قسە لەدەم نەدەهاتە دەرەوە))**(دەغدو، ل ٢٩)
**((بەچاکم زانی پەنا ببەمە بەر(دەغدو) لەیەک چرکەدا (دەغدو) وەلامی دایەوە))**(دەغدو، ل٧١)، ...هتد.

زۆری کـاراکتەرەکـانی نـاوڕۆمـانی (دەغـدو) بەڵگەی فراونی بیروهزری ڕۆمـاننووس دەردەخـات، لەچارەسەرکردنی ڕووداوەکاندا، چونکە هەرجۆرە ڕووداوێک و دیاردەیەک پێوێستی بەجۆرە کەسێتی و عەقڵ دیدگای جیاوز هەیە، ڕووداوی ڕزگارکردنی (گوارە) پورزای (سـەنگەر) لەناوخۆی فەرەنسـادا لەتوانای کەسایەتی (لووسی) دا خۆی دەبینێتەوە، نەوەک کاراکتەری(هەڵۆ)، کە لەڕووی زمان و کەسێتی و شارەزایەوە بەتەنها لەچوارچێوەی وڵات نەچووەتە دەر.

جۆری کاراکتەر لەڕووی سروشتی کەسێتییەوە دەکرێت بەدووبەشەوە، کاراکتەری(سادە) و کارکتەری (ئالۆزە)، لەڕۆمانی دەغدودا، هەردوو جۆەرەکە لەدەقەکانی ڕۆمانەکەدا تێبینی دەکرێت:

### کاراکتەری سادە:

ئەم جۆرە کاراکتەرە دەکرێت لە ناوەکەی خۆیەوە پێناسە بکرێت، بەم پێیە دەکرێت بڵێین: ((ئەوجۆرە کاراکتەرەیە، کە بتوانرێ لەیەک فۆڕمدا بەرجەستە بکرێ و یەک ڕەهەند و یەک لایەن بێ و بەئاسانی بناسرێت))(عارف، ٢٠٢١: ٢٢٦)، زۆر لە کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانی دەغدو لەم جۆرە کاراکتەرانەن، کەبەئاسانی خوێنەر پەی بەبیرکردنەوە و هەڵوێستیان دەبات، وەک لە نموونەیەکی ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت: **(( بەو نەزانینەمەوە وتەکانی خەیمە گێژی کردبووم، حەقیشم بوو، ئەو دەم هەر دەبووا وا تێفکرابام کە بیروڕای خەیمە و دایکی بەرەڵلاییە و بەس))** (دەغدو، ل ٣٠)، خەیمە نمونەیەکە لە کاراکتەرتە سادەکانی ڕۆمانەکە، چونکە ڕۆماننووس تەنها بۆ نیشاندانی بابەتی ئیرۆتیکی ڕۆڵی پێدەبەخشێت و خوێنەریش بەتەنها لەو گۆشە نیگایەوە دەیبینێت.

### کاراکتەری ئاڵۆز:

ئەم جۆرە کاراکتەرەش بەهەمان شـێوە دەکرێت لەناوەکەیەوە پێناسـە بکەین، ((ئەو جۆرە کاراکتەرەیە ، کەهەزار تۆنی هەبێ و بەئاسـانی پەی پێ نەبرێت و غافڵگییرت بکات، بەشـێوەیەکی گشـتیش ئەم جۆرە کاراکتەرە لەبارترە بۆ پڕکردنەوەی بۆشـاییە هونەرییەکانی هەرکارێکی هونەری))(عارف،، ٢٠٢١، ٢٢٧). کاراکتەری(دەغدو) یەکێکە لەکاراکتەرە ئالۆزەکانی ڕۆمانی دەغدو، کەهەندێک جار خوێنەر هەست دەکات کاراکتەرێکی سـەرکی ناو ڕۆمانەکەیە، لەبەرئەوەی ڕۆڵی زۆربەی گێڕانەوە مێژووییەکانی دەگێرێت و لەزۆربەی ڕووداوەکاندا بەشـدارە و پەی بە دید و بۆچوونەکانی نابرێت، چونکە لە هەر ڕووداوێکدا بەشێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێ، **(( ئەو بابەت و قسانە (باوکە ئیستیڤان) دەهەژێنێت و دەیهێنێتە سەما**

**و حەشۆکە، کابرا شێتی ئەم بەزمەیە و لای وایە نامرێت..))**(دەغدو، ل ١١١)، قەشە ئیستیڤان پیاوی کڵێسایە، بەڵام لەپشتی پەردەوە بە کاری بازرگانی خەریکە، ڕۆماننووس بۆ دەرخستنی ئەم جۆرە کەسێیە ئاینانە هێناویەتی، خوڵقاندنی کاراکتەریش لە ڕۆماندا مەبەستە، مەبەستیش لێی نیشاندانی ڕەوشتی مرۆڤەکانە.

لە بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا باس لەوە دەکات، کە چۆن دەکرێت ئاسەوار و سەروەت و سامانی میللەتێک لەناو ببرێت و هەڕاج فرۆش بکرێت، دووکاراکتەری کردۆتە نیشاندەری ڕابردوویەک و لە هەڵسوکەوتیاندا مێژوویەک دەگێڕنەوە ،.**((کاتێک تاج و سـوڵجان و بازیوەنەکەی شـا دیاکۆ باوکی دەغدوم خستە بەردەستی لوسی و هاوەلانی، باوەڕیان نەدەکرد دوای دووهەزارو حەوت سەدساڵ بەو زەرافەت و بریق و هورەوە مابیتەوە))**(دەغدو، ل١١٥). کەواتە کاراکتەری ئالۆز گرنگە بۆ ڕۆمان و دەتوانرێت زۆرینەی کەلێنەکانی ڕۆمانی پێ پڕکرێتەوە.

((هەموو ڕۆمانێکی جدی هەڵگری ئەزموونێکی دەوڵەمەندی ژیانی کارەکتەرەکانێتی، ئەمە سەرەڕای ئەو وردەکارییانەی پەیوەستـن بەشـوێن و ڕووداوە مێژووییە گەورە و بچووکەکان و بەرئەنجامەکانیانەوە))(سـدیق، ٢٠٢٠ : ٩٧)، بێگومان ئەزموونی کاراکتەر لەڕۆمانی دەغدودا، ئەزموونی نووسەر لەژیاندا دەردەخات و پەیبردنە بەسەرجەم ئەو دیاردانەی کە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە.

((ڕۆماننوسە گەورەکان لەکاتی قسەکردن لەسەر ئەزموونی ڕۆماننووسییان، جەخت لەوە دەکەنەوە، لەدایک بوونی کاراکتەرە زیندووەکان، گرنگترین و زەحمەتترین کارە، لەپرۆسـەی داهێناندا تووشـیان هاتبێت، چونکە کاراکتەری ڕۆمان بوکەڵەنین، نووسـەر چۆنی بوێت بیانجوڵێنێت و بیانهێنێتەوە گۆ)) (هۆشیار،٢٠١٧ : ١٢)،

گەر پرسیاری ئەوەبکرێت ئایا ڕۆماننووس لەخەیاڵی خۆیدا کاراکتەرەکان دروست دەکات؟، یان لەواقیعدا خۆیان هەن؟ بۆئەم مەبەستە ڕۆماننووس دەبێت شارەزاییەکی باشی لە ناسینی تاکەکانی کۆمەڵگای هەبێت، هەر لە عەقڵیەت و ڕەوشت و ئاستی کۆمەلایەتی و باری دەرونی و شێوازی قسەکرد ن و....هتد، چونکە خوینەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا ورد و درشتی ئەوانەی باسکران دێنێتە پیش چاوی خۆی، گەر وانەبێت ڕۆمان نووس بە کەمتەرخەم و بێ زانیاری و کەم ئەزموون دەناسرێت.

لەڕووی گەشەکردنی کاراکتەریشەوە، (پەرێز سابیر) دوو جۆری دیکە لە کارەکتەر دیاریدەکات[ کاراکتەری گۆڕاو(گەشەکردوو) و کاراکتەری نەگۆڕ]، بۆچوونیشی وایە ئەوەی بە بایەخدارییەوە لێی دەڕوانرێت و بۆ چیرۆک گرنگە، جۆری یەکەمیانە، واتە کارەکتەری گۆڕاوە، ئەم جۆرەش ئەو کەساییەتیانە دەگرێتەوە، کە لەناو چیرۆکەکاندا بە هۆی گرێچنی ڕووداوی چیرۆکەوە، گەشە دەکەن و لەباری دەروونی ڕەوشت و لە چیرۆکدا لە ئاستێکدا ناوەستن، ((ڕۆمانوسی سەرکەوتوو هەوڵی دامەزراندنی ئەم جۆرە دەدات، چونکە توانای فرەیە و ئاستی ڕۆمانەکە بەرزتر دەکاتەوە، تەمەنی درێژە و دەرەنگتریش لە بیردەچێتەوە))(فەرەج، ٢٠١٢ : ٢٨)، لەڕۆمانی دەغدودا ئەم جۆرە کاراکتەرانە ئامادەییان هەیە و لەسەربنەمای یاساکانی ڕۆمان بنیاد نراون، بۆنموونە: کاراکتەری گەشەکردوو وەک: **(دەغدو، خەمیس، تەحسین، هەڵۆ،**

**لووسی، شۆخە)**، کاراکتەری نەگۆڕیش وەک:(**دایک وباوکی سەنگەر، شەلال، خودیدە، لۆما، بەڕێوەبەری ئاسایش، خەیمە، باوکە ئیستیفان، ڕەشید چەتۆ، مامۆستا لوئەی، لیوان، عودەی، قوسەی،..هتد).**

کاراکتەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەبنەماکانی تری ڕۆمانەوە هەیە، بۆنموونە: ((لەدەرەوەی زماندا کەسایەتی هیچ بووونێکی نییە، بەڵکو بەرجەستە بوونی لەخودی زمانەکەدایە، لەکەش و هەوایەکی جێکاتی، کەنووسەرەکە ویستوویەتی و لەتێکستەکەدا سنووری بۆکێشاوە))(سەڕاج، ٢٠٠٧، ٤٦)، بوونی ئازادی لە کۆمەڵگەدا گرێکوێرەی کاراکتەر دەدۆزێتەوە، لەوەی کە لەهەندێک ڕۆمانا دەگەنە بەربەستێک و و ناتوانن دەربچن، بەڵام نەبوونی ئازادی کۆمەڵگە دەکاتە بەرد و ئیمکاناتی تێدا ناهێڵێت، ڕەنگدانەوەی لە سەر کاراکتەرەکانی دادەنێت.

## ٤/٢ : گێڕانەوە

گێڕانەوە ئەرکی گەیاندنی ڕاســـتیەکان یان ڕووداوەکانە بۆ خاڵێکی دیاریکراو، ئەمەش لەبەین بردنی تەواوی بوونەکانە(وجودی) و هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی پەیوەســتییەکی لۆجیکی لەگەڵ ڕووداو و کێشــەکانی تردا.

گێڕانەوە ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە، هێڵی پەیوەندی و گواستنەوەی ڕووداوەکانە بۆ پێش چاوی خوێنەر، لەڕێگەی گێڕەرەوە بە تەکنیک پلانی بۆ دارێژراوە، گەیاندنەکەش گۆڕینی زانیارییە بۆ هەواڵ، گێڕانەوەش لەڕۆماندا بریتییە: لەگواستنەوەی چیرۆک بۆ خوێنەرلەڕێگەی نووسینەوە، (( دەشێت زارەکی بێ، یان بە نووسین دەرببڕدرێت، هەروەها دەشێ لەوێنەیەکی بزۆک یان نەبزۆکدا بەرجەستەبێ، بەڵام ئەم پرۆسێسە لەڕێگەی نووســـینەوە بەڕێوە دەچێت، واتە لەڕێگەی ڕیزبەندی پێکهاتەکانی ڕســـتەوە))(یاقووب، ٢٠١٩، ٨٧)، ڕۆمان بەر لە هەر شتێ گێڕانەوەیە ئەمە بەو مانایە کە لە ڕۆماندا ڕەوتی ڕووداوەکان بوونی هەیە.

((گێڕانەوە شـــێوەی، یان هونەری گەیاندنی چیرۆکە بەخوێنەر، ئەویش بەزمانێکی تۆمارکراوی چەند ڕووداوێک و چەند کەســـایەتی، لەجێکاتێکی ئەو تۆدا، کە ئەو خوێنەرە ڕابکێشـــێ و ســـەرســـامی بکات، ئەمەش سـێکوچکەی (گێڕەرەوە، گێڕانەوە، خوێنەر)مان بۆدووپات دەکاتەوە))(سـەڕاج، ٢٠٠٧، ٥٠)، مەبەسـت لە گێرانەوەش لە ڕۆماندا، گەیاندنی بابەت و بیرۆکەی ڕۆمانەکەیە لەڕۆماننووســـەوە بۆخوێنەر، کەواتە گێڕانەوە کۆمەڵێک ڕووداوە لەڕابردوویەکی دوورو نزیکدا ڕوویان داوە و پێویســـت دەکات بخرێنەوە، بەرباسی شرۆڤەکاری و بەرچاوی خوێنەری ئاشنا و نائاشنا بەڕووداوەکان و وەرگرتنی پەند لەئەنجامی هەر ڕووداوێک.

پرۆسەی گێڕانەوە لەڕۆمانی دەغدودا بەپێی شێوازەکانی گێڕانەوە، کە لەڕۆماندا پەیڕەودەکرێت (گێڕەرەوە، دایەلۆگ، مەنەلۆگ) بەئەنجام گەیشتووە:

**گێڕەرەوە:**

بونیادی گێڕانەوە لەخۆیدا سێ شتی گرنگ لە خۆدەگرێت، گێڕەرەوە (راوی)، گێڕانەوە (مروی)، ئەوەی بۆی دەگێڕیتەوە.

گێڕەرەوە: کەسی گێڕەرەوەیە ئەو کەسەیە، کە بە کاری گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵدەستێت، کە دەکرێت ڕۆمانەکە ڕاستی یا وێناوکراو بێت، دەشێت ناوی دیاریکراو نەبێت و جێناوێک بێت، دەشگونجێت تەنها ئاماژەی بۆ بکرێت.

بنەمای گێڕانەوە لە ڕۆمانی دەغدودا لەڕێگەی کاراکتەری کەســــی یەکەم ودووەمی تاکەوە بەئەنجام گەیەنراوە، بەتایبەت لەســـەرەتای ڕۆمانەکەوە بەکەســی یەکەم دەســت پێدەکات و هەندێک جاریش ڕۆڵی گێڕانەوەنەوەکە بازدەداتە ســـەر کەســــی دووەمی تاک، بەتایبەت لەســــەرەتای ڕۆمانەکەدا لەڕێگەی کاراکتەری ســـەرەکی (ســـەنگەر) دەســـت بەگێڕانەوەکان دەکات، وەک لە وەقێکی ڕۆانەکەدا هاتووە (( **باوکیشــم وەک ســەدان مامۆســتای کوردی دیکە لەموســڵ دوورخرا بوویەوە، دوومانگ لەپێش ئێمەدا بۆشــاری (زوبێر)ی لای بەســـرە نێردرابوو))**( دەغدو،ل٥)، ڕۆڵی گێڕانەوە کاتێک بازدەداتە ســەر کەســی دووەمی تاک ئەوکاتەیە کە نووســـەر کاراکتەری (دەغدو) دێنیتە ناو ڕۆمانەکەوە، ســـەرجەم گێرانەوە مێژووییەکانی (٢٧٠٠)ساڵی ڕابردووی پێدەگێڕیتەوە، دەغدو دەڵێت: ((**بە درێژایی حەوت سەد ساڵ زوڵم و زۆر و تاڵانی و کوشتن وبڕینی ئاشوریان بوو بووە هۆی ئەو هەموو قین وکینەی خشتریە** ))(دەغدو، ل ٨٧).

ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکەیدا ئامادەیی هەیە، بەڵام بوونێکی شـــاراوە، بەبێ ئەوەی خۆی ئاشـــکرابکات و خوێنەر پەی پێ بەرێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانیین هەندێک لەئەزموونەکانی خودی نووســـــەرە، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کاراکتەرەوە گێڕانەوەی بۆ دەکات، ((بەدحاڵیبوونێک ســــەبارەت بە گێڕەرەوە و نووســــەر هەیە و ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا بەشـــێکی زۆر لە خوێنەران پێیان وایە، گێڕەرەوە خودی نووســـەر خۆیەتی، ئەمەیش هەڵەیەکی گەورەیە، تەنانەت هەندێک لە نووســـەرانیش بە تایبەتی کاتێک بە جێناوی کەســـی یەکەمی بگۆ، ڕووداوەکان دەگێڕنەوە و ســـوود لە بەشـــێک لە ژیاننامەی خۆیان دەبینن، دەکەونە هەمان هەڵەوە و تووشــــی هەمان بەدحاڵیبوون دەبن، کاتێک وای بۆ دەچن، گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیان، خودی خۆیانن، ئاخر وەک چۆن ڕۆمان زادەی خەیاڵی نووســــەرە، گێڕەرەوەیش چونکە بەشـــێکە لە ڕۆمان، ئەویش تەواو وەک کارەکتەرەکانی دیکەی نێو ڕۆمانەکە، هەر زادەی خەیاڵی نووسەرە))(حەسەن، ٢٠٢٢، internet).

نووســـەر بینەرو هاوڕێی هەندێک لە ڕووداوەکانە، هێندە کاریگەری بەســـەرەوەیە، کە ناتوانێت بیداتە پاڵ گێڕەرەوەیەکی تر، بۆیە لێرەدا هەســـت بەبوونی ڕۆماننووســـیش دەکەیت، **((دوای تەواو بوونی وتەکانم .. سەرۆکی بەرەی کوردستانی ئاڵۆز و توڕە پرسی: کاکە من لێرە چ کارەم چ جۆرە بەرپرسیارێکم؟ تۆ سەرۆکی بەرەی کوردستانی و برێک کاروباری ئێمە بەڕێوە دەبەی.. نەک هەمووی.. باشە تۆلەم بابەتە دەدوێی .. نابێ لەمن بپرسی؟ بۆچی ئێرە کلاســـــی وانەیە و منیش قوتابی جەنابتم تا پەنجە هەڵبرم و مۆڵەتت لێ بخوازم؟))**(دەغدو، ل٢٦٨)، لەم گێرانەوەیەدا ئەوەی هۆکاری بوونی نووســـەر دەردەخات، بەتایبەت خوێنەری ئاشـنا بە ژیانی نووسەر، ڕۆڵی نووسەرە لە ئەنجومەنی حوکومدا بەواقیعی.

بۆ گێڕاویش بریتییە لەوەرگر و گوێگری زانیاری بۆگێڕراو، کەلە خوێنەر و گوێگردا خۆی دەبینێتەوە.

## دیالۆگ:

دیالۆگ یان (گفتوگۆ) یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بونیادنانی ڕۆمان بەگشـــتی، لەپاڵ گێڕانەوە و وەســـفدا ، کەرەســـتەیەکی بەهێزە و پانتاییەکی فراوان لەبنیاتنانی چیرۆکەکانی ناو ڕۆمان پڕ دەکاتەوە، زیندوویی و چێژ بەڕۆمان دەبەخشـێت، خوێنەر لەبێزاری خوێندنەوەی ڕۆمان دووردەخاتەوە، دیالۆگ پانتایی فراوانی لە ڕۆمانەکەدا داگیرکردووە، نووســـەر زۆرینەی گێڕانەوەکانی بەم شـــێوەیە لەنێوان کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی کردووە.

**- دەڵێن دوێنی شەو، ئێرانییەکان (فاو)یان گرتووە..**

**- فاو لێرەوە چەند دوورە؟**

**- سەدوبیست کیلۆمەتر دەبێت..**

**- لەوەدەچێ ئەم کاول بووەشمان پێ ناهێڵن..**(دەغدو، ل ١٩).

پەنابردنە بەر دیالۆگ پەیوەستە بەدەرخستنی باری کەسێتی لە بیرکردنەوە، یاخود شێوازی بیرکردنەوە و هزری کەسایەتی کفتوگۆکەرەکان، لەڕووی شێوازی ژیانیان، ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان، ڕادەی تێگەیشـتن بەکاراکتەرەکان دەبەخشـێت، هەرچەندە پەنا بردنە بەر ئەم شـێوازە لەڕۆماندا کارێکی ئاسـان نییە و جۆرێک لە قورسایی بۆ نووسەر دروست دەکات، کە خۆی لە داڕشتنی گفتوگۆکاندا دەردەکەوێت.

(دیالۆگ) پرۆڤەکردنێکی هەمیشـــەیی کۆمەڵایەتی نووســـەر دەردەخات، واتە بۆئەوەی نووســـەر ئەم ڕەگەزە لەڕۆمانەکەیدا بەرجەســـتە بکات، دەبێت کەســـێکی کۆمەڵایەتی و خوێنەرێکی بە ئەزموون بێت، نووســەر لەم ڕۆمانەدا لەڕێگەی دیالۆگەوە توانیویەتی کەسـێتی کاراکتەرەکان لەو لایەنانەی باسـمان کرد بناسێنێت.

دیالۆگ لەنێوان کاراکتەری سەرەکی و لاوەکیدا:

**((ئەوە چییە سەنگەر، دەڵێی خەو دەبینی؟**

**- نەدایە، سوپاسی خودا دەکەم دایکی وەک تۆم هەیە..**

**باوکم هەڵی دایە:**

**- ئەی من؟**

**- دەبا دەستی تۆیش ماچکەم..**

**- لاچۆ.. نامەوێت.. ئەمشەو لەهۆتێل شەتولعارەب دەنووین..تیایدا خەوتووم، خوا هەلناگرێ خاوێنە**..(دەغدو، ل ١٠)

دیالۆگ لە نیوان کاراکتەری سەرەکی و کاراکتەری گەشەکردوو:

کاراکتەری(سەنگەر، دەغدو)

**- داواکارم ئەم کارەشم بۆبکەیت..؟**

**- بۆچی نازانی هەرکارێک بەمن بکرێت بۆتۆ سەرم پێوە نییە و، بێ یەک و دوودەیکەم..!**

**- بادەزانم، بەڵام لام خۆشە بەدەمی خۆت بیڵیی بۆخۆم بیبیستم.. وەک لەمەو بەر پێم وتووی.. گۆڕەکەم لەژوورەکەی تۆدایە و، بەوردی لەژێر قەرەوێڵەی نووستنەکەتدایە.. داواکارم گۆڕەکەم هەڵکەنی و بیگوێزیتەوە.. دەیکەی؟**(دەغدو، ل ١٠٣).

دیالۆگ سەرەڕای کورت بڕی و درێژەنەدان، گەیاندنی واتایە بەخوێنەر، چونکە گفتوگۆی نێوان دووکاراکتەر تیشک خستنە سەر ئەنجامی گفتوگۆکەیە، کە بەدیالۆگ ناودەبرێت.

**تارمایی عابا ڕەشەکەی توڕدایە لاوە و بێ مەبادا وتی؛**

**ترسام نەیەیت...**

**نەهاتمایە چی؟**

**دەهاتمە سەرت و ڕسواتم دەکردی.**

**چیت پێدەکردم؟**

**لەوقسە قۆڕانە گەڕێ..** (دەغدو، ل ٢٥)

## مۆنەلۆگ:

مۆنەلۆگ یەکێکە لەتەکنیکە گرنگەکـانی گێرانەوە، ڕۆمـاننووس لەگێرانەوەی چیرۆک و ڕووداوەکـانی ڕۆمـاندا بەکاری دەهێنێت، چونکە ((زۆرجار ڕۆماننووس بەشـــێوەیەکی پڕ لەئیســـتاتیک و جوانی ســـەرنجڕاکێشـــانە دەرفەتی بە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەی داوە بدوێ و جارجارێکێش پاڵەوانی چیرۆکەکە بەمەنەلۆگ خۆی لەگەڵ خۆیدا دەدوێنێ))(سەمین، ٢٠٠٩، ٨٧)، شێوازی گێرانەوەی بەهێز و بەپێز لەدارشتنی

چیرۆکەکانی ڕۆماندا، دەبێتە هۆی پێناسـەیەکی سـەرکەوتوو، بۆ تەواوکاری و بەرقەراربوونی ناوەرۆکی چیرۆکەکانی ڕۆمان.

مۆنەلۆگ: ((یەکیکە لەسـیما سـەرەکیەکانی ئەوسـای ئەو مۆدێلە تازەیە و بەهۆیەوە، دەتوانرێت کات وشـوێنەکـان بگۆڕدرێن و ڕووداوی لاوەکیش، بێدنیە ئـاراوە، کە زیـان بەڕووداوی لاوەکیش نەگەیەنن)(بێگەرد،٢٠٢٠ : chirok.net )، ڕۆمـاننووس هەمیشـە بەدوای تەکنیکی داهێنەرانەدا دەگەڕێت، بۆگەیاندنی چیرۆکی ڕووداوەکان، ((مۆنەلۆگ ئەگەر بەجۆرێک لە جۆرەکان زمانی هەڵیت و پەڵیت و ترس و تۆق و شـاردنەوەی ڕاسـتییەکی نکۆڵی لێکراو بێ لە هەمان کاتدا ئازادییە، کاراکتەری ڕۆمان و چیرۆکی مۆنەلۆگ زۆر ئازادانە پەی بە هەموو ئەو دەرد و میحنەتانە دەبات و بەو شـێوە ڕەمزییەی خۆی، کە تەنیا خۆی بە تەواوەتی لێی حاڵی دەبێ و دەزانی چی گوتووە و چی دەوێت)) (نەجمەدین، ٢٠٢٠ : internet)

گێڕانەوەی ئاسایی ناوخەڵک هەندێک جار قسەکردنی ژێر لێوی تێدایە، واتە گێڕەرەوەی ئاسایی لەبەر خۆیەوە دەدوێت و بێ ئەوەی بزانێت چی دەڵێت و چۆن وشەکان دەردەبڕێت، بەهەمان شێوەش لەڕۆماندا ئەمانە دووبارە دەبنەوە، چونکە ڕۆمان ژیانی ئاسایی خەڵکە لەفۆڕمێکی هونەریدا پێشکەش دەکرێت.

ڕەخنەگرانی بواری چیرۆک و ڕۆمان، مۆنۆلۆگ دەکەنە دوو جۆر، کە مۆنۆلۆگی (ڕاستەو خۆ، ناڕاستەو خۆ)یە، مۆنۆلۆگی ڕاستەو خۆ: ((بریتییە لە نەبوونی هیچ گوێگرێک، کە گوێیی لەو قسانە بێت، کە کەسانی چیرۆک لەگەڵ خۆیان دەیکەن، پاشـان ئامادە نەبوونی نووسـەرە بەو پێیەی، کە خوێنەر لەکاتی خویندنەوەدا هەسـت بەبوونی نووسـەر نەکات، دەربڕینی ئەوەی لەدەرونیدایە، دەبێ بەلێشـاوبێ، پەیوەندییەکی مەوزووعی توندیش لەنێوان ئەو شتانەدا نەبێت، کەدەریان دەبڕێ و قسەوباس و فیکرەکان زوو زوو یەکتر بقرتێنن))(عارف، ١٩٧٧ : ١٣).

نووسـەر لەڕۆمانی دەغدودا لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە توانیویەتی واقیعێک بخاتە ڕوو، وەک لە م دەقەدا دەیبینین: **((زەمانێک بوو شـەڕی شـاران موشـەک بازی دەسـتی پێکردبوو، ئیدی هەردولا درۆیان بەهەزاران هەڵدەڕێژا، تا دەهات وڵاتیان کاولتر و وێرانتر دەکرد، ڕۆژانە سـەدان تەکسـی بەتابووتەوە هەواڵەی شـاران دەکران، دوێنێ دووتەرمیان هێنایەوە بۆ زوبێر.یەکێکیان برای ژنە دراوسێکەی ئێمەبوو، لێخوڕی تەکسـی خراو وەگیر هاتبوون.. دەزگا ئەمنییەکان بەزۆر تەرمی کوژراوانی بەرەکانیان دەدا بەسەریاندا و لەوسەریشەوە خاوەن تەرم تێر شەق وتێهەڵدانی دەکردن))**(دەغدو، ل ٢٠ ).

مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ: ((ئەوجۆرە مۆنۆلۆگەیە، کەلەبڕی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، ڕاناوی کەسی دووەم و سـێیەمی تێدا بەکاردەهێنرێ، واتە بەپێچەوانەی ڕاسـتەوخۆوە، ئەمیان ئەو ئیحادە دەدا بە خوێنەر، کەخۆیشی و نووسەریش لەکایەدان، جگە لەوەی وەسف و لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان شتەکان و یەکێتیان و هۆیەکانیان و هەسـتکردن بەواقیعیان تیادا بەکار دەهێنرێت))(هەمفری، ١٩٧٥، ١٣)، وەک لەم

دەقەدا دەردەکەوێت، کەگێڕانەوەکە لەلایەن (دەغدو) کەکەسی دووەمی تاکە گێڕراوەتەوە. **((هەرچی لەگەڵ خۆمدا دەدوێم و تەقەلا دەکەم، تا لەبەندەرگایەکی فکریدا لەنگەر بخەم و، وەک ئەو ملیۆنەها خەڵکە ئـاســـــایی فیکر بکەمەوە، هێنـدە بەرزە فڕانە یـاڵ بەیـاڵ چوارنـاڵە پڕتـاو دۆڵ و دەربەنـدەکـان تاقیدەکەمەوە))**(دەغدو، ل ١٩٢).

حسێن عارف لەڕوانگەی پێناسەکەی(ڕۆبرت هەمفری)یەوە پێی وایە مۆنۆلۆگی ڕاستەقینە، (( ئەوەیە ئەو شتانەی لە ناخی قارەماندا دەوترێن، نەگەیشتبنە ئەو ڕادەیەی پێگەیشتن، کەبووبن بە قسەو بتوانرێت بەزمان بوترێن))(عارف، ١٩٧٧ : ٦٣)، دیارە هەموو ئەو زانیاریانەی لەڕێگەی مۆنۆلۆگەوە دەوترێت، دەتوانرێت بخرێنە خانەی وڕینەوە.

## بەشی سێیەم :

# ڕۆڵی بنەما تەکنیکییەکان لە ڕۆمانی (دەغد)دا

١/٣ : زمان

٢/٣ : بابەت

٣/٣ : وەسف

٤/٣ : چنین

٥/٣ : گرێ

٦/٣ : فانتازیا

٧/٣ : خەیاڵ

٨/٣ : چێژ

٩/٣ : چارەسەر

## بەشی سێیەم: ڕۆڵی بنەما تەکنیکییەکان لە ڕۆمانی دەغدودا

تەکنیک بەشـــێکی ســـەرەکی ڕۆمانە، زیندوویی و کەمەند کیش کردنی خوێنەری بۆ ڕۆمانەکەی پێوە بەســـتراوە، ئیســـتاتیکا و هونەری بوونی ڕۆمان، پەیوەندی بە تەکنیک و هێزی تێکســـتەوەیە، پاشـــان وەڵامدانەوەی ئەو پرســـیارانەی کە تێکســـتەکە هەڵیگرتووە، ((دەقی زیندوو پەیوەســـتە بەتەکنیکی تازە و بەهێزو کاریگەر))(ســـدیق، ٢٠٢٠ :٤٧ ) تەکنیکی باش لە ڕۆماندا، واتە ڕێگای باشـــی گێڕانەوە و کورترین ڕێگایە بۆ گەیشـــتن بە گەنجینەکە، کە خوێنەرە، بریتیشـــە لە: ((چۆن نووســـین، واتە چۆن پرۆســـێســـەی گێڕانەوە دەنووســـین، نەک چی دەنووســـین))(مەنتیـک، ٢٠١٨ :١٤٤)، چۆن نووســـین داگیرکردن و دەســـتبەســـەراگرتنی کۆی بنەماکانی نووســـینە بۆ گەیاندنی پەیامێک کە نووســـەر ڕۆمانەکەی لە پیناودا دەنووسێت.

تەکنیک لەڕۆمانی دەغدودا پرۆســـە و پراکتیزەکردنی هەندێک لە بنەما هونەرییەکانە لەگەیاندنی دیوی شاراوەی پشت پەردەی ڕووداوەکان بەخوێنەرێک، کە هەمیشە وێڵە بەدوای هۆکاری پەردە پۆشکردنیان.

(دەغدو) ناونیشـــانی ڕۆمانەکەیە، ڕۆماننووس لەم ناونیشـــانەوە دەرگای ســـەرجەم تێکســـتەکانی پێدەکاتەوە، هەرچەندە وشـــەکە لەڕووی واتاوە نامۆیە بە خوێنەری کورد، بەڵام بۆگەیشـــتن بەواتا بنچینەییەکەی، خوێنەر ناچار بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەکات، بۆیە ناونیشـــان دەرگای پێشـــوازیکردنە لەخوێنەر لەســـەرەتاکانی خوێندنەوەدا، ڕۆماننوس لەســـەرناونیشـــانی ڕۆمانەکە دەڵێت: ((**لەکاتێکدا بە ڕۆمانی دەغدو خەریک بووم شـــەو و ڕۆژ ئەوســـا و ئێســـتاش دەغدو بەبەر چاومەوەیە، بەچاکم زانی پەیکەرەکەشـی درووسـت بکەم، ئیتر پێوەی خەریک بووم دوای چەندین سـکێچ، سـەرئەنجام پەیکەرم بۆ درووسـکرد. ئەوەسـا بەبەرگی ڕۆمانەکەوەیە و لەماڵەکەمدا وەک زۆر پەیکەری تر لەجێگەیەکی شـیاوی دیاردا دام ناوە و ڕۆژانە دووسـێجار چاک و چۆنی لەگەڵ دەکەم ... دریژە بەوتەکانی دەدات و لەکۆتایدا دەڵێـت: ئیتر ئـازیزی خوێنەر هەرئەوەنـدەی دەدرکێنم ئەگەر و تەکـانـت لاســـەیرە..؟ برۆ(دەغـدو) بخوێنەرەوە**))(دەغـدو، ٢٠١٣، بەرگی کۆیـایی ڕۆمـانەکە)، لایەنە هونەرییەکەی ڕۆمـانیش پەیوەســـتە بەو تەکنیکـانەی، کە بوونەتە پردی پەڕینەوەی زانیـارییەکـانی نـاو ڕۆمـان بۆ وەرگر کە خۆی لە خوێنەر و گوێگردا دەبینێتەوە.

### پاری یەکەم : بنەما تەکنیکییەکانی ڕۆمان

### ١/٣ : زمان:

زمان یەکەم مادەی پێکهێنەری هونەری ڕۆمانە و یەکێکە لەگرنگترین بنەماکان، کە ڕۆمانی لەسـەربنیاد دەنرێت، جێ پەنجەی نووسەرە لەسەر دەق، ((زمان کۆڵەکەی ماڵی چیرۆک و ڕۆمانە، زمانی خۆرسک و بەهێز و بەپێز، دەبێتە هۆی زۆربوونی دەق)) (سـەمین، ٢٠٠٩ : ٢٧)، ڕۆماننووسـەکانیش گرنگیەکی زۆر بەم

بنەمـایە دەدەن، چونکە ((زمـان لەهەموو ڕۆمـانێکـدا بەردی بنـاغەی ڕۆمـانەکەیە، وەک چۆن خوێن لەشادەمارەکاندا ژیان بەمرۆڤ دەگەیەنێت، بەو جۆرەش زمان ڕاستگۆیی و سیما و گەشاوەیی بە ڕۆمان دەدات))(مونیف، ٢٠١١ : ١١)، واتە زمـان دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ ببینێت لە هـاوکاریکردنی ڕۆمـاننووس بۆ باشتر گەیاندنی پەیامی چیرۆکەکەی، شێوازی دارشتنی زمان یەکێکە لە تەکنیکەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو، لەبەر ئەوەی ئەو خوێنەرەی ڕۆمـانێک دەخوێنێتەوە، بێگومـان کـاتێکی زۆری دەوێت بۆ خوێندنەوەی، ئەگەر ئەو نووسـەرە زمانەکەی پاراو و بێ گرێ و قوڵ بێت لە واتادا، وا لەخوێنەر دەکات، زیاتر خولیای خوێندنەوەی کارەکەی بێت.

زمان لە ڕۆمانی (دەغدو)دا زمانێکی پر لەهێما و مەبەسـت و ئامانجە، هونەرییەتی بەخشـیووەتە ڕۆمانەکە، وەک: **(( ڕووخسـاری ماتەم زەردی دایکم سـەرنجی ڕاکێشـام، برژانگە تەڕەکانی .. دۆش داماوییەکەی.. تاقانە بوونیش ئەرکێکی گەورە و گرانی ویژدانی ئەسـتۆوە))**(دەغدو، ١٢)، لەدەقێکی تردا دەڵێت: **((چاوم لە ڕووخساری دەغدو بڕیبوو.. بەوردی سەراپایم دەپێوا ، شێوە و شەمایلی دەغدو چنگی گیر کردبوو لە گۆشـە و کەناری دڵم، نەمدەتوانی تەنها بەشـەردانی شـەوانەی کۆپیەکەی دەغدو ڕازی بم))**(دەغدو، ل ١١٢)، واتە دارشـتنی ئەم شـێوازە لە زمان، کە بەڕوخسـار و ناوەرۆکی دەقەکانی ڕۆمانی دەغدووەوە دەیبینین، تێگەیشـنە لەو واتایانەی، کە ڕۆماننووس مەبەسـتییەتی بۆگەیاندن، دەرچونیشـە لە زمانە ئاسـاییەکەی ڕۆژانەی خەڵک، زمانیش لە ڕۆماندا بریتییە لە ڕێکخسـتن و چنینی پەیڤی جوان، کە شتە وەسف کراوەکە لە حاڵەتی ئاسایی بخاتە ئاستێکی هونەری.

((لە ڕێکخسـتنی زماندا ئەدەبییەت لەسـەرووی هەمووشـتێکەوەیە، یان بەرهەمی ئەدەبی دیاردەیەکی تایبەتە بەزمان))(سدیق ، ٢٠٢٠ :٤١)، ئەدەبییەیش ئەو جیاوازییەیە کەلە نێوان زمانی نووسین و زمانی گفتو گۆی ئاسـاییی ڕۆژانەدایە، زمان ڕۆڵێکی باڵای هەیە لەگەیاندنی دەق، لەسـەرجەم ژانرەئەدەبییەکاندا ((هەرچەندە زمانی ڕۆمان جیایە لە شـیعر، بەڵام هەردوکیان لەزمانی ئاخاوتن جیان و لەبنەڕەتدا ئەرکی ئەدەب ئەوەیە زمـانی ئـاخـاوتن تێپەڕینێ))(میراودەلی، ٢٠٢١ : ٩٧)، بەم پێیە زمـانی ئەدەبی دیوە جوان ونەرمونیـانەکەی تری زمـانە، ڕۆمـانێکی لەڕۆمـانێکی تر پێ جیـادەکرێتەوە، کە بۆ هەمـان مەبەسـت نووسـرابێت، دەنگدانەوەی ڕۆمانێکیش لەوەدایە (( کە ڕۆماننوس تاچەند توانیویەتی بەسـەرزماندا زاڵ بێ و زمانی ڕۆمانەکەی زمانێکی ئەدەبی بێت))(میراودەلی، ٢٠٢١ : ٩٨)، واتە ڕۆماننووس بتوانێت ئەو زمانە ئاساییەی ڕۆژانەی خەڵک تێپەڕێنێت.

هونەری ڕۆمان، بەزمان و لەڕێگەی چۆنیەتی بەکاربردنی زمانەوە دێتە دەربڕین و نیشـاندان، کلیلی کردنەوەی دەرگـای دەروونی داخراوی ڕۆمـاننووسـە، واتە ڕۆمـاننووس دەربـارەی هەر کەسـێک بنووسـێت، نهێنی خۆی گوتووە، **((وەک وتم، دنیای ئێمەی ڕۆح لە گەڵ ئێوەدا جیاوازە ، ڕاسـتە دنیای**

**ئێوەش لەژێر فەرامێنی خودا دایە، بەڵام خودا عەقڵ و ژیری و تێفکری بەخشـــیووەتە مرۆڤ تا چاکەو خراپە لەیەک بکـاتەوە، دنیـای ئێمە دواهەوارگەیە..))**(دەغـدو، ل،٨٨)، بۆیە((خوێنەری وریـا، ئەگەر بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانەوە زمان و ڕەمزە زمانەوانیەکانی ڕۆمانەکە بدۆزێتەوە و بناســێت، مانای وایە بەدەم خوێندنەوەوە پەی بەڕازی دەروونی نووسەریش دەبات))(عارف ٢٠٢١ : ٥٦).

ڕۆمان لەڕووی زمانەوە پێگەیەکی بەرزی هەیە و پێوەندیەکی بەهێزی بەژانرەکانی ترەوە هەیە، واتە ئامادەیی ژانری شـــیعرلە ناوەڕۆکی ڕۆماندا، بەهێزی گونجاندنی ڕۆمان دەردەخات بۆ هەربابەتێک کە لەڕۆماندا گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، لەم بارەوە ڕۆمانی دەغدو ئازادنە شیعرییەتی لە خۆگرتووە :

**دەمیک قاقا، دەمێک گریان**

**دەمێک سۆزی ژانی ویژدان**

**دەمێک سەمای نەشئەی لێوان**

**دەمێک کرنووشە بۆ یەزدان** (دەغدو، ل ١٤٦).

زمان پەیوەندی پتەوەی بەرەگەزەکانی تری ڕۆمانەوە هەیە و دەبێتە هۆی دەرخســـتنی بنەماکانی تر، چونکە ((لەڕێگەی زمانەوە ســـیماو ئەدگارەکانی کاراکتەر درووســـت دەبن و هەڵوێســـتەکان و هێزی قەناعەت پێهێنان لای خوێنەر بەهێز دەکات)) (زەنگەنە، ٢٠١١، ١١)، **((دوێنێ شــەو ئەم ژوورەی منە، پڕ بووە لە تیشـک و شــەوق، ئەو ژنە وەکو تیشـکێکی توند و تیژ لەم ژوورەیدا وەک و ئاو ڕۆشـنکەرە ســەرەو خواری دەکرد، زۆرتر لە پەنجا ســـــەد ئافرەت دەچوو نەک یەک ئافرەت))** (دەغدو، ل٥٩)، کەواتە زمان گوفتار و کردارە، کاراکتەرەکان دەناسێنێت، بە پێچەوانەوە فرەیی کاراکتەرەکان زمانی ڕۆمان دەسەپێنن، کەواتە کاراکتەر و زمان پێکەوە ڕۆڵیان لەدەرخستنی ڕۆماندا دەردەکەوێت.

کاریگەری زمانی بێگانە لەزۆر شـوێنی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت زمانی فارسـی و عەرەبی لەگەڵ ئەوەی نووســـەر ئاشــنایە بەزمانی ئینگلیزی، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ڕەنگدانەوەی هەردوو زمانەکەی دەردەکەوێت: **((گرنگ لەناوبردنی کابرایە.. ئەگینا سـاختمان و ئینســان بەلای ســەدامەوە بایی قڕانێکە))** ( دەغدو، ل ٥٠)، **((ئەوســـــەرتاســــەری زێندەگانی بایەلۆژی پێخەفی ڕاخراو بووە))**( دەغدو، ل٩٨)، **(( لەوەی گوزەشــتە دەمەوێت ئەوە بزانیت، شــۆخە ڕاســت دەکات باوک ودایکی خەڵکی هەڵەبجەن))**(دەغدو، ١٩٣)، هەریەک لە وشەکانی (ساختمان، زێندەگانی، ئینسان، گوزەشتە)، دەتوانرا وشە کوردییەکانی لە بەرامبەردا بگوترایە، بەڵام زمانی دەق دەخوازێت ئەو واتایە بگەیەنێت، کە نووسەر مەبەستیەتی.

ڕۆماننووس بەشـێوازیکی هونەری لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوانییەوە پەنای بۆدەربڕینی چەندین پەندی کوردی بردووە، چونکە پەندەکان کورت بڕی و واتاگەڵێک لەناوەڕۆکیاندا خۆی مەڵاس داوە، تەکنیکێکە ڕێ بۆ واتای نوێ خۆش دەکات.

بەکارهێنانی پەندی پێشینان، کەواتایەکی پەنهانی و فەلسەفی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ڕۆڵ بەخشینە بەزمانە هونەرییەکەی و تەکنیکی نووسەرە لە ئاست زمانی ئەدەبیاتی نەتەوەکەی، کەلە دوازدە شوێنی ڕۆمانەکدا بە دوازدە مەبەست و شێوازی جیا بەکاری هێناوە، بۆ نموونە: **((دەی چی بکەین، ڕۆژگارە.. ڕیش بوو بەڕیشەوە دەبێ شانەی بۆهەڵگری))**(دەغدو،٢٠ ل)، یان **(( لەم ئاگر بارانەیدا ئەوی ژیرە خۆی دەپارێزێت، تاوەکو تڕی بن گۆمی لێ نەیەت..))**(دەغدو، ل ٤٩)...هتد، ناوەڕۆکی پەندەکانیش هەڵگری واتایەکی فەلسەفییە، هەرچەندە کورت بڕییە، بەڵام واتای قوڵی لێ بەرهەم دێت، هیچ دەقێکی ئەدەبیش هێندەی ڕۆمانێکی فەلسەفی کاریگەری لەسەر خوێنەر نابێت ئەگەر جوان نووسرابێت، بۆیە سەرنجی هەرتیکستێکی بواری فەلسەفی بدەین، هەرزوو زمانە ئەدەبییەکەی سەرنجمان ڕادەکێشێت.

## ٢/٣ : بابەت

دیدگای ڕۆماننووس بەڕوونی لە هەڵبژاردنی بابەتدا دەردەکەوێت، نووسەر لەم ڕۆمانەدا، بابەتێکی گرنگی پەیوەندار بەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی هەڵبژاردووە، هەرتاکێکی کۆمەڵگای کوردەواری بەپێی تەمەنی هەستکردن بەڕووداوەکان، زەرەرمەندی ئەو مێژووەیە، کە لەهزریدا هەمیشە دێت و دەچێت، دەکرا هەر تاکێکی کورد ئەم ڕووداوانەیان بەشێوەیەک لەشێوەکان دۆکیۆمێنت بکردایە، بەڵام ئەمەش پەیوەندی بە پێشینەی ڕۆشنبیری و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و دیدگای داهاتووی هەرتاکێکی کوردەوە هەیە، کەخۆرسک تیایاندا نەخوڵقاوە،

نووسەر لەڕێی هەڵبژاردنی بابەت و شیکردنەوەی ڕۆمانی نێو دەقەکانەوە، نەوەی نوێی لە مێژوویەکی پڕ لە تراژیدیا، کەنەدەبوو چارەنووسی بێت، ئاگادار دەکاتەوە.

ڕۆمانی(دەغدو)، بابەتەکانی هەمە چەشنەیە، وەک: (مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری، کولتوری، ئاینی، ئیرۆتیکی، ..هتد)، کە لە لەمێژووەوە دێنێتەوە بەرچاوی تاکی کورد و ڕووداوەکان بەشێوەی دەقێکی داخراو دەخاتەڕوو، واتە ئەم دەقانە شایەنی چەندین بیرکردنەوە و لێکدانەوەی جیاوازن، بۆئەوەی هەموو بەشداربن لە داهاتوویەکدا، کە ڕووداوەکان دوبارە نەبنەوە.

بابەت لای نووسەر هاوتای ئەو چەمکانەیە کە لە بوارە جۆرا و جۆرەکانی وەک فەلسەفەو سایکۆلۆژیادا کاریان پێکراوە.

دەستپێکی ڕۆمانەکە بە بەبابەتێک دەست پێدەکات، کەدەبێ خەمی هەمومان بێت **(( سەیری ئەوە خەڵکە دەکەی لە چی فەلاکەتێکدا دەژین، خۆ لەوانە خراپتر نابین، هەرچۆنێک بووە دەیگوزەرێنین، خۆ لە موسڵیشدا هەر دەرودراوسێی عارەبان بووین..وانا))**(دەغدو، ل٦)، بەعەرەب کردن و دوورخستنەوەی خێزانە کوردەکان بۆ ناوچە عەرەب نشینەکان، سەردەمێک بوو دەسەڵاتی عەرەبی لە ئێراقدا دەستی پێکردبوو، ئەم کردەوانە

لە مێژووی کوردیدا دەیان جار دووبارە بووبووەوە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە مەبەستە، مەبەستیش لێی بەئاگا هێنانەوە و چارەسەرە، کە لە ڕۆماندا دەخرێتە ڕوو.

نووسەر زۆر گرنگی بەلایەنی (ئیرۆتیک)یش داوە، بەڵام مەبەستی ئەو لەئیرۆتیک خۆی وتەنی تەنها بۆئەویە کە بزانێت باوباپیرانیان چۆن سێکسیان کردووە، بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوون، نەک لەڕێگەی ڕووداوە ئیرۆتیکییەکانەوە هەست ببزوێنێ، بەڵام ئەگەر ئەمەلایەنێکی بێت، دەکرێت بۆ لایەنی تریش لێکبدرێتەوە **((حەزم نەدەکرد پێش دەستی بکەم .. دەست و پەنجە نەرمەکەی لە دەستم ئالاندا و چاوە خومارەکانی وێردێکی ئەفسوناوی دەخوێند.. نازانم بۆ جوڵەم لێ بڕابوو.. وەک هیپۆیزم سەرسام دەمنواڕی، کە لێوی خستە سەرلێوم ئەو دەم بەخۆما هاتم، زمان تاقولایی دەممی سمی))**(دەغدو، ل ١٧٤)، ئەم ڕووداوە ئیرۆتیکییانە لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا دووبارە بۆتەوە، نووسەر بەمەبەست دەیەوێت کۆمەڵگەی کوردی بکاتە ئامانج، چونکە لەم ڕووەوە تاکی کوردی لەو پەڕی داخراویدایە، لە لایەکی تریشەوە نووسەر دەیەوێت بڵێت لەم سەردەمە جەنجاڵە پڕکێشەیەی تاکی کوردی تێدا دەژی، لەبارێکدایە تاکی کوردی بەرامبەر ئەم پرۆسەیە برسی کردووە، ئەوەتا چۆن کۆمەڵگاکانی دەرەوە بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندن بردنی سەروەت و سامانی گەڵێک سێکس دەکەنە وەسیلە، **((هەڵۆڕاستی کرد، تەواوی بیروفکرم چووبووەلای شۆخە.. ئەوەمنی بۆچییە؟ چ کارێکی بەمنە؟.. بۆچی من؟ خۆلەکلاسەکەماندا لەمن قۆزتر و جوانتری لێیە.. ئەو ئافرەتە چی لەمندا دیوە و لە لەخەڵکی تردا نایبینێت..؟))**(دەغدو، ل ١٧٠).

هەڵبژاردنی بابەت لەلایەن نووسەرەوە پەیوەندی بەیەقینەوە هەیە، کە ئەو بابەتەی هەڵیبژاردووە خولیایەکە لە هزریدا دێت و دەچێت و ئامانجی بەدەست هێنانی وەڵامێکی ڕاست و درووستە، خوڵقاندنی کاراکتەرێکی خەیاڵ وەک دەغدو بۆگێرانەوەی مێژوویەکی(٢٧٠٠)ساڵەی میللەتی کورد، گەیشتۆتە یەقینێک کە مێژووەکەی دروستکراوە و سەپێنراوە بەسەریدا و ناکرێت باوەڕ بەم هەموو خورافیاتە بکەیت، کە تیکەڵ بەمێژووەکەی کراوە، **((کاک سەنگەر داستانی من دووردوودرێژە، ئەوەنەی بتوانم و مۆڵەتم پێبدرێت تابیڵێم.. دەیڵێم وزۆر شتیش هەیە ناتوانم بیڵێم... بەڵام پەروەردگاری گەورە لەو توانا و قودرەتەی بێ بەشی نەکردووم ئاگاداری دوور و نزیک بوومە، ڕووداوەکانی دەورووبەری کەوکەبی خۆم و سەرزەوی بوومە و چاوم لێیان بووە چیان کردووە و چی ڕوویداوە چۆن ئەو ژیانە بەسەر چووە))**(دەغدو، ل٦٧)، ئاگاربوونی کاراکتەری دەغدو لە مێژووی کورد، پشتڕاستکردنەوەی مێژوویەکی هەڵەیە و درککردنی نووسەر بۆ ئەو بابەتە و ڕاستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکانە.

جیاوازی ڕۆمان لەژانرەکانی تری ئەدەب، فراونی بابەتەکانییەتی، کەزیاتر لەبابەتێک لەڕۆماندا باسی لێوەدەکرێت، ڕۆمانی (دەغدو)، چەندین بابەتی لەخۆگرتووە، نووسەر پەنجەی نیشانی لەسەر داناون و لەدیدگای خوێنەریشەوە چارەسەرەکانی بەئاکام دەگەیەنێت.

١-شەڕی براکوژی: ئەم بابەتە بەپێی مێژووی کورد چەندین جار لە نێوان میرنشین و فەرمانڕەوا ناوچەییەکان و سەرۆک هۆزەکاندا ڕووی داوە و بەم دواییانەش و تائێستاش لە نێوان حیزبە کوردەییەکانی ئەم سەردەمەشدا بەردەوامە، واتە ڕووداوێکی بەدیاردەبووە، کە دەکرێت بخریتەڕوو، لە هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە، وەک لە نموونەیەکی ڕۆمانەکەدا هاتووە: ((**دغدو هاتەوە ناوبیرم.. ئافەرین.. چاکت کرد.. برادەرانی لای تۆ بە یەکتر کوشتنەوە خەریکن و بەرچنگی ئەوان کەوێت ڕەنگە بە پارچە پارچە کراوی بیفرۆشن))**.(دەغدو، ل١٨٧)، مەبەست لە برادەران نێوانی حیزبە کوردەکانی ئەم سەردەمەیە و هۆکارەکەشی چاچنۆکی ئەم حیزبانەیە بۆلایەنە مادییەکە.

٢- قەشەو بەکارهێنانی کەنیسە بۆبازرگانیکردن: ڕاستکردنەوەی ئەو دیدگا ئاینیانەی بەرامبەر بە کەنیسە و پیاوانی خودا هەیە، ئەمە ڕاستییەکە و دیوەکەی تری خودا پەرستییە، کە بۆ بازرگانیکردن بەکاری دێنن، **((ڕاستە ئێوە قەشەن و لەکڵێسادا دەژین، لە بیرتان نەچێت ئێوە کڕیارن و من فرۆشیار، لەبەرپیرۆزی ئەم جێگەیە، پازدە هەزار دەبەخشم .. بەڵام من لەباوەڕیکدام، کە بەڕیوەبەری ئەم کڵێسایە ئاگاداری کەین وبەینی ئێوەومن نین، پێم وانییە ئەوبڕە پارەیە بڕواتە کیسەی کلێساوە))**(دەغدو، ل١١٦)، بێگومان گۆرینی بابەت بۆ ناوەڕۆک خوێنەر بەرە و بیرکردنەوەی جیاواز لەتیگەیشتن دەبات، بەم تێگەیشتنە جۆراوجۆرانە ، دەق بەرە و کرانەوە دەبات، کە لەبنچینەدا ڕۆمان بۆئەم مەبەستە دەنووسرێت.

**٣-کچانی کورد و ئایندەیان لە وڵاتانی ئەوروپا:** ئەم بابەتە دوای نەمانی دەسەڵاتی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان و کرانەوەی بەڕووی جیهاندا، لە پەرەسەندندا بوو، چەندین تاکی مێینەی کورد بووە نێچیری ئەو ڕاوچییانە، **((گوارە.. فرۆشراوە.. مێردەکەی فرۆشتوویەتی ئەوەسا لەسۆزانی خانەیەکی شاری پاریسدا ڕۆژانە شەش حەوت دەچنە لای و جار وبارەش دەینێرنە ئەملا و ئەولا، وەک ئافرەتی ئەلیفۆنی مێردەکەی ئەو ئاڵچاخییەی لە دەمێکەوە کردۆتە پیشە و زیاتر لەدە کچی کوردی لێرە و لەوێ وا هەڵخەڵەتاندووە))**(دەغدو، ل١٦٦)، هونەری ڕۆماننووسین پەردەلادانە لەسەر ئەو ڕووداوانەی، کە پەڵەیەکی زەقن بەناوچەوانی کۆمەڵگاوە، کە زۆربەی جار ئەمانە خەفەکراون و بێ چارەسەر ماونەتەوە، ڕۆماننووسیش هەڵناگرێت شەرمنی و نائومێدی بە نووسین ڕۆمانەکەیەوە دیار بێت، چونکە لەم بارەدا بابەت نابێتە ناوەڕۆک و چارەسەریش نابێتە ئامانج، بۆیە لەهیچ شوێنێکی ڕۆمانی دەغدودا، نووسەر درێغی لەنیشاندانی، دیاردە دزێوەکان نەکردووە.

**٤-دنیای هەوەسبازی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس** :مرۆڤ دەبێتە کائینێکی دڕندە، گەر نەریتەکانی کۆمەڵگە ڕێی لێ نەگرێت، دەسەڵاتە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان لەیەک دەچن و لەمەوە دەگوازرێتەوە بۆدوای خۆی، ئەوەی نووسەر لێی دەڕوانێت، ئەم ڕووداوانەیە لەئێستای حکومەتی کوردیدا ڕەنگ دانەوەی هەیە، بەشێوەی جیاواز.(بڕوانە ڕۆمانی دەغدول١٨٠) بۆتەواوی ڕووداوەکە.

**٥-دووباره بوونەوەی ڕووداوە تراژیدیاکان لەکوردســـتاندا:** ڕۆمان هەڵقولاوی ناودیاردەکانی کۆمەڵگایە، دیاردەکانیش ئەو ڕووداوانەن، کەچەندین جار دووباره دەبنەوە، دەغدو ڕاســــت بۆتەوە مێژوویەکمان بۆدەگێڕیتەوە، کەمێژوویەکی پڕ لەتراژیدیایە، ئەم میللەتە لەگەڵ تەوابوونی ڕوواوێکدا دەرئەنجامەکانیشی خستۆتە لاوە و گوێی پێنەداوە، بۆیە چەند بارە ئەم ڕووداوانە بەرۆکیان گرتوتەوە، **(( من وادەزانم ئێوەی کوردی ئەم ســــەردەمە زۆرئاگاداری ڕابوردوی خۆتان و ئێمەی ماد نەبن.. ئیدی تاوان لە هەرکێ بێت، ئەوە ڕاستەقینەیەکی تتفت و تاڵە...**

**-ئەی قوڕی دنیا بەســەرم، ئەم یەکتر کوشـتن و پراکوژییە لەئێوەوە گەیشـتووتە ئێمە، خۆئاگاداری چەند هەزارکەسمان لەیەکتر کوشتووە؟**

**-هەڵبەتە بەوردەکاریشــــەوە ئاگاداری کارو کردەوەکانی پشــــتی پەردەکانیشــــم، بەڵام داوام لی مەکە بیگێڕمەوە، چۆن بەگێڕانەوەی زامەکانی ئەو خەڵکە دەکولیتەوە، هەرئەوەندە دەڵێم چەندە دوێنێ لە ئەوڕۆ دەچێت، جاشــایەتی هەمان ســازشــکاری چاوســاقان و هانیە و هەبەی و پشــتی پەردەی زۆر لەدەم چەرموانە ئیدی ئاش هەمان ئاشــە..))**(دەغدو، ل٧٨)، پێشــینەی ڕۆشــنبیری نووســەر کاردانەوەی تەواوی لەســــەر هەڵبژاردنی بابەت هەیە، بابەت لەبازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە، ئەگەر زمانی هونەری نەبێتە دەمڕاستی دەقی ئەدەبی.

**٦- بەعەرەبکردن و دوورخســـتنەری خێزانە کووردەکان بۆ ناوچە عەرەب نشــینەکانی ناوەڕاســت و خواروی وڵات:** لە کۆتاییەکانی ســەدەی بیســتەمدا ئەم کردەوەیە دژ بە خێزانە کوردەکان لە باشــووری کوردســتان کراوە و لە بەشــەکانی تری کوردســتانیشــادا پەیڕەوکراوە و لە مێژووی دێرینی کوردیشــدا نموونەی زۆرە، **(( دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، دەکۆشــا نیگەرانی و پەشــێوحاڵی بشــارێتەوە، پێی نەدەکرا .. بـاوکم داوی خودا حـافیزی لەمـاڵا وەدەرکەوەت .. مـاینەوە من و دایکم چوومە لایەوە ، فرمیســــکەکـانی بەڕەڵا بوو بوو، لە ژێر لێوەوە دەیوت: خودایە چی بکەین.. ڕوولە کوێ بکەین لەم غەریبییەدا دەست بۆ داوێنی کێ ببەین؟ ))**( دەغدو، ل ١٥).

٧- **ڕووداوە ئیرۆتیکییەکان:** سـێکس یەکێکە لەو بابەتە سـەرەکیانەی، کە لەم هەرێمەدا هەمیشـە کێشـەی بەداوی خۆیدا هێناوە، شەرمنی و نەبوونی هۆشیاری لەم بابەتەدا سەری کێشاوە بۆ خراپ پیادەکردنی و بەکار هێنانی لە جومگە خراپەکانی ژیاندا بەتایبەت لەلایەن دەسـەڵاتی دەرەوەی ئەم هەرێمە، بۆ لەبەین بردنی پەروەردە کۆمەڵایەتتیەکانی کۆمەڵگای کوردی، **(( من تا ئەو حەلە لە ناو گەڵا و سـمت و سـنگ و بەرۆکی ڕووتی خەیمە زیـارت لە خەودا لە هیچ ئـافرەتێک نزیـک نەبووبوومەوە.. ئەگەر چی لە ژێر دەواری شەرم وکەلتوور و چوار تەنیشتا حەزەکانی شاردبوویەوە، بەلام ژنە لێزانەکان بەوردی هەستیان بە چاوی برسی و تامەزرۆیی من دەکرد، بە زمانێک دووا هیچی لێ تێ نەگەیشتم...))** (دەغدو، ل ١٣٩)، ئەمە

نیشاندانی ئەو چەپاندنە ڕەگەزییەیە کەلەم کۆمەڵگەیەدا بوونی هەیە و  هەندێک جاریش سەردەکێشێت بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

### ٣/٣ : وەسف

وەســـف لەپاڵ گێرانەوەدا ئەو پێویســـتیە ســـەرەکی و گرنگەیە، کە ڕۆماننووس لە گێڕانەوەکانیدا وەک بنەمایەک بۆ دەرخســـتن و ڕوونکردنەوەی زیاتری (ڕووداوێک، کاراکتەرێک، شـــوێنێک، شـــتێک، ..هتد) بەکاری دێنێت، ((وەسـف دەبێت ئەرکی هونەری ببینێت، نەک وەسـف لە  پێناوی وەسـفدا بێت، نەک تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی ئینشـایی بێت))(عارف، ٢٠٢١،٤٠٠ )، واتە وەسـف پارچە ئەنتیکێک نییە، تا بنەماکانی تری پێ بنەخشـێنین، هونەری واتا سـازییە و بەرگێکە سـەنگی قورسـایی دەبەخشـێت ((زۆر زەحمەتە بێ وەسـف بتوانین بگێڕینەوە، بەڵام کارێکی ئاســـانە وەســـف بکەین بێ گێڕانەوە، هەر لەبەر ئەمەیە هونەرەکانی گێڕانەوە نـاتوانن دەســـت بەرداری وەســـف بن، هـاوکـات وەســـفیش نـاتوانێـت جێی گێڕانەوە بگرێتەوە))(محەمەد،،٢٠١١، ٢١٢)، وەسـفیش بۆ خسـتنەڕووی زانیارییە لەسـەر ئەو بڕگانەی، کە ڕۆماننووس هەستدەکات، خوێنەر پێویستی پێیەتی، تاجوانتر لەڕووداوەکان بگات، (( ئەو بڕگەو کۆپلانەش دەگرێتەوە، کە وێنەی ژینگە و ســـروشـــت و باری کۆمەڵایەتی و دەرونی و ســـیما و روخســـاری کاراکتەرەکان لە شـــێوازێکی ئەدەبی ڕازاوەدا پیشـــان دەدات و ڕۆڵێکی گرنگ لەپەرەســـەندنی بینای هونەری دەقی گێڕانەوەبەندیدا دەگێڕێت))(الساعدی، ٢٠٠، ١٩٠).

(حەمەکەریم عارف) وەسفی بەپێی واتا بۆ دوو جۆر دیاریکردووە: ((وەسفی (بابەتی و ئیکسپرسیونستی)، وەسـفی بابەتی ئەوەیە، کەشـتەکان و کەسـەکان وەکو خۆیان، چۆن هەن بەو شـێوەیە وەسـف بکرێن و وێنە بگیرێن؛ وەسـفی ئیکسـپرسـیونیش، ئەوەیە کەشـتەکان و کەسـەکان، وەکو بینەر چۆنیان دەبینێ و چۆنیان وێنا دەکات بەو ئاوایە وەسفیان بکات وێنەیان بگرێت))(عارف،٢٠٢١ ٢٠٢١، ٦٤)،

ئاشنایەتی ڕۆماننووس، بەرامبەر شوێن و کاراکتەر و کات...هتد، وای لێدەکات وەسفێکی پڕا و پڕ بکات و خوێنەر قایل بکات بەڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، ((بۆئەوەی لەکاتی وەســـفکردنی شـــوێنی ڕووداوەکان بەسـەر کارەکەدا زاڵ بم، پێچەوانەی ڕۆمانەکانی دیکە ناچار بووم سـەفەر بکەم بۆ شـوێنی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە و بۆماوەی چەند مانگێک تیایدا بژیم، بۆئەوەی بەچەند پەرەیەک وەســـفی شـــوێنەکە بکەم، یان لە ڕووی دەروونیەوە خوێنەر ئامادە بکەم بۆ قەبوولکردنی کاراکتەرەکان وجوڵەکانیان))(سـدیق، ٢٠٢٠، ١٢٦).

وەســـفیش لەڕۆماندا ڕۆماننووس پەنای وەبەردێنێ تاوەکو ماندوویی و نیگەرانی خوێنەر برەوێنێتەوە، پـاش ئەوەی کۆمەڵێـک ڕووداوی یەک لەدوای یەک، ڕادەی لێکدانەوەی خوێنەر ئـاڵۆز دەکەن، لەلایەکی

تریشــەوە، هەندێک کەســایەتی و شــوێن و ڕووداو هەیە پێویســتیان بەزیاتر ڕوونکردنەوە و جوانکردن هەیە، تازیاتر ئاشنای بکەن بە خوێنەر.

وەســـف لە ڕۆمانی (دەغدو)دا بریتییە لە واتای قوڵی بنەماهونەرییەکان کە ڕۆماننووس لەدووتوێی هونەرییەتدا دیوێکی تری شــتەکانی دەرخســتووە، لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا نووســەر لەژێرکاریگەری وئیســتاتیکای ئەندازیاری تەلارســازی وەســفەکانی گەیاندۆتە ئاســتی باڵا، واتە قاڵبوونەوە لە هونەری تەلارسازی و پەیکەرتاشیدا، بووەتە هەوێن لە وەسفەکانیدا.

وەسف لە هەر پەرەگرافێکی ڕۆمانەکەدا بەشێکە لە دید و پەیامی نووسەر بۆ ئەنجامی ڕووداوەکە و ڕاکێشانی خوێنەر بۆقوڵایی بابەتەکە.

بنەمای وەســف لەم ڕۆمانەدا گاریگەری لەســەر کۆی دەقەکان داناوە و کاتێک پرۆســەی خوێندنەوە بەئەنجام دەگەیەنین، هەســت بە پچڕان و کەلێن و دوورکەوتنەوە ناکەین، چونکە وەســف ڕۆحیەتی بەخشــیووەتە بنەماکانی تر، واتە چۆن بنەمایەک لەڕووی ناو و ئەرکەوە جیاوازە لەبنەمایەکی تر، وەسفەکانی ڕۆماننووسیش بەجیاواز دەبینین، بۆ هەریەک لەم بنەمایانە، بەم پێیە دەتوانین چەند جۆرێکی وەسف لەم ڕۆمانەدا دەستنیشان بکەین:

**١-وەسفی شوێن:**

ئێمەی مرۆڤ هەمووومان لەواقیعدا شــوێن دەبینین، بەڵام جیاواز لەبینینی (ڕۆمانووســێک، شــاعیرێک، وێنەکێشێک، وێنەگرێک)، چونکە بینینی ئەوان بۆلایەنە هونەریەکەیە، کەلەخەڵکی ئاسایدا پەرەی پێنەدراوە، یان نەخوڵقاو؛ ئەوەی لە نووسەردا دەیبینین بەهرەیەکی خوڵقاوی پەرەپێدراوە، چونکە وەسف پێویستی بە شــارەزایی فەرهەنگی زمانەوانی پێشــینەی ڕۆشــنبیری و بینینی هونەری هەیە، کە هەموو مرۆڤێک توانای بەســەریدا ناشــکێت یان نابینرێت، وەک لەم دەقەدا دەیبینین: (( **ئێوارەیەکی خۆلاوی، دارخورما کۆنە ســاڵەکانی ســەرڕووباری دیجلە هێندەی تر بێ ڕۆح و بێ جوڵانەوە دەینایە بەرچاو، جارە و بار دەنگی هیلوکۆپتر لەنزیک ماڵەکەوە، دەبیســترا، بەغدا بە دژوار هەناســەی دەدا ، کەم کەم تاریک داهات، ســەرتاســەری بەغدا بێ پەلەقاژێ و ملکەچی تاریکی بووبوو))**(دەغدو، ل٢٦٤)، وەســف لێرەدا بەدەر لەدەرخســتنی شــوێنێکی واقیعی، ختوکە دانێکی خوێنەرە بۆبینینی هۆکاری پشــت دژواری و بێ ڕۆحی دارخورماکان و شــاری بەغداد، ئەوە مرۆڤە ڕەنگی مردووی لێدەیشــێت نەشــوێن، **((هەروا ســەرســامی لەشــوپەیکەری ڕووت وقوتی(خەیمە)بووم، ڕەشــایی ناوگەڵی، مەمکەخڕینە قوتەکانی، ســمت و کەفەڵێکی گۆشــتن و مەوزوون))**(دەغدو، ل٢٥)، یان **((تائەو دەمە خاجە زێڕینەکەی ســەرســنگی کە لەنێو شــەقی دوومەمکە خڕینەکەیدا نەرم نەرمێک ڕاکشابوو نەمدیبوو))**(دەغدو، ل١٤٥)، وەسفی شوێن لەلاشەی مرۆڤی

ئەم ڕۆمانەدا پەنهانییەکانی ئەو درکانە دەخاتە ڕوو، کە چاو لە یەکەم نیگادا بەرهەمی دێنێت، هەست دەجولێنێت؛ پێچەوانەی وەسفە کلاسیکییەکان، کە تەنها چاو تێردەکەن و هەست نابزوێنن.

**٢- وەسفی کاراکتەر:**

کاراکتەر لەڕۆماندا تەنها بریتی نییە لەدیوەی دەرەوەی، وەکو سیما و ڕووخسار و بەژن و بالا، ڕەنگ و ڕوو، بەڵکو دیوی ناوەوەش بەشەکەی تری پێک دێنێت، کە بریتییە لە ڕەهەندە هزری و سایکۆلۆژییەکان، بیرکردنەوە و تێڕامان... هتد، قوڵبوونەوەی ڕۆماننووس لە کەسێتی کاراکتەر لەبنەمای وەسفدا، هاوتا دەبێت لەگەڵ دۆزینەوەی خود، واتە بەراوردکردنی خوێنەر لەتەک کاراکتەری ڕۆمانیدا، (( **تێهەڵچوون لەگەڵ ئافرەتێکی نێر ڕەفتاری ئەوروپاییدا لێزان و پیاوی کارامەی دەوێ، لە گلەی یەکەمدا پەیم بە ناخی سەرکێشی لوسی بردبوو، نەمدەویست هەستی ڕۆڵی پیاوەتی بریندار بکەم** )) (دەغدو، ل ٢٤٨)، لەوەسفی رووخسارو دەرەوەیدا دەڵێت: (( **لوسی پرچی زەردی کلکە ئەسپی لە پشتی سەریەوە بەستبوو، چاو و بژانگی بە کلێکی قاوەیی تۆخ ڕشتبوو، جۆرێک پای لە سەرپا دانابوو هەوەس جوڵێن.. پای بەپای دەکرد و ئارام دەی جوڵاندەوە، کەوشێکی پاژنە بەرزی لە پاکردبوو، بەو کەوشەوە قەد و بالای پەنجەیەک لە من بڵندتر دەنوا))** (دەغدو، ل١٨٥)، سەرنجدان تایبەتمەنی مرۆڤە، کە لەڕووی کۆمەلایەتیەوە بێیگەیشتووە، کاتێک لە ڕووخساری مرۆڤ وورد دەبێتە، ناوەرۆکی دێنێتە هەڵسەنگاندن، ئەمە بۆ کاراکتەرێک لەواقیعدا بەرجەستە بێت و نموونەی لەکۆمەڵگادا هەبێت؛ بەلام بۆ کاراکتەرێکی خەیاڵی، کە خوڵقاوی دەستی ڕۆماننووس بێت جیاوازە، چونکە وسف ڕێگر نییە لەبەردەم هەڵواسینی هەرجۆرە خشڵێک بە بالایدا، وەک لەوەسفی کاراکتەری(دەغدو)دا دەڵێت: **((من وا بە بەر چاومەوە لەش و ئەندامێکی تۆزیک گۆشتن، پرچێکی زێڕینی ئاڵۆز و پەرێشان، ڕووخسارێکی سیحر ئامێزی درەخشان، دوو چاوی پڕ لە نازی مەستانە ئاوەر، هەرسانتیمەترێک لە لەش و ئەندامی بەلامەوە بووبووە ژنێکی شەهوەت ئەنگێز، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشابووم قوفڵە هەڵواسراوەکانی سەرلەشی بوو))**(دەغدو، ل٩٨)، ڕۆماننووس توانای بەسەر ناخی کاراکتەری خەیاڵیش دا شکاوە، لەزمانی حاڵی (دەغدو)ەوە دەڵێت: **((دەمەوێت ئەوەبزانیت(عەقڵ) کلیلی زمانە، کلیلی ڕەفتارە، هی کردارە، گفتارە، کلیلی دنیای باوەڕە، عەقڵ و تێفکرینی ژیرانە یەکەمین هەنگاوە بەرەو دەروازەی گۆڕان و گۆڕانکاری))**(دەغدو، ل٨٧). واتە خوێندنەوەی ناخی کاراکتەرەکان لە گووفتارە کانیاندایە، کاتێک کە دەدوێن.

**٣- وەسفی ئیرۆتیکی:**

ئیرۆتیک یان وروژاندن، بەشێکی سەرەکی ڕۆمانی ئەم سەردەمەی لێ پێک هاتووە، ڕۆماننووس بۆ پێدانی زانیاری سێکسی یان بزواندنی هەستی ئارەزوی سێکسە لای وەرگر، کە لە خوێنەر و گوێگردا

خۆی دەبینێتەوە، بێگومــان جیــاوازی لەگەڵ وەســـفی (پۆرنۆ)یــدا هەیە، کە لەئەدەبیــاتی جیهــانیــدا بۆبەدەستهێنانی مادی دەنووسرێت.

ئەدەبیاتی کوردی، خۆی لەم جۆرەی وەســـفی پۆرناوی پاراســـتووە، ئەمەش پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی بەلایەنی ئاینی و کلتورییەوە هەیە، کەجیاوازە لەو کۆمەڵگایانە، وەسفی ئیرۆتیکی لەم ڕۆمانەدا پەیوەستە بەکلتوورەکەوە، لادان نییە، تەنها پێشاندانی ئیستاتیکای سێکسە، کە لەدەقێکدا دەڵێت: **((تەڕی نێو دەممان شـــــەرابی نێو دەم و دانمانی تێکەڵا کرد و زیاتر لەدەچرکە دەم و لێوی یەکترمان هەڵدەمژی.. نەختێک دوور کەوتەوە و دوگمەی کراســـــە گوڵدارەکەی کردەوە و توڕی دا ئەلاوە.. ســـنگ و بەرۆکی ڕێک داتاشـراوی خودایی وەک هەیکەلێکی یۆنانی شــەڕفرۆشــانە داواکاربوو.. دەســتم برد بەرەزوانەی نەختێ شـــۆڕی ژێر ناوکیم کردەوە و هەســـتا و پانتۆڵەکەی تۆزێک بەپەلە توڕدایە لاوە منیش وەک قارەمانی فیلمێکی کارتۆنی لەیەک جرکەیدا ڕووت و قووت وەســتام بەپاوە، دەســتم بۆ دەرپێکەی برد تا دایمالێنم بەپاوە))**(دەغدو، ل١٧٤).

ڕووداوە مێژووییەکان خوێنەر زوو هەراسان دەکەن، ڕۆمانی (دەغدو)ش گێرانەوەی مێژوویەکی دوورو درێژی میللەتێکی بەشـــخوراوە، لەتەیکردنی ڕووداوەکادا چێژ بەهای نامێنێ، ئیرۆتیک دەبێتە بازنەی ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان دەقی مێژوویی و چێژدا هەیە **((دەســـتی بۆ ناو گەڵم برد.. خەیمە ڕانەوەســـتا و دەمی خســـتە نێو دەمم، بەهەردوو دەســت، لەڕووت کردنەوەمدابوو، تەزین و خومارییەکی وادایگرتبووم خۆم لەســـەر پا بۆ ڕانەگیرا و دانیشـــتم و (خەیمە) خۆی بەســـەرما کێشـــا .. نرکە و نوزەی هەردوکمان تێکەڵاو بوو بوو هەســـــتم بە تۆبزی گۆی مەمکی دەکرد..))**(دەغـدو، ل٢٦)، واتە هەنـدێـک لە وەســـــفە ئیرۆتیکییەکـان ڕەوانـدنەوەی بێزاری دەروونی ڕووداوە مێژووییەکـانە، کە لە نێوان دەقەکـانی ڕۆمـانـدا هەستی پیدەکەین.

**فلاشباک:**

گێڕانەوە پرۆســـــەیەکی گشـــتگیر و ئاڵۆز و تێکەڵە، نووســـــەر یان ڕۆماننووس بۆ گەیاندنی پەیامی گێڕانەوەکەی پەنادەباتە بەر تەکنیکی جیاواز. (فلاشـــباک) یەکێکە لەو تەکنیکانەی کە پەیوەســـــتە بە پرۆسەی گێرانەوە بەگشتی و بنەمای وەسف بەتایبەتی، هەرچەندە لە بنەڕتدا وەسفیش لەناو چوارچێوەی گێرانەوەدایە، بەڵام تەکنیکی فلاشباک زیاتر پەیوەستە بە بنەمای وەسفەوە.

فلاشــباک بریتییە: ((لەگەڕانەوە بۆ شــوێن و زەمەنی پێشــووتر))(ســدیق، ٢٠٢٠، ١٠٤٠)، یان ((نووســـەر ڕاســـــتەوخۆ خۆی یان لە ڕێی بیرکردنەوەی کاراکتەرەکانەوە بەســــەرهاتێک لەڕابردووەوە دەهێنێت و پێشـکەشـی دەکات))(مەندەلاو،١٩٩٧، ٦٧)، لە ڕوانگەی ئەم پێناسـانەوە دەتوانین بلێین فلاشـباک ئەو ڕوداوە بەجێهێڵراوانەیە، کە گیڕەرەوە بێ ئەوەی درێژە بە باسـکردنیان بدات، بەسـەریاندا تێپەڕیوە، مەبەسـتیش

لێی ڕەواندنەوەی ئەو گرێ دەرونیانەی خوێنەرە، کە کاتێک نەیتوانیوە لیێان تێبگات یان بیانناسـێت، بۆیە گێڕەرەوە (راوی) بۆ سـاتێک هەڵوێسـتە لە گیرانەوەکانی ئێستای دەکات و دەگەڕێتەوە شـوێن و زەمەنی پێشووتر.

فلاشـباک تەکنیکێکی کۆنی ئەدەبییە و لەگەڵ پێشـکەوتنەکانی ڕۆماندا شـانبەشـانی هاتووە و لەئێسـتادا بەشـــێکی گرنگە لە بونیادنانی ڕۆماندا، کاتێک جێبەجێ دەبێت، (( کەچیرۆک خوان، کاراکتەرێکی ناو چیرۆکەکە، یان دەنگێک بێت لەدەرەوەی چیرۆکەکە، باسی ڕابردوو بۆ کاراکتەرێکی تر دەکات، یان کاتێک چیرۆک خوانەکە خەونێکی خۆی دەربارەی ڕابردوو دەگێڕێتەوە))(ســـدیق، ٢٠٢٠، ١٠٤)، مەبەســـتیش لە فلاشـباک پیشـاندانی دیمەنێک، ڕوداوێک ، چیرۆکێکی پێشـووترە، یان دیمەن و ڕووداوێکی پێشـووتر ، کە پەیوەندییان بەچیرۆکە سەرەکیەکەوە هەیە.

فلاشـــباک لەڕۆمانەکانی ئەم ســـەردەمەدا دەورێکی باڵا دەگێڕێت، بەتایبەت لە ڕۆمانە مێژووییەکاندا، چونکە هەرچەندە لەکاتی خۆیدا ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئاشنانەبوونی خوێنەر بە ڕووداوەکان و زۆربەی جاریش وشـــکی و بێگیانی ڕووداوە مێژووییەکان، نووســـەر ناچارە درێژەیان پێنەدات و لەکاتێکی تردا بۆی بگەڕێتەوە.

فلاشـــباک لە ڕۆمانی دەغدودا ئامادەیی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا (دەغدو) ڕاســـت بۆتەوە، تاوەکو ڕابردوویەکی زۆر کۆنمان بۆبگێڕێتەوە و بەشـــداربێت لە بنیاتنانەوی ئێســـتاماندا، بێگومان گریدانەوەی نێوان ئەم دووکاتە (زەمەن)ە جیاوازە، فلاشباک توانای بەسەریدا دەشکێت.

توێژەران و لێکۆڵەرەوانی بواری ڕۆمـان بەپێی شـــێوازی گەڕانەوە بۆ درێژەدان ڕووداوی ڕابردوو، فلاشباکیان دابەشکردووە بۆ سێ جۆر:

**ا- فلاشباکی دەرەکی:**

لەم جۆرەی فلاشـــباکدا گێڕەوە ئەو ڕووداوانە وەســـف دەکات، کە کاتەکەیان دەکەوێتە پێش خاڵی دەسـتپێکردنی ڕۆمانەکەوە، لەڕۆمانی دەغدودا کاتێک (سـەنگەر و دایک و باوکی) لەسـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا بەشـەمەندەفەر بەرێدەکەون بەرە و شـارۆچکەی زوبێر (( **شـەسـتەکان گەشـتێکم بۆ ڕۆمانیا کرد و سواری شەمەندەفەر بووم، تا بڵێی ڕێک و پێک و ڕازاوە بوو.. کورە چێشتخانە و بارێشی تێدا بوو.. ئەی لەخشـێن و لەرزین؟ حەرام.. ئەگەر ئەگەر هەسـتم پێکردووبێت.. کوڕم ئەو لەخشـێن و لەرزینەی ئێرانە هی سکەکانییەتی))**(دەغدو، ل ٨)، فلاشباک بەپێی زۆر و کەمی ڕووداوەکەیە، هەندێک جا ر کەم دەخـایەنێت، کە ڕووداوەکە یـان چیرۆکەکە کەم بێـت، یـان زۆر دەخـایەنێت، کە چیرۆکەکە یـان ڕووداوەکە گەورەبێت و پێویســـت بکات بۆ گێرانەوە؛ لە دەقێکی تری ڕۆمانەکەدا کاتێک گێرەرەوە باس لەبابەتێک دەکات و دەڵێت: **((کوڕم باوکت ڕاســـت دەکات، خۆت وافێرکە لەلای ئێمەشـــدا لەم قســـانە**

**پارێزبکەی، کورد دەڵێ، دیوار مشکی تێدایە و مشکیش گوێیی هەیە.. لە خۆت نا پرسی خاڵۆ نازدارەکەت لە ســـــەرچی لە قەنارەدرا..))** (دەغدو، ل ٣٤)، لە پاش ئەم گێرانەوەیە، گێڕەرەوە، بۆســـــاتێک لەگێڕانەوە دەوستێت و دەگەڕێتەوە پێش زەمەنی دەستپێکردنی ڕووداوەکان بەتایبەت بۆ ناساندنی دایکی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی **((دایکم جار و بار عابای نەدەدا، بەتایبەت لە بۆنەکاندا، کاتێک قوتابی سەرتایی بووم ، دایکم ســــەردانی قوتابخانەی دەکرد و بڕیکی زۆر لەهاو پۆلەکانم توانجی بێ عابایی دایکمیان تێدەگرت و ناچاری شــــەرکردن دەبووم..))** (دەغدو، ل ٣٥)، لە دەقیکی تری ڕۆمانی دەغدودا، ڕۆماننووس لەڕێی فلاشباکەوە نەریتەکان دەناسێنێ، کە لەمرۆڤدا ون نابن **((دایکم کوردێکی دەمار گرژی تەواو بوو.. (حەفتا و پێنج) بەهەزار چەرمەســـەری گەیشــتینە لەندن .. باوکم کەوتە تەقەلای کاروباری پەنابەرییەوە.. دایکم لێرە و لەوێ وردە وردە کاری ڕەشی وەدەست کەوت، باوکم شەرمی دەکرد...))**(دەغدو، ل ٢٣٥).

**ب- فلاشباکی ناوەکی:**

ئەم جۆرەی فلاشـباک لەڕووی کاتی ڕووداوەکانەوە جیا دەکرێتەوە لە فلاشـباکی دەرەکی، چونکە کاتی ڕووداو لە فلاشـــباکی نـاوەکیدا بریتییە: لە گێرانەوەی ئەو ڕووداوانەی دەکەونە نێوان هەردوو کـاتی ســـەرەتای دەســـپێکردنی ڕووداوەکان و پاش دەســـتپێکردنی ڕووداوەکان، (( گێرانەوەی ئەو ڕووداوانە دەگرێتەوە کە پاش دەســــتپێکردنی گێڕانەوە دەکەون.. بۆئەوەی ئەو ڕووداوانە بگێڕێتەوە، کە لە کـاتی دەســــتپێکردنی گێرانەوەکە لەبیر کراون، یـان دەرفەتی گێڕانەوەیـان نەبووە))(ئەلوەنی، ٢٠٠٢، ٢٢)، **(( ئەو برژانگی هەمان ڕەنگ کردبوو، پرچ و توکی (خەیمە)ش ڕەشـــــی قەترانی بوو، دیارە لەپرچ و ئەگریجە و مووی ڕەشــــدا بەختم یارە..))**(دەغدو، ل ١٧٧)، دەرفەتدان بەگەڕانەوە بۆئەوڕووداوانەی زانیاری تەواویان لەبارەوە نەوتراوە، کە کاتێک باس لە کاراکتەری خەیمە دەکات، پێشـــتر ئەم زانیاریانەیی بە ســــەردا تێپەڕیووە و باسـی نەکردوون، **((هەلۆی شــەریکت ڕاسـتی لەگەڵ تۆدا نەکرد، تەماحگیری بەشـی تۆ بوو بوو، دەیویسـت خۆی بپێچێتەوە بۆی دەرچێ بۆ ئەوروپا.. تەواوی قەرزەکانی وەرگرتبوویەوە و سـودی ئاڵو وێڵەکەتان زۆر لەوەی بە تۆیدا زۆرتربوو.. ئەو دووســــندوقەی کەبەلای تۆوە دایناوەن، هی ئەو کابرایە نییە وابەتۆی وتووە، بەلکو هی عودەیە و شـــەش ملیۆن دۆلاری تێدایە...!))**(دەغدو، ل ٢٤٩)، هەندێک جاریش فلاشــــباکی ئاوێتە دەربڕێنی هەندێک نهێنییە کە لەکاتی خۆیدا بە هەر هۆیەک بێت زانیارییەکانی ناخرێتە ڕوو.

**ج- فلاشباکی ئاوێتە:**

ئەم جۆرەیان پەیوەســــتە بەناوەرۆکی هەردووجۆرەکەوە، واتە ((حیکایەت خوان ڕەوتی بەرەو پیش چوونی گێرانەوەکان لەکاتی ئیستادا ڕادەگرێت و پاشی دەخات و دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو)) (مجید، ٢٠٠٨، ١٣٧)، ئەم گەڕانەوەیە زیاتر تیشـک خسـتنە سـەر ئەو ڕووداوانەیە، کە پەیوەسـتن بە، ڕووداوی

ترەوە، کە ڕەنگە ڕووناکایی ئەو ڕووداوە، ڕووداوی وەستێنراو جوانتر ڕوون بکاتەوە، پاشان ((ئەوپرۆسەی گێرانەوەیە بە وەندە کۆتایی نایەت، بەڵکو بەردەوام دەبێت، تادەگاتەوە ڕووداوەکانی ئێستا و لەگەڵی تێکەڵ دەبێ و لەوێوە جارێکی تر گێرانەوەکە بەرە و ئایندە هەڵدەکشێت))(العانی ١٩٨٧، ٦٢).

**بنەمای** وەسف بەهایەکی بەرزی بەخشیوەتە ڕۆمانی دەغدو، چێژی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی لای خوێنەر زیاترکردووە، لەبەرئەوەی کات(زەمەن)، مەودایەکی دوور و درێژی هەیە و ئەو پاش وپێش خستنەی کات کەلێن درووست ناکات و نابێتە هۆی ئاڵۆز بوون لە نێوان ڕووداوەکاندا، نووسەر کاتێک باس لە بێ متمانەیی ئێستای دەوڵەت ئەمەریکا دەکات، بەهۆی فلاشباکەوە دەگەرێتەوە بۆ زەمەنێک کە ئەمەریکا کۆمەڵێک ڕووداوی تری هاوشێوەی ئێسای بەسەرئەم میللەتەدا هێناوە، کە دەڵێت: **((بەڵام بەداخەوە لەو ڕووەوە نموونە زۆرە، ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفت و چوار بە دارشتنی وەزیری دەرەوەی ئەو دەمەی ئەمەریکا هینری کیسنجەر پەیمانی ئەلجەزائیر بەسترا، خوێنی هەزاران شەهیدی ئێمەی کوردتان نا دیدەکرد و میللەتێک بێ ڕەحمانە خرایە ژێر دەستی دووژمنەکانییەوە... ساڵی هەزار و نۆسەد و هەفتا و نۆ، ڕژێمی شای ئێران کە گەورەترین هاوپەیمانتان بوو وەک کێکێک خستانە بەر چەقۆی ئاخوندەکانەوە.....هتد))** (دەغدو، ل٢٥٤)، ئەم فلاشباکە گەیاندنی زانیاری زیاتر و گەورەکردنی ڕووداوێکە، کە ناکرێت بە بێنرخ و بە بچوکی لێی بڕوانرێت.

لەگەڵ بوونی فلاشباکیشدا شێوازێکی تر لەنیشاندانی گێرانەوەیی ڕووداوەکاندا هەیە، ڕۆماننووس پێش ڕوداوەکان دەکەوێت، ئەمەش پەیوەندی بەداهاتووی کاراکتەر و ڕووداوی سەرەکی چیرۆکەکە و شتی تری ناو ڕۆمانەکەوە هەیە **((تۆ لەو کاربەدەستانەی ئێستایە خۆت بەکەمتر مەبینە.. زۆربەیان لەداهاتوویەکی نزیکدا دەستدرێژی دەکەنە سەرماڵ و حاڵی خەڵکی و دارایی دەوڵەت و دزییەکی بەربڵاو دەکەن و، خەڵکانێکی بێ تاوانیش لە نێواندا دەکوژرێن و تالانیش دەکرێن...))**(دەغدو، ل٢٤٩)، دەتوانین بەم شێوەیە بڵێین ئایندە بینی، چونکە لەم کاتەشدا کاراکتەر لە ڕووداوەکە دەوەستێت و پێشبینی خۆی بۆ ئایندەی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو.

زانیاری گێڕەرەوە و گۆشەنیگای گێرانەوە یەکەم هەنگاوی تێگەیشتنە لەڕۆمان، بەو پێیەی کەسی گێڕەرەوە دەبێت هاوتەریب بێت بەڕووداوەکە و بزانێت لەکوێیوە دەست بەگێرانەوەکەدەکات، تا بەزنجرەیی و بەدوای یەکدا ڕووداوەکان بخاتە ڕوو، وەسفیش هەمیشە ئەوچێژە هونەریەیە، کە ڕۆماننووس دەیدا بە ڕووداوەکان ، تا پرۆسەی تێگەیشتن لای خوێنەر ڕۆشنتر بکات، دەغدو بە وەسف دەستی پێکردووە و بەوەسفیش کۆتایی بە گێرانەوەکانی هێناوە.

## ٤/٣ : چنین

ئەگەر لەدەرەوەی ئەدەب بڕوانینە چنین، دەتوانین بە هەموو خستنە پاڵ یەک و ڕێکخستنێک بڵێین، کە پانتاییەک لەنیگار و نەخش بەرهەم دەهێنێت و تێڕوانینی مرۆڤ بەرامبەریان زیاد دەکات، لەبواری ئەدەبیشدا، لە چیرۆک و ڕۆماندا، بووەتە تەکنیکێکی گرنگ لە پاڵ ڕەگەزەکانی تردا، بۆیە چنین لەڕۆماندا ((تەکنیکی ڕێکخستنی ڕووداوەکان و بەدواییەکدا هاتنیان، یاخود گرێدانی ڕووداوەکانە پێکەوە، کە کردارەکە بەرە و پێشەوە دەبات، لە ململانێوە بۆ چارەسەر))( فەرەج،،٢٠١٢، ٧٥).

چنین ئەو زنجیرە ڕووداوەیە، کە پەیوەست و پەیوەندە بە هۆکارەکانەوە بێ لێکدابڕان و لە کەسایەتیەکانیش جیانابێتەوە؛ چنین ڕێگە چارەی هونەری نووسەرە لە بەشەکانی بابەتەکەیدا، چنینی نەخشەسازی یا چنینی شتێکە بە ئەنقەست و پلان بۆ داڕێژراو، هەرئەمەیە نووسەری ڕۆمان داوەکانی ڕۆمانەکەی پێدەچنێت، پێک دێت لە دووجۆر:

١-چنینی هەڵوەشاوە یا لێکدابڕاو: ڕووداوەکان و هەڵوێستەکان هیچ پەیوەستیەک پێکیانەوە نابەستێتەوە، یەک پارچەیی ڕۆمانی تێدا ڕەچاو ناکرێ، ڕووداوەکان پشت بە ژینگەی ڕۆمانەکە و دەرئەنجامی ڕۆمانەکە و بیرۆکەی گشتی، کە ڕووداوە کەسیتیەکان ڕێکدەخات دەبەستێت.

٢-چنینی یەکگرتوو: چنینێکی ئۆرگانی یەکگرتووە، پێچەوانەی جۆری یەکەمە.

چنین لە پێنج بەش پێک دێت:

١-خستنە ڕوو (عرض): سەرەتای ڕۆمان و ڕۆماننووس زانیارییە گرنگەکان سەبارەت بە کەسایەتی و ئەو ژینگەی، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدەن.

٢-ڕووداوی هەڵکشاو(التصاعد): هۆکاری جیاوازییەکان و کێشەکانە بە گرێ دەست پێدەکات و بەهێواشی پەرەدەسێنێ.

٣-لوتکە: ئەو خاڵەیە، کە تیایدا کێشەکان ئاڵۆز دەبن و گرێکە تەواوی ئاڵۆزیەکان تیایدا دەگەنە لوتکە، یا لوتکەی ئاڵۆزییەکانی تێدا دەردەکەوێ.

٤-ڕووداوی دابەزین(نازل): دوای لوتکەی کێشەکان دێت و وردە وردە کێشەکان کەمدەکەنەوە و خوێنەر وا تێدەگات کێشەکان ڕوو لە چارەسەری دەکەن.

٥-چارەسەر(حل): دوابەشی گرێیە و ئەنجامەکانی تێدا دەردەکەوێ.

چنین لەڕۆمانی (دەغدو)دا تەکنیکێکی پتەوە، نووسەر گرنگی زۆری پێداوە، چونکە توانای نووسەری تیادا دەردەکەوێت و دەتوانێت خۆی تێدا بنوێنێت، لەلایەکی تریشەوە دەرئەنجامی گرێ و چارەسەر لەچنینەوە سەرچاوەی گرتووە، سەرجەم ڕووداوەکانیش تۆکمە چنراون، ڕێگەی بەکەلێنی بێواتایی نەداوە، واتە ڕیزبەندی تەواوی بۆکردووە، کەلەکاتی خوێندنەوەدا ئاوێتەی هەستەکانی نووسەر دەبێت.

ڕەگەزی چنین بەیەکێک لە تەکنیکەکانی ڕۆمـان دادەنرێـت ((کۆمەڵە یـان زنجیرە ڕووداوێکە پێکەوە بەسـتراون، لەڕۆماندا گرێچن بەمانای پلاندانان، یاخود شـتێک دەگەیەنێت، بەشـێوەیەکی مەبەسـتدارو بەپلان))(سەرچاوەی پێشوو،ل٧٥)، واتە گرێی کۆتایی درووست نابێت، تا لەسەرەتای ڕووداوەکەوە دەست بە ڕایەڵەی چنینەکان نەکرێت و ڕیزبەندیان لە بەرچاونەگیرێت، واتە پێش و پاشـکردن لە کات و شـوێنی ڕووداودا کاردەکاتە سـەر گرێی کۆتایی کە هەندێک جار بۆ نووسـەر دەبێتە گرفت و لە ئەنجامی دوور دەخاتەوە.

ئایفی کۆمبتن دەڵێت: ((ئەوەندەی پەیوەندی بەگرێچنەوە هەبێت، وا ئەزانم ژیانی ڕاسـتی یارمەتی ئەوە نادا، چونکە ژیانی ڕاسـتی وەک دەرئەکەویَ هیچ چنینێکی تیا نییە، ئەوەندەی من بیزانم، گرێچن پێویسـتە و بایەخ دارە، ئالەم ڕووەوە بەرامبەر ژیان زۆرم ڕق لە دڵدایە)). (گۆران،٣٨،١٩٨٢).

لەڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە ئێمە پێمان وایە ڕوداوەکانی ناو ژیانی ڕاسـتەقینەی مرۆڤ، چنین ڕۆلی سـەرەکی تێدا دەبینێت، چونکە ناکرێت بگەیتە ئەنجام تا پلانێکی بۆ دانەڕێژێت، بەبارێکی تریشـدا ئەگەر ڕووداوەکان نەگەنە گریَ و چارەسەر، مرۆڤ تووشی نائومێدی و هەڵدێر دەبێت.

(( گەورەیی و بەرفراوانی ڕۆمـان ڕێی هـاتنە نـاوەوە بەکەسـانی زیـاتر دەدات، بۆیە(چنین)یplot یان(پلۆتەکانی)(چنینەکان)ئاڵۆزترە و ژینگە کۆمەڵایەتیەکەشـی گۆرانکاری زیاتر بەخۆوە دەبینیَ))(مستەفا ، ٢٠٠٨، ١)، ڕۆڵ وئەدای کـاراکتەریش لەڕۆمـانـدا جیـاوازە، بۆیە ئەنجـامی ڕوداوەکـانیش جیـاوازە و چنینەکانیش جیاواز دەبن.

**چنین لەم ڕۆمانەدا بۆ دوو جۆر دابەشکراوە:**

**١-چنینی تایبەت:**

ئەو جۆرە چنینەیە کە لەچوارچیوەی یەک ڕووداودا دەخولێتەوە، پەیوەسـتە بە سـەرەتای ڕووداوەکە تا ناوەڕاسـت و گەیاندنی بەگرێی کۆتایی، بەشـێوازێکی تۆکمە، کۆی ڕۆمانەکە خۆیی لەچەندین چنینی تایبەتدا دەبینێتەوە، بۆنموونە: چنینی ڕووداوی شـووکردن و دەرئەنجامەکانی کاراکتەری(گوارە) ی کچە پوری (سـەنگەر) کۆمەڵێک بەسـەرهاتی واقیعی ژیانی تاکی مێی کوردی خسـتۆتە ڕوو، وەک لەم دەقەدا دەردەکەوێت، کە سـەرەتای دەسـتپێکردنی ڕووداوێکە: **((لە سـلێمانییەوە میوانتان هاتووە.. پورت و منداڵەکانێتی.**

**- بەخێربێن**

**- ئەو هاتنە بەرنامەی دایکت و پوورەکەتە پێکەوە دایان ڕشتووە..**

**- مەسەلە بە (ژن دانی) منە وانا؟ لەوبابەتەیە...**( دەغدو، ل ١٣٦)

پرسـی ژنهێنان و شـوکردن لەکۆمەڵگای کوردی باشـوری کوردسـتان، هەمیشـە پرسـێک بووە، ئافرەت بەتایبەت دایک و پور ڕۆڵی سـەرەکیان گێراوە و هەمیشـەش داکۆکیان لەوە کردووە، کە دەبێت ئەم پرۆسـەیە لەناو کەسـە نزیکەکانی خۆیاندا بێت، نووسـەر هەوڵی هێناوە بەرباسـی وەها پرسـێکی بەگرنگ زانییوە، کەهەمیشـە سـەرکەوتنی خێزانی کورد لەپێناویدا ئاسـودە بووە، بەڵام لە ئەمڕۆدا شکستی خێزان لە پەراوێز خسـتنی ئەو پرسـەدایە، بۆیە پشـتکردنە کولتور و ڕەسـەنایەتی، ونبوونی تاکە لەتاریکیدا، کە لەدەقێکی تردا دەڵێت:

**((سـەر لە بەیانی ویسـتم لە ماڵا وەدەرکەوم کچە پوورەکەم لەحەوشـەدا بەسـەر کورسـیەکەوە تەنها دانیشتبوو، ڕوو بە من وتی:**

**- دەتوانم چەند چرکەیەک لەگەڵتا بدوێم؟**

**- بۆنا فەرموو**

**- دانانیشی؟.**

**لەبن دەستییەوە دانیشتم و بێ یەک و دوو وتی:**

**- سـەنگەر، بڵێم من عاشـقت و پەرێشـانی تۆم ئەوەی نیم و عاشـقی هیچ کەسـێکی تریش نیم))** (دەغدو، ل١٣٧).

ئەوەی لێرەدا نووسـەر مەبەسـتیەتی ئەوەیە لەکۆمەڵگەیەکی داخراوی کوردی ئەو سـەردەمەدا، بەهۆی لایەنی ئاینی و جیاوازی خێزانەکانەوە ڕێگە بە وتو وێژی نێوان کچ و کور دراوە تا لە داهاتووی خۆیان بدوێن، کەئەمە لەسەردەمەکانی پیشتردا ڕێگە پێنەدراو بووە.

**((ئەگەر یەکێک ژن هاوەر بێت و تۆزکاڵێک زەوقی هەبێت، پێم وانییە لەتۆ باشـتری وەدەسـت کەوێت، دایکی منیش چەند جارێک ئەم باسەی لە گەڵما کردۆتەوە....**

**((بەڵام گرفتاری من هیچ پەیوەندی بەمەرجەکانی تۆوە نییە.. ئەوەی تۆببێتە هاوسـەری دەگاتە پۆپەی خۆشبەختی، شتێکە من ژن هێنەر نیم، هەرنەبێت جاریک...))** (دەغدو، ل١٣٧).

چنین ڕیکخسـتن و تێکهەڵکێشـی ڕووداوە وردەکانە بۆ چارەسـەرکردنی دیاردەیەک، کە کۆمەڵگە بەرەوەهەڵدێر بەرێت، بۆیە لەدەقێکی تری ڕۆمانەکەدا دەڵێت:

**((- باشت کرد ئەو کچە باشەت لەدەست چوو..؟..**

**- بۆ ساتێک گوارەم لە بیر نەمابوو..لە پرسیارەکەی دایکم تێ نەگەیشتم...**

**- بۆ خۆت گێل کردووە. گوارەی پوورت دەڵێم .. ئەوە شووی کرد و تەواو...**

**- پیرۆزی بێت دوعای خۆشـبەختی بۆ دەکەم ، بە ڕاسـتی شـایانی ژیانی ئاسـوودە و خۆشـبەختیە... مێردەکەی کوێنەریە و چ کارەیە؟**

**- ئەوەندە دەزانم خەڵکی قامیشـلووە، لە ئەوروپا دەژی دەڵێن دەوڵەمەندیشـە..دووسـێ ڕێسـتۆرانتیشـی هەیە و نیشتەجێی پاریسە..))** (دەغدو، ل١٤٩).

نووسـەر لیرەدا زۆرجوان لەسـەر دەردەکوشـندەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕاوەسـتاوە، ئەویش سـانایی خێزانی کوردە لە بڕواکردن بە هەموو خەڵەتاندنێک، بەتایبەت ئەم ڕووداوە لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١ز) باشـووری کوردسـتان، کە جۆرێک لە کرانەوە بەڕووی جیهاندا هاتە کایەوە بە تایبەت کرانەوە بەڕووی وڵاتـانی ئەوروپـادا، نەداری و نەهـامەتی گرانیش تەنگی بەتـاکی کورد هەڵچنیبوو، بۆیە بۆ دەربازبوون هانایان بۆ ڕێگەی نادرووست دەبرد، گەڕانەوەی ئەوروپا نشینەکان بەئامانجی دروستکردن خێزان، پەنایان بۆ چەندین ڕێگا دەبرد، شـووکردنی(گوارە) ئەو ڕێگا نا درووسـتەیە، کە تائێسـتاش ئەم ڕووداوە قێزونانە بەردەوامی هەیە.

**((گەڕامەوە بۆ ماڵا.. دایکم دەگریا، باوکم هەردڵی دەدایەوە، نەمدەزانی چی ڕوویداوە.. تا دایکم بەگریانەوە هاتە قسە:**

**- ئەو خوشکە قوڕبەسەرم دیت چی بەسەرهات؟ ئەوە مانگێکە هیچ جۆرە هەواڵی لە کچەکەی نازانێت. نە کچ وەڵامی دەداتەوە.. نە مێردەکەی.. نازانن چییان بەسەر هاتووە.. ناشزانن لە کێ بپرسن دوو ژمارەی تریان لابووە، هەر دوو ئەو ژمارانە بێ وەڵامن.))**(دەغدو، ل١٦٥)

لێرەوە چنینی پتەو ڕووە و خسـتنی گرێ دەڕوات و چنینەکـان نزیـک دەبنەوە لە گرێیەک، کە دەرئەنجامەکانی ڕووداوەکە دەستنیشان دەکات.

**((گوارە لە هەلومەرجێکی دژواردایە، پێویستە پیایدا بگەی ئەگینا تامول و بەرگەی ئەو ژیانە ناگرێت...**

**- زیندووە؟**

**- ئا زیندووە.. بەلام مەرگی بەلاوە خۆشترە تابەردەوامی لەناو ئەو ژیانەیدا..**

**- دەتەوێ چی بڵێی؟**

**- گوارە فرۆشـراوە.. مێردەکەی فرۆشـتوویەتی و ئەوەسـا لەسـۆزانی خانەیەکی شـاری پاریسـدا ڕۆژانە شەش تا حەوت دەچنە لای و جار و باریش دەینێرنە ئەملا و ئەولا))**(دەغدو، ل١٦٦)

ئەوروپا و نەمانی بنەمای خێزان هۆکاریکی گرنگی تێکدانی شیرازەی خێزانە لەکۆمەڵگای کوردیدا، چونکە تێکەڵاو بوونما بەو کولتوورە، هۆکاری لەدەسـتدانی بەها ڕەوشـتییە کۆمەڵایەتیەکان بوو، دەکرێت پێچەوانەش بڵێین، بەڵام ئەم لایەنەیان پێویستی بە پاشخانێکی ڕۆشنبیری تۆکمە هەیە.

**((هیچ نەڵێیت هاتووم ڕزگارت بکەم.. دڵنیابە ڕزگارت دەکەم .. دەمزانی دەنگ و ڕەنگ و جوڵانەوە تۆمار دەکرێت، چەند جوڵانەوەیەکی سەکسی ئەنجامدا و گوارە هەر دەلەرزی))**(دەغدو، ل٢٠٥).

**((ئۆپەراسیۆن تەواو بوو، دوونەفەر لەقاچاخچییەکان کوژراوە و تەواوی ژنەکان سالمن و، زۆرتر لە سی کەس هیرۆئین ساز و هیرۆئین فرۆش دەستگیر کراون))**(دەغدو، ل٢٠٧).

ئەم ڕووداوە مشـــتێکە لەخەرواری ئەو ڕووداوانەی کە لەم جۆرە ڕوویان داووە، بەڵام ســـەرپێی بیریان لیکراوەتەوە وردەکارییەکانیان خەفە کراون، بۆیە هەڵبژاردنی وەها بابەتێک بەرچاو ڕوونییە بۆ کۆمەڵگا.

**((- بزانە ئەم دووانە دەناسیت..**

**- هەرکە چاوی بەیەکێکیان کەوت قیژەی لێ هەڵساو وتی:**

**- ئەوی بەسەرمندا هاتووە.. ئا ئەو گەوادەیە، ئەوە مێردەکەمە..**

**- لوسی وتی:**

**- پێی بڵێ ئەوە لەدۆزەخدایە.. دوێنێ شـــەو کوژراوە..گوارە ســـوپاســـگوزارانە هەردوو دەســـتی ڕووبە ئاسمان بەرزکردەوە))**(دەغدو، ل٢٢٨).

لوتکەی چنینی ڕووداوەکە ، گرێ خســـتنەو کرانەوەی گرێکەش پەیوەســـتە بە ئەنجامی چنینەکەوە، کە لە کوشتنی کاراکتەرێک و ڕزگارکردنی کاراکتەرێکی تردا خۆی دەبینێتەوە.

### ٢- چنینی گشتی:

ئەوجۆرە چنینەیە، کە کۆی چنینە تـایبەتییەکـان لە خۆدەگرێـت و لەپێنـاو ئەنجـامی گرێی کۆتـایی ڕۆمانەکەدایە، پاش و پێش کردن لەچنینە تایبەتییەکاندا کارناکاتە ســـەر کۆتایی ڕۆمانەکە، چونکە ئەنجام پەیوەستە بەواتاوە نەک شێواز، ڕۆماننووس کۆی چنینەکان دەخاتە خزمەت بەئاگا هێنانەوەی تاکی کورد لە مێژوویەکی چەند بارەی بێ ئەزموون، کەهەمیشە تاکی کوردی کردۆتە سوتەمەنی ئەو مێژووە.

### ٥/٣ : گرێ

گرێ بنەمایەکی گرنگی ڕۆمانە، کۆی چنینەکانی ڕووداوی لەسەر وەستاوە، چنین بێ بەها دەردەکەوێت، کە گرێیەک تۆکمە و پتەو نەکات و ئەنجامی ڕووداوێک نەدات بە دەســـتەوە، بۆیە بەشـێوەیەکی گشـتی، ((گرێ دەکاتە کۆمەڵێک ڕووداو تێکڕای ڕووداو و بەســـەرهاتەکانی ناو چیرۆک پێکەوە گرێدەدات، یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە یەکێتی گونجان بە شـــێوازی نووســـین دەبەخشـــێت، جۆرە ســـفتییەک بە شـــێوازی نووسینی کاری چیرۆکڤانی دەبەخشێت))(عارف، ٢٠٢١، ١٣٧)، واتە ڕۆمان کۆمەڵە گرێیەک واتای پێدەبەخشن ئەفسونی هونەری پێدەدەن، وادەکات شرۆڤەی هەمە جۆر و هەمە لایەن هەڵبگرێت.

((بوونی فرە گێرانەوە لەڕۆمـانـدا توانـای گرێچنی ڕۆمـاننووس دەخـاتە ڕوو، چونکە ئەو فرەدەنگییە بەشێوەیەک گرێچن کراوە، کە هەست بە بوونی بۆشایی ناکرێت لەکاتی گێرانەوەدا ))(سدیق، ٢٠٠٩، ٥١).

ئەرســـتۆ(گرێ) بە یەکێک لە شـــەش گرنگترین توخمەکانی تراژیدیا دادەنێت، چونکە لای ئەو ((یەکەم پرەنسـیپ و کرۆکی تراژیدیایە، گرێ لاسـایکردنەوەی جوڵانەوە و ڕێکخسـتنی ڕووداوەکانە، پێشـی وایە گرێی نموونەیی(ئایدیال)، سـەرەتا و ناوەڕاسـت و کۆتایی هەبێت، ئەمەش وا دەگەیەنێت، کە دەبێ هەموو بەشـەکانی یەکێتی و پێکەوە بەسـتانی هەبێت))(طالیس، ١٩٧٣، ٨٢)، واتە نووسـینی ڕۆمانێک بە تەنها بریتی نییە لە درێژ نووسـینی خولقاندنی ڕووداو، بەڵکو شـێوازی چۆنیەتی گرێچن و توانای گێڕانەوە تێکسـت دەکاتە ڕۆمان.

((گرێچنی هەر ڕووداوێک لە ســـەرەتاوە دەســـت پێدەکات و بەرە و هەوراز هەنگاو دەنێ، دواتر وردە وردە بەرەو خوار دێتەوە))(مستەفا، ٢٠٠٨، ١٨)، واتە سـەرەتا و ناوراسـت و کۆتایی هەیە، یان دەتوانین بڵێین (گرێ) یەکێکە لەو مەرجانەی کە سەرکەوتوویی ڕۆمان دیاری دەکات، چونکە نووسەر سەرکەوتوو نابێت لە شیکردنەوەی دەزووی گرێی ڕۆمانەکەی و لای خوێنەر مایەی گرنگی پێدان نابێت.

گرێ لەڕۆمانی دەغدودا نووســـەر گرنگییەکی زۆری پێداوە و ئەنجامی ڕۆمانەکەی لەســـەرهەڵچنیووە، کۆی ڕووداوەکانی ناوڕۆمانەکە بەقۆناغ و چننێکی پتەودا گوزەریان کردووە و گرێیەکیان دروستکردووە و لەئەنجامیشـــدا هەندیک لە گرێکان نووســـەر هەســـتاوە بەکردنەوەیان و هەندیکیشـــیانی بە خوێنەر سپاردووە، (د. حەمە مەنتیک) دووجۆر گرێی دەستنیشـان کردووە، هەرچەندە لەبواری چیرۆکدایە، بەڵام دەکرێت بە باڵای ڕۆمانیشـــدا بکرێ، ئەوانیش (گرێ خســـتن) و (گرێ کردنەوە)یە، گرێ خســـتن ((کاتێک ڕووداوەکان بەبێ گرفت و لەســـەر ڕێڕەوی خۆیان دەڕۆن لە ناکاو بەربەســـتێکیان دێتە ڕێ، ڕێڕەوی ڕووداوەکـان و کـاراکتەر بەلایەکی دیکەدا دەبـا، کـاراکتەر لەگەیشـــتن بە ئـامـانجەکـانی دوور دەخاتەوە))(مەنتیک، ٢٠١٨، ٨٩)، ئەم جۆرە گرێیە لەڕۆمانی دەغدودا، لەڕووداوی ڕزگارکردن دورخستنەوەی (عودەیی و قوســـەی) لەشـــوێنی مەترســـی بۆ دەروەی وڵات لەکاراکتەر(هەڵۆ)دا دەردەکەوێت، **(( ئەگەر ژیرانە هەنگاو بنێن تووشـــی ڕووداوی کارەســـاتاوی نابین، ئێوە خۆتانم بۆ بپارێزن، ئەوانی تر بخەنە ســـەرمن.. ئێمە نابێت پێکەوەبین))**(دەغدو، ل٢٤٠)، هاوڕێیەتی قوســـەیی و هەڵۆ لە ئاســـتێکدایە کە کاری بازرگانی لەنێوانیاندایە **((برادەریکم هەیە کوردە و جێگای باوەڕمە، بۆ پەیوەندی پێوە نەکەین ، بزانین دەتوانێ یارمەتیمان بدات))**(دەغدو، ل٢٤١)، قوســـەی بەهەڵۆی وت: **((ئیتر ئەمە سـیاسـەتە گاهێ سـواری زینیت و گاهێ دەیانەوێت زینت کەن))**(دەغدو،ل٢٤٣)، **(( وەک من بزانم زۆر لە ئێوەی کورد پێناســـی ئەمریکیتان لە باخەڵدایە و بەوەوە هاتووچۆدەکەن وانا..؟، دەسـتم بەگیرفانمدا کرد و پێناسـی ئەمریکاییم وەدەرهێنا و دامە دەستی عودەیەوە.. سەیرێکی کردوو وتی: دەتوانی چوار پێناسی وامان بۆ دەربکەیت و بمانگەیەنیتە موسڵ؟))**(دەغدو، ل٢٤٣)، ڕووداوەکان بەچنینێکی پتەودا گوزەردەکەن، پاش ئەوەی (عودەی) پێشنیار دەداتە (هەلۆ)، نووسەر لێرەدا تانەیەک لەتاکی کوردی دەدات کە بۆمادە ئامادەیی هەمووکارێکیان

هەیە، **((کوڕە..ڕەعد، ئەو دووسندوقە بخەرە نێو ئۆتۆمبیلەکەی کاکە هەڵۆ))** (دەغدو، ل٢٤٤)، **(( کوڕە سەنگەر ئەوانە لێقەوماون.. بەنامەردی دەزانم بتوانم و یارمەتیان نەدەم .. تازە بەڵێنم پێداون، یارمەتی ئەو کابرایە دەدەم... من وتم و تۆ بینووسە، بزانە وەک دووپشک پێتەوە نادەن..))**(دەغدو، ل٢٤٥)، ڕووداوەکان ئاسایی تێدەپەڕن هەڵۆ بیر لەئەنجامی کۆتایی دەکاتەوە، نووسەر دەیەوێت گرێیەک دروست بکات؛ هەڵۆ پاش ڕزگارکردنی (عودەیی وقوسەی) چاوەڕیی پاداشتی مادییە، خوێنەریش وەک هەڵۆ چاوەڕوانی پاداشتە، بەڵام **((کاکە بوەستە دەمەوێ میزێ بکەم .. بۆچی تۆتەنگاو نێت))**(دەغدو، ل٢٤٦)، **((هەڵۆ سەد دووسەد مەترێک لەلێواری شەقامەکە، دوورکەوتەوە، هەڵۆ خەریکی دۆخێن کردنەوەی ڕانکەکەی بوو.. قوسەی لەدواوە گولەیەکی بەپشتی سەریەوە نا، هەڵۆ بێ لنگەفرتە لەسەردەم کەوت و قوسەی سویچەکەی لە گیرفانی وەدەر هێنا..))**(دەغدو، ل٣٤٦)، ئەم ڕووداوە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی هەیە، بەڵام لادان لە و شێوە زنجیرەییە گرێخستنە، گرێخستنیش ((بارودۆخێکە لەسەرتای دەستپێکی ڕووداوەوە تا پێش ڕوودانی بەختی پاڵەوان، واتە کاتێک پاڵەوان بەختی دەگۆڕێت))(مەنتیک، ٢٠١٨، ٨٩)، گۆڕانیش پەیوەستە بە ئەنجامی کۆتایی ڕووداوەکەوە، کە لە سەرەتادا کاراکتەر بەرە و ڕووی دەڕوات.

گرێکردنەوەش بریتیە لە: ((لەو پرۆسێسی گێڕانەوەیەی کە بە چەند وێستگە و قۆناغێکدا دەڕوات، دەسپێک سەرەتای قۆناغەکەیە ، کە کردەوەی کاراکتەرەکان بەرە و بابەت و ئامانجێک هەنگاو دەنێن)) (مەنتیک، ٢٠١٨، ١١٥)، واتە بەئەنجام گەیاندنی قۆناغەکانی ڕووداوێکە، کە کاتێک نووسەر ئەو گرێیە بگەیەنێتە لوتکەو پاشان شۆڕبێتەوە بۆ کۆتایی.

(گرێ)ش لەدیدی توێژەرانی ئەم بوارەدا گرنگی زۆری هەیە، کە (( نووسەری لێهاتوو و کارامە بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکەی بۆ ئەم ڕەگەزە تەرخان دەکات، چونکە نووسەری گەورە لەوێدا بلیمەتی خۆی بەتەواوەتی دەنوێنێ و ئاشکرادەکات))(عارف، ٢٠٢١،٢٢٥)،. لەبەر ئەوەی ئەنجامی ڕووداوەکان لە کردنەوەی گرێکاندا خۆی دەنوێنێت.

دەغدو کۆمەڵە گرێییەکی پتەوی دروستکردووە، ئایدۆلۆژیای نووسەر ڕەنگدانەوەی لەسەر گرێکان هەیە، چنینە پتەوەکان گرێکانیان بەرهەم هێناوە، {گۆڕانکاری لەژیانی(سەنگەردا)، زیندوکردنەوە و شکاندنی تەلیسمی جادوویی(دەغدو)، ڕزگارکردنی(گوارە) لەداوی باندی لەشفرۆشی، گرتنی سەدام ، کوشتنی عودویی و قوسەی، دزینی تەورات و بەدەستهێنانی لایەنی مادی،...هتد}، کۆمەڵە گرێەکن لەڕۆمانی دەغدودا.

گرێ لەبنەڕەتدا ئەنجامی بەدەست هاتووە، چارەسەرە، کە ڕۆماننووس بەپێی پلان بیر لەداهاتووی دەکاتەوە، زۆرجار لە گفتوگۆی ڕۆژانەی نێوان دووکەس یان دووکاراکتەردا دەوترێت گرێیەک لەدڵمدایە خۆزگە دەکرایەوە، مەبەست لەمە نهێنیەکە ئەگەر زانیاری تەواوی لەبارەوە کۆبکرێتەوە دەگەیتە ئەنجام و

گرێکە دەکرێتەوە؛ لەڕۆمانیشــدا ئەم کارە ڕۆماننووس پیی هەڵدەسـتێت و گرێیەکە لەناخیدا لەڕێی چنینی زنجیرە ڕووداوەکانەوە دەکرێنەوە.

بەدەســـت هێنانی کۆنترین تەورات لەلایەن وڵاتی ئیســـرائیل و جولەکە لەئێراق، بنیادنانی گرێیەکە ڕۆماننووس لەڕێی جوڵە و ململانێی کاراکتەر و گۆرانیکاری بەســەر ڕووداوەکانیدا دەیکاتەوە، ســەرەتا ئەم بیرۆکەیە چۆن دەدرێتە کاراکتەری ســەرەکی ڕۆمانەکە (ســەنگەر)، دواتر بەهۆی کاراکتەری (دەغدو) ڕێنوێنی دەکرێت و چۆنیەتی پاراستن و گرنگی بۆجولەکە چییە..! . ((**یانی تەوراتەکەت بەدەست هێناوە..؟ لەجێگەیەکی قایم و ئەمیندایە...، ئێ چی بکەین؟**

**چی چی بکەین .. من ئەمەم بەلاوەیە، کڕیار پارە و پولی بەلاوەیە، ڕازیم کەن دەیاندەمێ ، نەیکەن ســـەد کڕیاری دیکەم لەبەردەستدایە..**))(دەغدو، ل٢٢١).

**((دوورو درێژی پێناوێ.. ئەم تەوراتە نرخ و بـایی تەواو نـابێت و لەدنیـادا هەرئەم دانەیە و دەگمەنە))** (دەغدو،ل٢٢٠)، ئەوەی لەڕوداوەکاندا ڕۆماننووس تیشـــکی دەخاتە ســـەر و چاوەڕێی درکی خوێنەر بۆ بابەتەکە، پەیوەندی تەوراتەکەیە بە لایەنی مادییەوە، کە ئایا بیرکردنەوەی تاکی کورد بۆ مادە ســنووری تێپەڕاندووە.

کەواتە گرێ لەڕۆمانی دەغدودا بریتییە لەئەنجامی ئەو ڕووداوانەی، کە کورد بۆ ئایندەی خۆی ســـوودی لێ نەبینیون و هەمیشەش بە زیان لێی دەرچووە.

## ٦/٣ : فانتازیا

لادان لەواقیع بەشـــێکی بەرینی ڕۆمـانی نوێیە و فـانتـازیـاش بەرهەمی ئەولادانەیە، نووســـەر یـان ڕۆماننووس بۆدوور کەوتنەوە لەدەقی دووبارە بوونەوەی واقیع و ڕووکردنە دنیای ئاوالا، ڕۆمانەکانیان بەرهەمهێناوە، فانتازیا تەکنیکێکی نوێ نییە، بەڵکو فەیلەســـوفەکانی گریک و ڕۆمان لەبەرهەمەکانیاندا گرنگی زۆریان بەم تەکنیکە داوە، بەتایبەت لە داسـتانەکاندا، کاتێکیش ڕۆمان سـەری هەڵدا، بووە لایەنێکی تەکنیکی گرنی ئەم ژانرە.

ڕۆماننووسەکان لەڕێگەی فانتازیاوە خوێنەری ڕۆمانیان زیاتر پەیوەست کرد بەڕۆمانەکانیانەوە، چونکە کۆمەڵێک شتی ناماقوڵ و سەرسوڕهێنەرە کەحەزی مرۆڤ بەرە و تێگەیشتنیان کێش دەکات.

فانتازیا ((چەشنێکی ئەدەبی و هونەرییە، پشت بەخەیاڵ و سیحر و بابەتی ناماقول و سروشت بەزێن دەبەســـتێت، یان فانتـازیا ئەو کارە ئەدەبیەیە، کە خۆی لە کۆتەکانی لۆجیک و واقیع ڕزگار دەکات، بەتەواوی پشـــت بەخەیـاڵێکی ڕەهـا و بەرین دەبەســـتێـت، ڕەگەزێکی ســـەرەکییە لە ڕۆمـانی نوێدا))(ئەسوەد،٢٠١١،٢٦٢)، لەم بۆچوونانەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەفسـانەیە و لە قالبێکی نوێدا خۆی نمایش دەکات و لەگەڵ واقتعی ڕۆماندا خۆی گونجاندووە، چونکە ئەفسـانەش لە کۆندا کۆمەڵێک شـتی ســەیرو

ســـــەمەرە و ناماقوڵ بووە، لەجیهانی ڕۆماندا ((خوێندنەوەیەکی لۆجیکیانەی لەپشــــتە، بەڵام وەکو زاراوە دەلالەتە لەجیهانێکی ئەودیو سروشت، واتە هەرشتێک لەدەرەوەی عەقڵی مرۆڤ و لەدەرەوەی سروشت ڕوویدات، بەفەنتازیا دادەنرێت))(مەنتیک،،٢٠٢١، ٣٦٨)، بەم پێیە جیاوازە لەخەیال و دەکاتە هەموو ئەو شت و ڕووداوانەی کە ناشێ لە ئایندەدا ڕووبدەن، توێژەرانیش ئەم بنەمایە لەنووسینی ڕۆماندا بەگرنگ وەسف دەکەن و ، پێیان وایە ((ئەگەر نووســـینی فەنتازیانە نامۆبوو لەهۆشـــی خوێنەر، یان ســـەرســـامکەر بوو لەچاوی بینەردا، یانیش ناماقوڵ و نالۆجیک بوو لای هەر کەسێکی دیکە، ئەمە هەرگیز بوونی لەدەروونان ناسـڕێتەوە، ئەوجا با خەیاڵ و ئەندێشـە دروسـتی کردبێت))(سەڕاج،٣،٢٠١٠)، واتە فانتازیا هەرچەندە شـتی نالۆجیک و ناماقوڵە، بەڵام کاریگەرییەکی بێ وێنە لە سەر خوێنەر جێدەهێڵن، کە هەمشە لە بیرکردنەوەی قوڵدابن.

جگە لەڕۆمان لە ســـــەربوردەی میللی و گێڕانەوە ئەفســـــانەیی و چیرۆک و حەکایەتی کۆندا هەبووە، ((لەیۆنانی کۆندا ئەرســـــتۆ وشـــــەی فەنتازیای بەواتای خەیاڵ بەکارهێناوە، لەوێشـــــەوە بۆســـــەدەکانی ناوەڕاسـت، کە بەواتای وێنە هەسـتەکیەکانی زەین هاتووە، لەسـەردەمی ئەمڕۆشـماندا ئەم واتایە فراوان دەبێتەوە واتای خەیاڵگە یان خەیاڵدان دەگرێتەوە))(ئەسوەد، ٢٠٠٦، ٢٦٢)، داستانەکان بەرهەمی سەردەمانێکی پێشـینن، کە جیاوازی گەورە بەدیدەکرێت لە گەڵ ڕۆمانی ئەم سـەردەمەدا، بۆیە فانتازیاش خۆگەنجاندنی لەگەڵ ڕۆمانی ئەم ســـــەردەمەدا، ئەو جیاوازییە نیشـــــان دەدا، کە لە نێوان خۆیی و خەیاڵدا هەیەتی، هەرچەندە فانتازیا لوتکەی خەیاڵە، بەڵام لە ئایندەی ڕوودانیاندا ناچنەوە سەریەک.

لەدیدێکی ترەرە، واتە ئەوشـــت و کردەوانەی، کە لەدەرەوەی ئاوەزی مرۆڤن، ســـەرەتای ئەم ڕەگەزەش، هەر دەگەڕێننەوە بۆسەردەمی یۆنانی کۆن، کە (( ئاژەڵ بە شیوەیەکی تەواو ئامادەیی لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەبووە، بەتایبەت ئەو حەقایەتانەی ئاژەڵ ڕۆڵی سەرەکیان تێدا هەیە))(مەنتیک، ٢٠٢١، ٣٦٨).

لەڕووی چەمکیشـەوە ((دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتۆن، پاشـان بەسـەرتاپای بیری ڕۆژئاواییدا، هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕێچکەی خۆی دەگرێت، کەدەگاتە (کارل مارکس) ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت، لای مارکس دەبێتە فەنتاســـمەگۆریا، ئەم فەنتاســـمەگۆریایە دەبێتە خەســـڵەتی شـــتەکان، بە تایبەتی لەدۆخی فیتشـــندا، کەواتە چیدی فەنتازیا بنەماکەی تەنها خەیاڵ و وەهم و خەون نیە، بەڵکو مەتریاڵیشـــە))(عەزیز، internet٢٠٢١)، واتە گرنگی فانتازیا لەو جیاوازییە زۆرانەی بۆچووندایە بەرامبەری، یان ئەو واتایانەی کە بەپێی ســـــەردەم بەبەریدا کراوە، واتە یاسایەکی بەرهەم هێنراوی بەسەردا ناچەسپێت، تا نووسەر قاڵبی پێوە بگرێت.

((فانتازیا ســـــەرەتای مێژووی ســـــەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە، بۆ ســـــەردەمی تراژیدیای گریکی، دواتریش بۆ ئەفلاتوون و ئەرستۆی فەیلەسوف، کە چوار سـەد سـاڵێک پێش زایین و لەو سـەردەمەدا ڕاو بۆچوونی خۆیان خســـــتە ڕوو، بەڵام بەهەمان ناو بنەما باســـــیان لێوە نەکردووە))(ســـــەعید، ٢٠١٩، ٧)، لە زۆربەی

زمانەکانی جیهانیشدا، بەهەمان ناو بەکار دەهێنرێت، لەزمانی کوردیشدا بەهەمان شێوەی زمانی لاتینی و ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت و هەندێک جاریش بەپێی چۆنیەتی گووتن لەزمانی کوردیدا دەوترێت(فەنتازیا)، کە لەبنەڕەتتدا وشەکە (فانتازیایە).

هەمیشــە ئەو وێنە شـیعری و ڕۆمانیانەی کە نووســەر لەخەیاڵی خۆیدا دەیکێشـێت یان دەیبەخشـێت، ناکاتەوە ئەو وێنەی کە خوێنەر جارێکی تر لە کاتی خوێندنەوەدا درووســـتی دەکات، واتە دڵەراوکێی نووســــەر بەرامبەر بەخوێنەر دەڕەوێنێتەوە، ((فـانتـازیـا وەک چۆن هەوێنی ژیـان و ڕەوانـدنەوەی ســــەرگەردانی مرۆڤە، بەمەبەســـتی بەرجەســـتەکردن و نیشـــاندانی هونەریانەی دیمەن وڕووداوە پەراگەندەکانی ژیانە، ڕۆمانەکانی ئەم ســــەردەمەش زیاتر ڕۆمانی هونەرین، لەبەر ئەوەی گێرانەوەی ئاسـایی ئارەزووەکانی خوێنەری ئەم سـەردەمە تێر ناکات))(عارف،٢٠٢١،١٦٩)، واتە دووهێڵی تەریبن بەیەک ئاڕاســــتە دەڕۆن، یەک ئامانجیان هەیە؛ ڕێگایەکی کاریگەریشـــە بۆ پێکانی ئەو نیازەی، کەدەشـــێ دەرنەبڕدرێ، تەکنیکێکە تانوپۆی بەرهەمەکە دەچنێتەوە، بۆئەوەش پشت بە تێکەڵکردنی سەیرو چاوەڕوان نەکراو دەبەستێت لەنێوان واقیعی دەرەوەو ناوەوەیدا.

نووســــەر لەڕێی فەنتازیاوە جڵەوی خەیاڵ بەردەدات و زەمەن و ڕووداو و کاراکتەری ئەفســــانەیی دەخوڵقێنێت، لە دنیـای فراوانی خەیـاڵـدا چنینی بونیـادەکـان دەخوڵقێنێـت و دەیـانهێنێتە دنیـابوونەوە، ((خەیاڵبازی خەون و زیندە خەون و وڕێنە و هەڵوەسەیە، ڕووداوی سەیر و سەمەرە و داستانی پاڵەوانی نەبەزی دێرینمانە، جیهانی ناماقوڵ و نادیارە ئەفســـانە و تەلیســـمی و ئەفســـونی جنۆکەو فریشـــتەو تارماییە))(سـەڕاج،٢٠٠٧،٦١)، واتە هێما سـازییە و پەیوەندی بەشـتی عاجباتیەوە هەیە جیهانێکی جوانترە و جودایە لە مەنتیقی ئاسایی و سروشتیمان، هەروەکو چۆن ڕیالیزمەکان جیهانێک دروست دەکات کوتومت لەمیکانیزمی ئەو واقیعە ماتیریالیە ناچێت، کە هەیە،

لەدنیای ڕۆمانەوانی جیهانیدا فەنتازیا بووەتە هەوێنی بەرهەمی جوان، لەئەدەبیاتی کوردیشـــدا، بەتایبەت لە ڕۆمانەکانی سەدەی بیست ویەکدا ڕەنگی داوەتەوە.

**فەنتازیا لەڕۆمانی دەغدودا:**

دنیای ڕۆمانی دەغدو جیهانی پڕ لەنوێخوازی و وەلانانی جیهانی تەقلیدی و باوخوازییە، فانتازیا بووەتە بەشێکی سەرەکی ڕۆمانەکە و باڵی ئەفسوناوی کێشاوە بەسەریدا، دەغدو هەرچەندە لەڕابروودا بوونێکی بەرجەستەیە، بەڵام زیندوو کردنەوە و هەڵسوکەوتی لەجیهانی نوێدا بەشێکە لەو فانتازیایەی خەیاڵەکانی پێ دادەڕێژرێتەوە، هەرچەندە خەیاڵ شـــتێکە و فانتازیاش شـــتێکی دیکەیە، ((لە ڕۆماندا فانتازیا دەشـــێت جادوو یان ئیعجاز بێت، هەروەها دەشـێت داســتان یان ئەفســانە بێت. لە ڕۆماندا گرنگ درێژی و کورتی نییە، هەمیشــــە ئەوە جێی بایەخە، هەر کارەکتەرە و تایبەتمەندیی خۆی هەبێت))(حەســـەن،٢٠١٠internet)،

ڕۆمـاننووس لە دەقێکی ڕۆمـانەکەدا دەڵێت: ((**دیوار پڕی هەردوو گلێنەم بووبوو، ئافرەتێک بە تەواو باڵا بەسەر دیوارەکەوە ڕاوەستابوو، سەرەتا پێم وابوو، ژنی یەکێک لە دراوسێکانمانە، کە لێی ورد بوومەوە، ئەو جۆرە جل و بەرگەم لەمێژدا نەدیبوو، هەرچی لە ڕووخســـــاری ورد دەبوومەوە لێڵ و تەمـاوی دەهـاتە بەرچاوم، بەپەلە لەژوورەکەم وەدەرهاتم تالەنزیکەوە بیبینم.. لەچرکەیەکدا تەنها دیوارەکە مابوویەوە**))(دەغدو، ل٤٢)، لێرەدا جادو، ئیعجاز ڕۆڵی لەئامادەبوونی فانتازیادا گێڕاوە، چونکە لەڕۆمانەکەدا نووســەر پەنای بۆ چادووگەرێک بردووە، تا تەلیســـمی ئافرەتەکە یەکلا بکاتەوە،((**خودیدەش ســـــەرتاپا بیرو هۆشـــی بەلای ژوورەکەی من و ئەو ڕۆحەوەبوو، بەتەواوی هەستی بە بوونی ڕۆحی ئەوژنە دەکرد و لای خۆش بوو شەو زوو دابێ ســـــەرگەرمی بەرنامەی خۆی بێت**))(دەغدو، ل٥٦)، ڕۆح لەدنیای واقیعدا بەپێی دەقە ئاینیەکان ڕێگە پێدراو نین، تا بتوانن لە بەرچاوی مرۆڤ هەڵســـوکەوت بکەن، نووســــەر بنەمای فەنتازیای کردۆتە ڕازیکردنی خوێنەر بۆ ڕووداوەکان، ئەگەرچی دوورن لەواقیعەوە، بۆنموونە: ((**خودیدە ڕۆشـــتبووە لای کەللەی ساوڕێنەکەوە، هەستا بویە سـەرپا هەردوو دەستی بە عابا ڕەشـەکەیەوە بەرزکردبووەوە، قژی لێ بەردابووەوە، وردە وردە دوو تیشکی لێزەری لە جالآیی چاوی ئێسکە سەرەکەوە، وەدەرهات**))(دەغدو، ل٥٨)، نووسەر بۆ پڕکردنەوەی کەلینەکانی ڕۆمانەی پەنا دەباتە بەر فانتازیا، چونکە تێککردنەوەی هەندێک ڕووداو لەڕووی واقیعیەوە نادروســتە و جیگای ڕازی کردن نییە، وەک: ((**نواڕیم دیواری ژوورەکەم پڕ بووە لەنووسـینی کوردی پەتی**)) (دەغدو، ل٦١)، ئەم شـێوازە لەگەڵ دنیای واقعیدا ناچنەوە سـەریەک، بەڵام ئەوە ڕۆڵی فانتازیاتە، کە دەتوانییێت هەستی ڕازیبوونمان لادروست بکات، تا واقیع بینانە ڕووداوەکە قبوڵ بکەین.

هەندێک بۆچوونی خەیاڵی لەڕووکاری ئاینیەوە نە بڕواداره نه پەســەند کراوە، بەڵام فانتازیا بەســەر ئەم لایەنەدا زاڵ بووە، ((**باشە مەغە شێلم دەزانێ چی ڕۆحێکی لەکەوڵدایە؟**

**- نەخێر لەوە بێ ئاگایە...**

**- لام سەیرە ڕۆحی سەلاحەدین، بۆ کەوڵی شێلم فرۆشێکی هەڵبژاردووە؟**

**- هەلبژاردن بەدەســتی ئەرواح نییە... ســەلاحەدین نزیکەی هەزار ســاڵا چاوەڕوانی کردووە تا مەودای گەڕانەوەی پی دراوە و لە پایتەختی کوردستاندا ببیتە شێلم فرۆش..** ))(دەغدو، ل١٥٨)، ڕازیکردنی خوێنەر بە ڕووداوێک، کە لەڕاستیدا ناتوانێت بیسەلمینێت سەرکردەیەکی مەزنی وەک سەلاحەددین ڕازی بێت بە کارێک، کە پێچەوانەی خواســتی خۆیەتی و پاش چاوەڕوانییەکی زۆر ببێتە شــێلم فرۆش، لەڕاســتیدا ئەمەیە فانتازیا لە بازنەی سیحرو کردەوی ناما قوڵ دەسورێتەوە.

((ڕۆماننووســـی چاک ســـەرلەنوێ واقیع بەرهەم ناهێنێتەوە، شـــتی نوێ لە ژیاندا دەبینێتەوە، یان هیچ نەبێت بایەخ بە شـــتە پەراوێزخراو و لەبیرکراوکان دەدات، بەو شـــێوەیە لە دەرگەی تازە دەدات، شـــتی نەگوتراو دەڵێت و پێناسەی نوێی بۆ ژیان و بوون پێیە))(حەسەن،٢٠١٠، internet))

نووســـەر لەم ڕووەوە فانتازیای کردۆتە  فەزای بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی، ئەگەر ئەمانە ببەیتە ئەو دیو دنیـای ڕۆمـانەوانییەوە، لەهەنـدێـک لایەنی کۆمەڵایەتی و ئـاینیەوە گونجـاونییە، **(( لەبەر دەرگـای ڕیســـتۆرانەکەیدا، کابرایەکی چەتەوڵی زەلامی ڕەش بازۆڵە ئەســـتوور چاودێرانە ڕاوەســـتابوو... دەغدو هاتەوە ناوبیرمەوە:**

**ئەوکابرا ملهورە دەبینی .. ئەوە ڕۆحی خالیدی بنی وەلیدە لەکەوڵیدایە...))**(دەغدو، ل٢٠٢).

فانتازیا لە ڕۆمانی دەغدودا  هۆکارێکە بۆنیشـــاندانی توانا شـــاراوەکانی کاراکتەر، لەویشـــەوە بۆ جیهانی واقیع، ئەمەش ئەو گۆشە نیگایەیە، کە ڕۆماننووس شتی نوێی بۆ ژیان تێدادەخاتە ڕوو، پێناسەی بۆژیان وبوون پێیە، وەک: **(( دەغدو هاتەوە ناوبیرمەوە..چارەکێکی تر ئەو دیوارەی لەبنیدا دانیشـــتوون، لەودیو ئاوی لەبندایە و بنەکەی خوســـــاوە دەڕوخێتە ســــەرتانا، هەســـتن بڕۆنەوە ئەولاوە))**(دەغدو، ل١٥٢)، یان **((دەغدو هاتە ناوبیرمەوە وتی.. لەوســــاختمانە هەروژاوەی دوورکەوە، بۆمبایەکی نەتەقیوی پێشـــووی تیادەتەقێتەوە..))**(دەغدو، ل٧٣).

 هەر دەقێک لەڕۆمانی دەغدو بخوێنینەوە، کاریگەری فانتازیای تێدا بە دیدەکەین، تێگەیشتن لەڕووداوەکان لەلایەن خوێنەرەوە، دەگەڕێتەوە ســـەر ئەو تەکنیکەی نووســـەر بۆ بنەمای فانتازیا هەیەتی، چونکە چێژی هونەری ڕۆمانی نوێ لەتەکنیکی داڕشتنی فانتازیادایە.

## ٧/٣ : خەیاڵ

 خەیاڵ لە پاڵ  واقیعدا پیکهێنەرە سەرەکییەکانی نووسینن، بەتایبەت لەژانری چیرۆک و ڕۆماندا، چونکە گەر واقیع بەخەیاڵ زاخاو نەدرێت، دەق نزیک دەکاتەوە لە پەراوێز خســـتن، لەبەرئەوەی خەیاڵ هەمیشـــە ئەو دیدگایەیە کە مرۆڤ لە نائومێدی دووردەخاتەوە.

 دوای قۆناغی ڕیالیزمی واقیعی لەڕۆماندا، ((خەیاڵ ئەو بنەمایەیە، کە ڕووداو و کاراکتەری نوێی بەرهەم هێناوە. لەلای (گابریل گارســـیا) خەیاڵ هەڵنانی مەزنی کارەکانیەتی گەرلە کاتێکدا هیچ تاکە دێڕیک لە هەموو کارەکانیدا بناغەی لەواقیعدا نەبێت))(محەمەد، ٢٠١٧، ٧٧)، پانتایی خەیاڵ لەڕۆماندا جۆری  ڕۆمانی خەیاڵی هێنایە ئاراوە، لەبەرئەوەی ((خەیاڵ بووەتە هۆکار بۆ ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە بەشـــیلەو ڕیاڵی خەیاڵ هەوێن کراون، لەمانەوەدا بەردەوام دەبن و ڕەوت ئاژوانی زەمەن ناتوانێت تۆزی فەرامۆشـــییان بەسەردابکات)(عەلیخا،،٢٠٢٠، ٨٩).

ڕۆمانیش لەکۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر پێکدێت، ڕەگی بنەرەتییان لەواقیعەوە ســــەرچاوەی گرتووە، بەڵام لەنمایشکردندا خەیاڵ دەیناسێنێت، ((خەیاڵ بنتی سەرەکی و ڕەگی شاقولی چیرۆکە، هەرچیرۆکێک لەخەیاڵ خاڵی بێت، لەهونەری گێرانەوە داڕوخاوە و بەدڵنیانییەوە مردووە))(عەلیخا، ٢٠٢٠، ٨٩)، ئەنشتاینیش زیــاتر گرنگی بەم بنەمــایە دەدات و دەڵێـت: ((خەیـاڵ لەمەعریفە گرنگترە، چونکە مەعریفە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی، کە ئێمە ئێســـتا دەیانزانین و تێیان دەگەین، لەکاتێکدا خەیاڵ تەواوی دنیا لەخۆدەگرێت ))(،سدیق، ٢٠٢٠، ١٦)، کەواتە ئەو دیدگایەی خەیاڵ لە ڕۆماندا ڕووی تێدەکات بە رەو بەدەست هێنانی وەڵامی ئەو پرســـیارانەیە کە ڕۆمان خۆی لە قەرە دەدات، مرۆڤەکان بەخەیاڵ لەدنیای واقیعدا دەژین، بەڵام توانای داڕشــتنی ئەو خەیاڵەمان نییە بۆ داهاتوو، نووســەر و ڕۆماننووســەکان هەســت و بەرکەوتنیان لەســروشــتدا جیاوازە، بۆنموونە چیرۆکی چوونە ســەر مانگ، ئەم بیرۆکەیە لەلایەن زانای گەردونی ئیتالیەوە خرایە ڕوو، بەڵام بیرۆکەکە لەلایەن دەســەڵاتدارانی کەنیســەوە دژی وەســتان، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو خەیالێکی نەزۆکە و ڕوودانی دوورە لەڕاســـتییەوە، ئەمە لەدەرەوەی دەســـەڵاتی کەنیســـەش، هەمـان تێڕووانین بووە، بەڵام لەپاش چەندین ســـاڵ بووە ڕاســـتی، ئەمەش بەرهەمی ئەوکەســـانەبوو، کەخەیاڵیان ئایندی تیادا دەبینرا و وێنای ئایندەیان بەجوانی دەکێشـــا، ڕۆمانی خەیاڵێش زادەی ئەو جۆرە بۆچوونانەیە و، لەئێستاشدا بووەتە یەکێک لەگرنگترین جۆرەکانی ڕۆمان.

**خەیاڵ لەڕۆمانی (دەغدو)دا**

خەیاڵ لەڕۆمانی دەغدودا پانتاییەکی فراوانی هەیە، لەبەرامبەر ڕووداوە ڕاســـتییەکاندا هاوتایە، بۆتە ئاوێنەیەک بۆناســـاندنی تێکڕای ڕاســـتییەکانی ناو ڕۆمانەکە، کەســـایەتی (دەغدو) کە ناونیشـــانی ڕۆمانەکەیەتی، هەرچەندە لەڕابردوویەکی دووردا کەســـایەتیەکی واقیعی کۆمەڵگای کوردی بووە، بەڵام خوڵقاندنەوە و هەڵســـوکەوتەکانی لەڕۆمانەکەدا خەیاڵییە، بەڵگەشـــمان بۆئەمە نەبوونی ڕووداوی هەمان شێوەیە لە دنیای بووندا، **(( من کچی دیاکۆم، یەکەمین شـای زنجیرە دەسـەڵاتی ماد، ناوباوی جوانی من وەک باو تۆفان و زریان سـنوورەکانی هاڕاندبووە یەکدا))**(دەغدو، ل٦٨)، بەڵام دوای (٢٧٠٠) سـاڵ جارێکی تر بەبێ جەستە بەشێوەی ڕۆحێکی سەرگەردان دێتەوە دنیای بوون.

(دەغدو) لەبەشـــی یازدەیەمی ڕۆمانەکەدا دەبێتە کاراکتەرێکی گەشـــەکردووی ڕۆمانەکە و، ڕۆماننووس گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی پێدەســـپێرێت **(( ئەو ماوە دووردرێژەی لەژێر تەوژمی ئەو جادووە قورســـەیدا ژیابووم، بەڵام پەروەردگاری گەورە لەو تواناو قودرەتەی بێبەشـــی نەکردووم و ئاگاداری دوور و نزیک بوومە))**(دەغدو، ل٦٧).

گێرانەوەی ڕووداوەکان بەدرێژایی(٢٧٠٠)ساڵ ئەستەمە بدێتە پاڵ کاراکتەرێکی واقعی بەرجەستەکرا و پەنا بردنە بەر هەڵبژادنی کاراکتەری خەیاڵی، تەکنیکی ڕەواندنەوەی گومانی گێڕانەوەیە.

خەیاڵ یاخیبوونە لەدنیای واقیع، نووســـەر دەیەوێت دنیا و ژیان بگۆڕێت بەجیهانێک، کەبەخەیاڵ دروستی دەکات، ئەمەش پرۆژەیەکە داهێنانی لەناوەرۆکدا هەڵگرتووە ((**سەنگەر تۆخەریکی ئێمە شێت دەکەیت، ئێمە بەتەواوی توانامانەوە لەپێنج ســـاڵ زۆرترە بەدوای ئەو تەوراتەوە بووین و نەمان توانی بەدەســـتی بهێنین، تۆ بەچەند ڕۆژ هێنات و خســـتە بەردەســـتمان، بۆخاتری خوا ئەوە چەندی بەچەنە؟**))(دەغدو، ل٢٣٨).

((خەیاڵ زادەی نا ڕازیبوونە لەو ژیانەی کە هەیە و ئامرازێکە بۆ جوانترکردنی واقیع، ئەوە خەیاڵە کە هەســـتێکی وامان لەلا دروســـت دەکات، پێمان وابێت ئەوەی لە ڕۆماندا دەیخوێنینەوە واقیعە نەک وەهم، لە دوای خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی چاکەوە، هۆشـــیارانەتر ســـەرنجی ژیان دەدەین و هیچ دوور نییە، بە کاریگەریەتی ڕۆمانێکی جوان، لە واقیعێکی تاڵ یاخی ببین و بە گژیدا بچینەوە(حەســـەن، ٢٠٢١، internet)) ((**لەوانە گەڕێ، من بۆئەوەی هیچ جیاوازییەک لەنێوانماندا نەبێت ئامادەم دەســـت بەرداری ئەم ژیانە بم و بێمە دنیای ئەرواحەوە**))(دەغدو، ل٨٨)؛ (خەیاڵ و فانتازیا) ناچنەوە ســـەریەک، ناوەڕۆکیان، ئەنجامیان جیاوازە، هەریەکەیان دیدیان بۆ ڕۆمان بە ئاراســـتەیەکە، فانتازیا کۆمەڵێک هەڵێت و پەڵیتە و ناکرێت لەئایندەدا ڕووبدەن، بەڵام خەیاڵ دەگونجێت لەئایندەدا ڕووبدات و بێتە واقیعێکی بەرجەســـتە کراو، وەک لە جیهانی بووندا خەرمانێک نموونە لەبەردەستدان، دنیای ئەرواحیش بۆمرۆڤ ئەستەم نییە.

((خەیاڵ مەیل و ئارەزوی نووســـەرایەتییە، ڕەگێکی دەچێتەوە ســـەریاخی بوون، ئەوەی بەباڵی خەیاڵ دەفرێ و ئـاســـمـانی ژیـانە خەیـاڵکردەکـان دەخـاتە ژێر بـاڵی فڕینەوە، بەمە جـاڕی یـاخی بوون دەدات))(عارف،١٧٢، ٢٠٢١)، نووســـەر لەدەغدودا بنەمای خەیاڵی کردۆتە یاخی بوون لەخراپی ڕەوشـــتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینییەکان.

ڕووداو و چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانی دەغدو پێش نووســـینی ڕۆمانەکە کەوتوون، ڕەگیان لەقوڵایی واقیعدایە، زۆربەمان بەپێی تەمەن بەڕووخســـاری دەرەوەیان ئاشـــنایین، بەڵام لەناوەڕۆکیان بەگومانین، ڕەواندنەوەی گومانەکانیش ئەوخەیاڵەیە کە نووســـەر ئاوێتەی کردووە و توانیویەتی ڕازیمان بکات بەخەیاڵی دیوی ناوەوی ڕووداوەکان، دەغدو خەیاڵە بۆیە هەڵەکانی پێ ڕاســـتدەکاتەوە، بەباڵی خەیاڵێش توانیویەتی لەئاسمانی بەرینی(٢٧٠٠)ساڵیدا ڕووداوکانمان دووبارە پێ بناسێنێتەوە.

## ٨/٣ : چێژ

چێژ بنەمـای هەموو کـارێکی ئەدەبییە، بەخشـــین دوای نـائومێـدی، ئەوچێژەیە، کە لەخوێنـدنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەیبینین، بەرهەمە ئەدەبیەکە (چیرۆکێک، ڕۆمانێک) یان بەرهەمێکی شیعری..هتد بێت، کاتێک ئەو بەرهەمە بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵگا بنووسرێت و بەپێی یاسا ئەدبییەکان

هـاتبێتە بەرهەم، دەتوانێت زیندوویەتی خۆی بپارێزێت، مانەوەی کاری ئەدەبیش بەندە بەڕادەی ئەو چێژەی، کە دەیبەخشێت.

چێژ دەبێتە ئەو بازنە پەیوەندیەی کە لەنێوان بنەما هونەرییەکاندا پەیدا دەبێت، یان دەکرێت بڵێین سەرجەم ڕەگەزەکانی هونەر پێکەوە هەم ئاهەنگن تا بتوانن چێژ ببەخشن بەچەشنە ئەدەبییەکە.

((ڕۆمان چەندین وەزیفەی جیاوازی هەیە، یەکێک لە وەزیفەکان ئەو جوانیەیە، کە چێژ بە وەرگر(خوێنەر) دەبەخشـێت. ئەویش پێش هەموو شـتێک لەڕێگەی ئەو تەکنیکانەی بەکاردەهێنرێت و لەئەنجامی ئەو دەوڵەمەندییەی، لەپێشـکەوتنی تەکنیکی هونەری ڕۆمانەوە، بەدرێژایی مێژوو بەدەسـت هاتووە.))(سـدیق، ٢٠٢٠، ٩٧)، واتە مەرجی چێژ بەخشـین، ئەوەیە کە شـێوازی گێڕانەوەکە، شـێوازێکی هونەری بێت، بەڕادەیەک ڕاستگۆیانە بێت، بەخوێندنەوە یان بیستن چێژی لێ ببینرێت، بەپێچەوانەشـەوە هونەر چێژی لێ دەربهێنرێت لە هونەرییەت دەکەوێت.

ڕۆلان بارت پێی وایە: ((چێژی دەق چێژێکی لێبڕاو نییە، هیچ کەسیش ناتوانێت گەرەنتی ئەوەبکات کە ئەم دەقە لەداهاتووشـدا بۆ ئێمە چێژ بەخش بێ))(بارت، ٢٠٠٧، ٧٨)، کەواتە چێژی دەق پەیوەندی بەگۆڕانی سەردەمەکانەوە هەیە و دەچێتە خانەی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی تێگەیشتنی خوێنەر بۆبابەتەکە، ((چێژ بنەمای هەموو کارێکی هونەرییە، بەجۆریک ئەدەب چ بوونێکیی هەیە، ئەگەر چێژی لەگەڵ نەبێت. چێژ بوونی هەیە و هەردەمێنێتەوە، ئەمەش نوسـەر دەخاتە بەردەم ئـاڵانکـارییەکی گەورە لەگەڵ زەوقی مرۆڤایەتی، کە بەشـیوەیەکی خێرا لە بەرە و پێشـچووندایە.))(سـدیق، ٢٠٢٠، ١٢٥)، بەڵام ئەمە سـەبارەت بە چێژی سـەردەمی دەقەکەیە، پێمان وایە بە پێی گۆڕانکارییەکانی سـەردەم گۆڕانکاریش بەسـەر ڕێژەی دەقەکەدا دێت.

نووسـەر مەرجە چی لەتوانایدایە بیکات، تاوەکو چێژ بە ڕۆمانەکەی ببەخشـێت وسـەرنجی خوێنەر تا کۆتایی ڕۆمانەکە ڕابکێشـیت، بۆئەنجامدانی ئەم لایەنە ((دەبێت گوتار و ڕووداو و زانیاری تەواوی تێدا بێت و لەژیانی ڕۆژانەشـەوە وەرگیرابێت، مەرجیش نییە ڕووداوەکان قوڵ و گرنگ بن، هەندێک جار وا دەخوازێت بابەتێکی سادە بکرێتە بابەتی ڕۆمانێکی سەرنج ڕاکێش))(عەبدولکەریم، ٢٠٠٥، ١٦).

ڕۆمانی دەغدو کارکردنە لەسـەر دووبارە هێنانەوە مەیدانی ئەو ڕووداوانەی، بەنائومێدی بەسـەرماندا گوزەری کردووە؛ دەرخستنی کەلێنەکانی ڕووداویش لەڕێگەی بەدەست هێنانی زانیاری دروست پێدانی چێژە بەخوێنەرێک، کە هەمیشە لەگومانی ڕابردوودایە.

بنەمای چێژ لەم ڕۆمانەدا لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندایە، بۆنموونە: ئاشکراکردنی شـوێنی حەشـارگەکانی سـەدام و کورەکانی و پاشـان گرتن و کوشـتنیان، چێژێکە، لەوانەیە خوێنەر پێش خوێندنەوەی ڕۆمانەکە زانیارییەکی سـەرەتایی لابووبێ، بەڵام کاتێک ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە، ڕووداوەکان زۆر لەوە جیاوازترە، کە لەهەواڵێکی سـۆشـیال میدیاوە بیسـتوویەتی، کەواتە ئەمە نهێنی چێژە، کە ڕۆماننووس کاری لەسەرکردووە، پاش کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاری.

ڕۆمانی دەغدو کۆمەڵیک ڕووداو و وێنە و دیمەنی تێدایە، کە بە پیی ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و دەروونی خوێنەرەکەی چێژ دەبەخشـێت، پاشـان بوونیادی هونەری ڕۆمانەکە هۆکارێکی ترە بۆ بەرجەسـتەکردنی ئەو چێژەی کە دەیبەخشێت.

## ٩/٣ : چارەسەر

دەکرێت خوێنەر پرســـیار لەخۆی بکات، بۆچی ڕۆمان دەخوێنێتەوە؟، یان بۆچی ڕۆمانێک لەڕۆمانێکی تر بەباشـتر دەبینیێ؟،یان چێژ لە خوێندنەوەی چ ڕۆمانێکدایە؟ ئەمانە مشـتێکن لە خەرواری ئەو پرسـیارانەی، کە خوێنەر هەندێک جار لەخودی خۆیی یان ڕۆماننووســـی دەکات و دەشـــێت چەندان پرســـیاری تریش لەوەڵامیدا ســـەرهەڵبدەن؛ خوێندنەوە پڕ بەهاترین ئەو پرۆســـەیەیە کە چارەســـەی لەخۆیدا هەلگرتووە، ڕۆمانیش کتێبی دڵخوازی سەردەمەو لەبنەڕەتدا بۆ چارەسەری گرفتی ئەو ڕووداوانە سەری هەڵداوە، کە بە لێشاو ژینگەی کۆمەڵگاکانیان بارگران کردبوو، ڕاستە چیژ لەخوێندنەوەدایە، بەڵام چیژ لەچارەسەری ئەو گرفتانەدایە، کە خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوە بەدەسـتی دەهێنیێ، بەتایبەت خوێندنەوەی ڕۆمان، چونکە ڕۆمان خۆی خزاندۆتە هەموو کەلێنەکانی کۆمەڵگاوە و دەســـتی بە هەموو شـــوێنەکان گەیشـــتووە، جۆرەکانی ڕۆمان بەڵگەی ئەم فراونیەیە لەچیرۆک وڕووداوەکان.

گێڕانەوەی ڕۆمـانی بۆ چیرۆک و ڕووداوەکـانی ڕابردوو لە ڕۆمـانـدا، بەرگێکی نوێی ســـەردەمە لە چارەســـەر، بەپێی تێگەیشـتن و درککردنی ڕۆماننووس، بەم پێیە ڕۆمان دەبێت چەندین ڕووداو بگێڕێتەوە و بەئەندازەی ئەوەش چارەســـەریان بۆبدۆزیتەوە، مەرەجیش نییە هەموو ئەو چیرۆکانەی، کە لەڕۆماندا دەگێڕدرێنەوە گرفت بن، بەپێچەوانەوە چیرۆک و بەســـەرهاتی دڵنەوازیان تێدایە، کە ئاســـودەیی بە ڕۆح دەبەخشـن، چۆن ڕووداوی تراژیدیا بوونی هەیە، لە بەرامبەریشـدا ڕووداوی کۆمیدی و هەسـت بزوێن هەیە، خوێنەر بەخوێندنەوەیان شـاگەشـکە و ئاسـودە دەبێت، کەواتە کۆمیدیاش تۆوی جارەســەری تێدا هەڵگیراوە و ئەو ڕۆمانەی چێژ دەبەخشـــێت ڕەگی لە قوڵایی چارەســـەردایە، بۆ نموونە **(( یانی جێگەی عودەیت بەدەست هێناوە؟ نەک هەر ئەو قوسەی براشی..))**(دەغدو،ل٢٥٨)، **(( هەمان ڕۆژ تەلەفۆنم بۆبراکەی هەڵۆ کرد، کەوا چاوەڕاونی هەواڵ بێت.. دوو ڕۆژی نەخایاند کوشـــتنی عودەیی وقوســـەی و دوو کەس ڕاگەیاندرا و هەمان ڕۆژ بڕی پارەی ئەو دووخەڵاتەیان پێدام))**(دەغدو، ل٢٥٨)، کوشـــتن و لەناوبردنی تاونبارانی کەسـانێک لەدەسـەڵاتدارانی وڵات، ئەوچارەسـەریە کە ڕۆماننووس بەخشـیویەتی بۆ دڵدانەوەی دەروونی ئەوانەی تاونیان بەرامبەر کراوە، ڕووداوەکانیش دووجۆرن، جۆرێکیان ڕاستین و لەناوجەرگەی کۆمەڵگاوە هەڵقوڵاون، جۆرەکەی تریان خەیاڵین ڕۆماننوس بەپێی درککردنی بۆ ژیانی کۆمەڵگا دروستیان دەکات و دەیکاتە چارەسەرێک بۆ زاڵبوون بەسەر ڕووداوە ڕاستیەکاندا.

دەغدو بۆ چارەسەری کێشە (کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگی، کلتوری، مرۆڤایەتی) کوردی نووسراوە،((هەموو هەوڵ و تەقەلای نووســەر ئەوەیە، کە نەزانی بە تاوانێکی گشــتی بناسـێنێ، زۆر ئەرکی گرنگ و پیرۆز بخاتە بەردەم دەسـەڵاتی نوێ کە بڕیارە یاسـای نوێ داڕێژێ، هەروەها بەردەم ئەو کەسـانەی کە بڕیارە فەرمانبەری ئەم یاسایە بن، لەخەوی ٢٧٠٠ ساڵە ڕاستیان کاتەوە و دەپرسێ ئاخۆ کوردی کلۆڵی ســەردەم، تەنیاو ســەرلێ شــێواو چۆن دەتوانێ ئاگاداری دەوروبەری بێت و بەرەو ڕووی گرفتەکان ببێتەوە))(قازی، ٢٠١٤، ٦١).

مەرجیش نییە ڕۆمـاننووس هەموو چـارەســەرەکـان لە ڕۆمـانەکەدا بەیـان بکـات، بەڵکو شــرۆڤەی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر پەیامێکی ڕۆماننووسە، کە دەبێت خوێنەر بەشدار بێت لە دۆزینەوەی چارەسەری ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا.

دەغدو مێژوویەکی پڕ لەکارەساتی نەتەوەی کوردمان بۆدەگێڕێتەوە، ئەوەی بەسەرماندا هاتووە، خۆمان بەســەر خۆماندا هێناوە، نەمان توانییوە بڕوا بەکورد بوونی خۆمان بکەین، هەمیشــە بە درۆکانی دوژمن شــاگەشــکە دەبین و لەخزمەت مەرامەکانی ئەواندا جەنگاوین بەرامبەر بە یەکتر. دەغدو دەڵێت: **((هۆی ســەرەکی ئەو ژێر دەســتەیی و پشـک وبڵاویەی دەگەڕێتەوە بۆپەرتەوازەیی و پچڕ پچڕی نێوان خۆمان، بۆ ئێمەی ماد شــەش تیرە و هۆز بووین هەریەک لەو هۆزانە خاوەنی توانا و دەســەڵات و فەرمانڕەوای خۆی بووە و زۆر جاریش لەگەڵ یەکدا بەشــەڕ هاتووین و ماڵ وحاڵی یەکترمان تاڵان و یەکترمان کوشــتووە))**(دەغدو، ل٧٨)، کەواتە چارەســەر پێدانی زانیاری دروســتە لە بەرامبەر دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوەکەدا.

**پاری دووەم :**

**ڕۆمانی دەغدو لە هاوکێشەی بونیادی ڕۆماندا :**

ڕۆمـانی دەغـدو یەکێکە لە ڕۆمـانە نوێییەکـانی ڕۆمـاننووس(د. خوســـرەو جـاف). لە ســـاڵی (٢٠١٣) لەچوارچێوەی کتێبێکی(٢٧٥) لاپەڕەییدا خســتوێتیە بەردیدی خوێنەرانی، ژمارە (٩٨٧)ی ســاڵی (٢٠١٣)ی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردراوە.

ڕۆمانەکە بەپێی تەکنیکێکی جوانی نووسـین دابەشـکراوە بەسـەر(٣٤) بەشـدا، کە هەر بەشـێک چیرۆک و ڕووداوی جیاوازی لەخۆگرتووە و ئەڵقەڕێزێکی بەشــەکانی پێش خۆی تێدایە، کەوەک پەیوەندییەک لە نێوان بەشەکاندا کردوویەتی.

چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە ئەو ڕووداوانەن کە لە عێراق و باشــووری کوردســتاندا، بەســەر تاک و خێزانی کوردا هاتوون، ســەرەتای ڕۆمانەکە گێڕانەوەی چیرۆکی خێزانێکی کوردە، کاتێک ڕژێمی بەعس دەســتی بەدوورخســتنەوەی کوردەکان لەزێدی خۆیان و ڕاگواســتنیان بۆ پارێزگاکانی خوارووی وڵات

کرد، بەتایبەت شارەکانی کەرکوک و موسڵ، کە دواتر شارەکانی تری هەرێمیشی گرتەوە، نووسەر باس لە دژواری و باری دەروونی خێزانەکان لەغوربەتدا دەکات، لەو دۆخەدا کە بە ســـەریاندا هاتووە، واتە دەگەڕێتەوە بۆسـالانی( ١٩٨٠تا ٢٠٠٥ز )، ڕووخانی دەوڵەتی ئێراق و ئەو ڕووداوانەی دەکەونە نێوان ئەم دوو بەروارەوە، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی کە دیاردەیان تێپەڕاندبوو، بوو بوونە مۆتەکەی ســەرســنگی تاکی کورد.

لەبەشی یەکەم تابەشی شەشەم تایبەتە بەڕووداوی دوورخستنەوە و جەنگەکانی حکومەتی ئێراق دژ بە کورد و وڵاتانی دراوسێی، بەتایبەت وڵاتی ئێران و داگیرکردنی وڵاتی کوێت.

لەبەشی شەشەمەوە کات و شوێن و کاراکتەر و مەودای ڕووداوەکان دەگۆڕێت، قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات، کە خوڵقاندنی کاراکتەری دەغدوە، نووســـەر کۆی ڕووداوە مێژووییەکانی(٢٧٠٠) ســـاڵی ڕابردووی میللەتی کوردی پێ دەســـپێرێت، (دەغدو)ش ڕۆحیانەتێکی جادولێکراوی(٢٧٠٠)ســـاڵی پێش ئێساتایە، ڕۆماننووس زیندوی کردۆتەوە، تا ئەو مێژووەی لەئێستادا بەپاشخانێکی سەردەمیانە و مرۆڤانە ئامادەیکردووە، ئاوێنەیەکی زیندووی تراجیدیای نەتەوەیەکی ژێردەســـت و کۆیلە کراو بێت، نەک وێنەی شێواو و دروستکراوی دووژمنان، کە دایان ڕشتووە وەک مریەمی قازی دەڵێت: (( دەغدو زنجیر و کۆتی کۆمەڵێکی بنەما خواز و دواکەوتووی لەخۆی داماڵیوە و لیفەی چڵکن و بۆگەنیوی هەزاران ساڵەی لەسەر کۆمەڵگای هەتیوی هەڵداوەتەوە، کە ئیتر کەس بۆی نییە بتوانێ ژیانی پڕ لەدرۆ و دەلەسەی بەڕواڵەتێکی خاوێن داپۆشێ))(قازی، ٢٠١٤، ٥٧).

زیندو کردنەوەی دەغدو لە ناو خانوویەکی کۆنی تەنیشـــت شـــوورە بەردینەکەی نەینەواوە دەســـت پێدەکات و دەبێتە هاوەڵ و دەمڕاســت و پێشــبینیکەری(ســەنگەر)، ژیانی خێزانە کوردەکە بەدیوێکی تردا دەگۆڕێت.

کات لەڕۆمانەکەدا پچڕ پچڕ نییە، بەڵام پاش و پێش دەکات و لەڕێی تەکنیکی بەهێزی نووســـەرەوە هەست بەو مەودا درێژەی کات ناکەیت، کە لە ڕۆمانەکەدا شۆڕ بۆتەوە.

ڕەگی ڕووداو و چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە ڕاستین و لەدنیای بووندا ڕوویان داوە، بەڵام ئاوێتەی ڕووداوی خەیاڵی کراوە، بۆ زیاتر تیشــک خســتنەســەر ڕووداوە ڕاســتیەکان و ئەو مەبەســتانەی نووســەر درکی پیکردوون.

کاراکتەری سەرکی ڕۆمانەکە (سەنگەر)ە، دەکەوێت بەسەر گەنجینەی خشڵ و زێر و تاج وسۆڵجانەکەی شا (دیاکۆ)ی مادەکان، ئەمە هۆکار و دەرچەیەک دەبێت بۆچوونە ناودنیای ئالۆز و ناسینی کەسانی تری خۆ وڵاتی و هاوڵاتیانی تری بێگانە، لەلایەکی تریشـــەوە ئاشـــنایی ڕۆحیانەتی دەغدو لە جیهانی زیندوو نازیندوو کلیلی کردنەوەی دەرگای سەرجەم نهێنیەکان و پەیبردنە بە بۆچوونەکانیان.

بنەمای فانتازیا ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕێت لە ناســـاندنی نهێنییەکانی ئەو دیوو پەردەی ڕووداوەکان، {دۆزینەوەی شوێنی گوارە لە فەرەنسا، ئاشکراکردنی حەشارگەی سەدام و شوێنی عودەیی و قوسەی، بەدەســتهێنانی کۆنترین کتێبی تەورات،...هتد}، هەموو شــت و شــوێن و کاتی لە نێوان فەنتازیا و خەیاڵدا دابەشـــکردووە، ئەم دووبنەمایەی بۆ پرکردنەوەی کەلێنەکانی ڕۆمانەکەی بەکارهێناوە و جیاوازیشـــی کردووە لەداهاتووی ڕووداوەکانی هەریەکەیان.

بنەماکانی ڕۆمان پانتایی ڕۆمانەکەیان تەنیووە ، ئاشـنایی نووســەر لە ئاســت بنەماکاندا، کەلێنی گومانی نەهێشـــتۆتەوە بۆ خوێنەر، بەڵکو خوێنەری بەبیرکردنەوەی قوڵەوە خەریک دەکات و ڕۆڵی پێداوە لە درککردن و چارەسەردا، کە نووسەر لەبەرگی پشتەوەی ڕۆمانی دەغدودا بەکورتی باسی لێوە دەکات.

## ئەنجامەکان:

له لێکۆڵینەوەکەماندا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان تێدا بەدەست هێنا، کە بریتین لە:

١-ڕەگەزی کاراکتەر لە دەغدودا هێمای کەسێتی و هەڵس وکەوتی تاکی کورد نیشاندەدات لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا و ئاستی تێگەیشتنی دەخاتە ڕوو لە بەرامبەر دۆست و دوژمنەکانی.

٢- شوێن لە ڕۆمانی دەغدودا ناسنامەی غوربەتی هەڵگرتووە، کە هەمیشە ڕەگەزی سەرەکی دەستی دوژمنان بووە، بۆ کاڵکردنەوە و ڕووخانی هەستی نەتەوایەتی و لەبەین بردنی.

٣- ڕەگەزی کات لە ڕۆمانی دەغدودا هێمای ڕووداوە دووبارە و ناهەموارەکانی نەتەوەیەکی دابەشکراو و زوڵم لێکراوە.

٤- هەڵبژاردنی بابەت لە ڕۆمانی دەغدودا لەیەک کاتدا خستنەڕوو چارەسەرە.

٥- لاوازی هونەری سـینەما لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەتایبەت باشـووری کوردسـتان، ڕۆڵێکی نەرێنی بینووە لە ناساندنی ڕۆمانی کوردی و تائێستاش ئەم کاریگەریە نەرێنییە بە ڕوونی بەڕۆمانی کوردییەوە دیارە.

٦- فانتازیا فەزای خسـتنە ڕووی بۆچوونەکانی ڕۆماننووسـە لە ڕۆماندا، چونکە لەدەرەوەی جیهانی ڕۆماندا هەندێک بۆچوون، کە سـەرچاوە دەگرێ ئاماژە پێدانی پەسـەند کراو نییە، بۆیە فانتازیا بڕینی دیوارە قەدەغەکراوەکانەو کرانەوەی عەقڵە بەڕووی جیهانی مەعریفەدا.

٧-ڕۆمانی دەغدو بەستنەوەیەکی لۆژیکی ڕاستیەکانی ژیانی سەردەمانێکی کۆمەڵگای کوردەوارین، کە بە شێوازێکی هونەری ئاخنیویەتیە نێو هەگبەی مێژووی مرۆڤایەتی.

٨- ڕۆمانی دەغدو دەمامک هەڵماڵینە بەڕووی دوژمنێکی سەرسەختی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیدا.

٩- ڕۆمانی دەغدو نیشـاندانی لایەنی گەشـی مرۆڤایەتییە، کە بە جوانی مەرگەسـات و تراجیدیەکان لە ناو ڕۆمانەکەدا نیشان دراوە.

## سەرچاوەکان:

### کتێب : کوردی


١. ئەسوەد، نەوزاد، ٢٠١١، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی: سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

٢. ئەڵوەنی، نەجم، ٢٠٠٤، بینای کات لەسێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا:سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

٣. ئۆغلۆ، کەمال، ٢٠١٣، کورتە مێژوویەکی ڕۆمانی تورکی، و: حەمەکەریم عارف: سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

٤. ئیبرامز، هاورێیانی، ٢٠٠٨، ڕۆمان چییە؟، و: جەواد مستەفا: دهۆک، چاپخانەی خانی.

٥. ئەرستۆ، ٢٠٠٤، هونەری شیعر(شیعرناسی)، و. لە ئینگلیزییەوە: عەزیزگەردی: سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێنما.

٦. بارت، ڕۆلان، ٢٠٠٧، چێژی دەق، و: ئیسماعیل زارعی: هەولێر، چاپخانەی منارە.

٧. بێخاڵی، نووری، ٢٠٢٠، ڕازەکانی گێرانەوە: هەولێر، دەزگای فام بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

٨. پیربال، فەرهاد، ٢٠٠٤، ڕێبازە ئەدەبییەکان، و: د. فەرهادپیربال: هەولێر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس.

٩. پیتەر، هالبێرگ و دانەرانی تر،٢٠١٠، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و: ئەنوەر قادر محەمەد: سلێمانی، چاپخانەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی.

١٠. تراویک، بوکنەر، ٢٠٠٨، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین)، ب١، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چ١: دهۆک، چاپخانەی خانی.

١١. جاف، خوسرەو، ٢٠١٣، ڕۆمانی دەغد: هەولێر، دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی بەدرخان.

١٢. جۆرج، ئیمری، ٢٠٠٤، جۆرج لۆکاش، و. لەفارسییەوە: مەنسوور تەیفوری: سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕیوەبەرایەتی خانەی وەرگێران.

١٣. حەسەن، حەمە ، ٢٠١٨، ڕۆمان و ژیاننامە: هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

١٤. حسەینی، ڕەزا، ٢٠٠٦، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف: هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

١٥. ڕەحمان،عەبدوڵا، ٢٠١٤، بنیاتی گێڕانەوە (چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە لەبارەی چیرۆک وڕۆمان و ڕۆمانە شیعر): هەولێر، چاپخانەی موکریان.

١٦. ڕسوڵ، شکریە، ١٩٨٩، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب: هەولێر، چاپخانەی التعلیم العالی.

١٧. ڕەســـووڵ، عیزەدین، ٢٠٠٨، ئەحمەدی خانی شـــاعیر و بیرمەند، فەیلەســـووف و ســـۆفی: و. لە عەرەبییەوە نووسەر خۆی: سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری (ی.ن.ک).
١٨. زراری، سەنگەر، ٢٠١٧، هونەری ڕۆمان : هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
١٩. زادە، هاشم، ٢٠١٥، جیهانی ڕۆمان: سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.
٢٠. ژووف، ڤەنســـان،٢٠٢٠، بوتیقای ڕۆمان، و.د محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی: ســـەقز، دەزگای چاپ و پەخشی خانی.
٢١. سدیق، شاخەوان،٢٠٢٠، تێگەیشتن لە ڕۆمان: سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
٢٢. سدیق، شاخەوان، ٢٠٢١، رۆمان و ناساندن: سلێمانی، بێ چاپخانە.
٢٣. ســـدیق، شـــاخەوان، ٢٠٢١، ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرە دەنگ : ســـلێمانی: کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگیرێت.
٢٤. سەڕاج، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٧، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان: سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
٢٥. سدیق، شاخەوان، ٢٠٢١، ئەدەب و گێرانەوە: سلێمانی، بەبێ چاپخانە.
٢٦. ســـدیق، شـــاخەوان، ٢٠٢٠، ڕۆمان و دونیابینی، و. ڕەنجدەر جەبار: ســـلێمانی، دەزگای میدیای ژیان ژمارە (٣).
٢٧. ســـــەعید، جەلال، ٢٠١٣، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خوارووودا(١٩٩١-٢٠٠٣ز): ســـــلێمانی، چاپخانەی کەمال.
٢٨. سەلاح، عمر، ٢٠٠٨، رۆمان واقیع : سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٢٩. سکۆلز، ڕابێرت، ١٣٩٧، ماکەکانی چیرۆک، و. ئەحمەد چاک: سەقز، دەزگای چاپی خانی.
٣٠. سابیر، پەرێز، ٢٠٠١، بینای هونەری چیرۆکی کوردی: سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٣١. سدیق، ئارام، ٢٠٠٩، ستاتیکای گێڕانەوە: سلێمانی، چاپخانەی یاد.
٣٢. شـــێخ محەمەد، ســـەنگەر، ٢٠٠٩، بنیـاتی گێڕانەوە: دهۆک، چـاپخـانەی دەزگـای توێژینەوەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
٣٣. عارف، حەمەکەریم، ٢٠٢١، دەروازەیەک بۆ جیهانی چیرۆک و ڕۆمان: سـلێمانی، ناوەندی رۆشـنبیری ڕەهەند.
٣٤. عیسی، هاوژین، ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٣٥. عارف، حەمەکەریم، ٢٠٠٧، دەربارەی ڕۆمان وچیرۆک، چ١ :سلێمانی.
٣٦. علی، بەختیار، ٢٠٠٥، خوێنەری کوشندە، سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.

٣٧. على، بەختیار،٢٠١٢، وەک باڵندەی ناوجەنگەڵە ترسناکەکان: سلێمانی، ناوەندی ئەندێشە.
٣٨. فەوزی، سامان، ٢٠٠٠، ڕۆمان بەرە و کوێمان دەبات: سلێمانی، چاپخانە ئاسا.
٣٩. قەرەداغی، عەتا، ٢٠٠٤، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع: سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٤٠. کۆمەڵێک نووسەری بیانی، ٢٠٠٢، تیۆری رۆمان، و: محەمەد کەریم.
٤١. کۆندێرا، میلان، ٢٠٠٨، هونەری ڕۆمان، و.لەفارسییەوە، کەریم پەرەنگ: سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٤٢. کۆمەڵێ نووسەر، ٢٠١٢ ، ڕاز و ڕەمزەکانی ڕۆمان، و. محەمەد کەریم عارف : سلیمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٤٣. ک، شیرین، ٢٠٠٨، نامە بۆ ڕۆماننووسێکی لاو، ماریۆ ڤارگاس یۆسا، و. شیرین ک، لە بڵاوکراوەکانی ڕەخنەی چاودێر.
٤٤. مەنتیک، حەمە، ٢٠٢١، ئارکیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی کوردی: سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
٤٥. مەنتیک، حەمە، ٢٠١٨، هونەرەکانی چیرۆک نووسین : تاران ، چاپخانەی تاران.
٤٦. مەنتیک، حمە،٢٠٢١، گێڕانەوەناسی، دەروازەیەک بۆتیۆرەکانی گێرانەوە: هەولێر،نووسینگەی تەفسیربۆچاپ وبڵاوکردنەوە.
٤٧. مۆم، سۆمەرست، ٢٠٠٦، دە ڕۆمانی گەورەی جیهان، و. ئەسکەندەرمەحمود ڕەسول، چ٢ :هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان.
٤٨. ناوخۆش، سەلام، ٢٠٠٥، ڕەخنە و ڕۆمان و ڕۆژنامەگەری ئیسلامی کوردی: هەولێر، چاپخانەی منارە.
٤٩. وات،ئییان، هاوڕییانی ،١٩٩٥، تیۆری ڕۆمان(تیۆر-رەخنە-لێدوان)،و:حوسین شیربەگی: تاران.
٥٠. وات، ئییان، ١٩٨٦، سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی، و. بۆکوردی: ڕەووف بێگەرد، و. بۆعەرەبی د.یۆنیل عەزیز: بەغداد، چاپخانەی (علاء).
٥١. هۆشیار، جەودەت،٢٠٢٠، ڕۆمان لە نێوان ئەندێشە و واقیعدا، و. سەباح ئسماعیل :سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٥٢. یەعقوبی، عبدالخالق، ٢٠٠٩، دیالۆگ وداهێنان(کۆمەڵە وتووێژ): دهۆک، چاپخانەی خانی.
٥٣. یاقووب، علی، ٢٠١٩، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، ب١: سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

٥٤. یاقووب، علی، ٢٠٢١ ، ڕۆمان ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرە ڕەهەندەکان، ب٢: ســـلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

## کتێب : عەرەبی

١. البيريس، ر.م، ١٩٦٧، تاريخ الروايه الحديثه، ت. جورج سالم، لبنان، بيروت منشورات عويدات.

٢. تاليف عدد الباحثين الســـوڤيت المختصـــين، ١٩٨٠، نظرية الادب والادب العالمى، ت. د. جميل نصـــيف التكريتي: بغداد، دار الرشيد للنشر.

٣. بلوك، هاســـكل-هيومان ســـالنجر، ١٩٦٦، الرؤيا الابداعية-مجموعة مقالات، ت. آســـعد حليم، د.محمد منصور، مصر،دار نهظة.

٤. برادبرى، مالكام، ١٩٧٨، الحداثة، ت.مؤيد حسن عزيز : بغداد، دار المآمون للنشر.

٥. جينيت، (جيرار)، ٢٠٠٠، عوده الى الخطاب الحكايه، ت. محمدمعتصـــم، بيروت، مركز الثقافى العربى والدار البيضاء.

٦. جنيت، جيرار، ١٩٩٧،خطاب الحكاية-بحث في المنهج،ط٣،ت. محمد معتصـــم و عبدالجليل الازدى و عمرحلى، المجلس الاعلى للثقافة.

٧. همفرى، روبرت، ١٩٧٥، تيار الوعى فى الرواية اﻻلحديثة، ترجمة و تعليق: د.محمود الربيعى:مصـــر:دار المعارف.

٨. وهبه، مجدى، ١٩٧٤، معجم المصطلحات الادبيه، بيروت.

٩. طاليس، آرسطو، ١٩٧٣،فن الشعر، ت. عبدالرحمن بدوى، بيروت، دار الثقافة.

١٠. لوكاش، جورج، ١٩٨٦، نظرية الرواية، ت. محسن جاسم الموسوى، بغداد، منشورات مكتبةالتحرير.

١١. لوكاش، جورج، ١٩٨٦، الروايه التاريخيه، ت. د.صـــالح جواد الكاظم، الطبعه الثانيه: بغداد: دار الشـــون الثقافيه العامه

١٢. موير، ئيدوين، ١٩٦٥، بناءالروايه، ت. ابراهيم الصيرفى، المصر، الدار المصريه للتاليف والرتجمه.

١٣. منيف، عبالرحمن، ١٩٩١، الكتاب والمعنى، هموم وافاق الروايه، بيروت، دارالفكر.

١٤. برادبرى، مالكام و جميس ماكنمارلن، ١٩٨٧، الحداثة، ت. الدكتور زيناكو: بغداد، دار المآمون وزارة الثقافة والاعلام.

١٥. عقار، عبدالحميد،١٩٩٧، الروايه العربيه اشـــكالاتا لتخلق ورهاناتالتحول، مجلهالادب بيروت، عدد(٨،٧)ص٥٩.

١٦. فرحات، اسامة، بدون تاريخ، المونولوج بين الدراما والشعر، قاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

١٧. فوزی، مؤید، ١٩٨٧،الحداثة مالكام برادبری و جیمس ماكنماركن، ت. مؤید حســـــن عزیز: بغداد، دار المئمون للنشر.

١٨. شــرودر، موس واخرون، ١٩٨٦،نظرية الرواية. ترجمة/ محســـن جاســـم الموســـوی:بغداد، دار الطباعة للنشر.

١٩. غنايم، محمود،١٩٩٣، تيار الوعی فی الرواية العربية الحديثة(دراســـة اســـلوبيه)،ط٢،بيروت، مطبعة دار الجبل.

٢٠. عطية، احمد، بلاعام ،الرواية السياسية: بيروت، موءسسةمطابع معتوق.

٢١. القاضـــی، محمد، ٢٠٠٨ ، الرواية والتآريخ، دراســـات فی تخيل المرجعي: تونس، دار المعرفة للنشـــر و الطباعة.

## كتێب : فارسی

١. الوت، ميريام،١٣٨٠، رمان به روايت رمان نويسان، ت. على محمدحق شناس، چ٢، نشرمركز،تهران.

٢. ايرانی، ناصر،١٣٨٠، هنر رمان، تهران، نشرابانگا.

٣. فورستر، ادوارد،١٩٩٠، جنبه‌های رمان، ت. ئيبراهيم يونسی، چاپ چهار.

٤. محموودیان، محمد، ١٣٨٧، نظرية رمان و ويژگهای رمان فارسی،چ٢ ،تهران: نشرو پژوش فرزان رۆز.

## كتێب : ئینگلیزی

1.Abrmas M.B,1973,(AGlossary pf literary terms…third Edition new York,Holt,Rinehart&Winston Inc.

2 .bradbury, Malcolm.1973,(what is a novel?) second edition. London, Edward Arnold.

3 .Frye, Noethrop,1960,((The forms of Fiction: Discussions of the Novel0)). Ed Royer Sale,Boston:D.C.Heath and Company

4.Man AS An end,1965,Adefence of Humannism,London:trans Bernard wall.

5. Wall,Bernard,1985, Man as an end, Adherence of Humanism, trance, London.

## گۆڤارەكان:

١. ئەڵوەنی، نەجم، ٢٠٠٢، بونیادی گێڕانەوە لەكورتە ڕۆمانی(مولازم تەحسین و شتی تریش)، گ.ڕامان، شوباتی٢٠٠٢، ژمارە(٦٨)، لا١٩٧.

٢.ڕەشید، عمر،٢٠٢١، پێگەی ڕۆمان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، گ.خاڵ، ئابی٢٠٢١ ژمارە(٣٣)، ل٨٠ .

٣. ســـــالّح، مەهدی، ١٩٩٩، ڕۆمان و ڕووداوەکانی مێژوو، گ.نووســـــەری نوێ، کانوونی دووەم١٩٩٩، ژمارە(٨)، لا٢٠.
٤. ســـــەعدوڵا، ڕێبین، ٢٠٠٩، پێگەی ڕۆمان لەنیوان ئەدەب و ســـینەمادا، گ.نەوشـــەفەق، ئەیلولی ٢٠٠٩، ژمارە(٧٢)، ل٨.
٥. سەڕاج، عەبدولا ،٢٠١٠، فەنتازیا و ڕۆمان، نەوشەفەق، ئاداری (٢٠١٠)، ژمارە(٧٨)، لا٣.
٦ . شــــەریف، ئازاد، ١٩٩٩، ڕۆمانی ڕێگا و ڕەهەندەکانی، گ.نووســـــەری نوێ، کانوونی یەکەن ١٩٩٩، ژمارە(١٢)، لا٥١.
٧. عارف، حسێن، ١٩٧٧،شێوەکانی تەکنیک لەچیرۆکی سالانی دوای ١٩٧٠، گ: ڕۆشنبیری نوێ، ئەیلول و تشرینی یەکەم، ژمار(٦٣)، لا٦بۆ٩.
٨. عەبدولا، ئەردەڵان،٢٠١٠، چەند پەیڤێک لەســـەر ئەدەبی پۆلیســـی (کریمیتاڵ)، گ.نەوشـــەفەق، ئاداری (٢٠١٠)، ژمارە(٧٨)، لا٧٠.
٩. عەبدولڕحمان، مەجید ٢٠١٠، بنەماکانی چیرۆکی نوێ، گ.نووســەری نوێ، نیســانی ٢٠١٠، ژمارە(٥٠)، لا١٠٤.
١٠. علی، ســەفەر، ٢٠٠٢، ڕۆمان و ســینەما(هەوڵەکانی ئاوێتە بوون و لێک جودابوونەوە)، گ.نووســەری نوێ، حوزیران ٢٠٠٢، ژمارە(٢٠)، لا٨٦-٨٧.
١١. عەلیخا، قادر،٢٠٢٠، گێڕانەوە لەتوێی خەیاڵدا، گ.ڕامان، خولی چوارەم – ســـــاڵی بیســـــت و چوار، ژمارە(٢٧٥-٢٧٦)، ل٨٩.
١٢. قــازی، مریەم، ٢٠١٤، دەغـدو مەشـــــخەلانی لەدایـک بوونێکی تــازەیە، گ.ڕامــان، ژمــارە(٢٠٢)، ئادار(نەورۆز)، ٢٠١٤/٣/٥، لا٥٧.
١٣. کاوانی، دلشـــاد، ٢٠٢١، رۆمانی کوردی(لە نێو ڕەوت و دیدە جیاوازەکانی ئەدەبی جیهانی، لیکەوتە و کاریگەرییەکانی)، گ.خاڵ، ئابی (٢٠٢١)ژمارە(٣٣)، لا٥
١٤. گەرمیانی، عادل، ٢٠٠٨، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و چەشـنەکانی دیکەی ئەدەب، نەوشـــەفەق، تشرینی دووەم(٢٠٠٨)، ژمارە(٦٢)، لا٨.
١٥. گەرمیـانی، عـادل، ٢٠١١،چەنـد ســــــەرنجێک لەبـارەی مێژووی ڕۆمـان، گ.نەوشـــــەفەق، تشـــــرینی یەکەم،(٢٠١١)، ژمارە(٨٣)، لا٧.
١٦. لۆر، کاترین، ٢٠١٤، ڕۆمان چییە؟، وەرگێرانی: مستەفا زاهیدی، گ.کۆچ ،ژمارەی (٢١).
١٧. لەتیف، یوســــف،٢٠١٢ ، نزیکـایەتی قـامچی لەڕۆمـانێکی واقیعی، گ.نەوشـــــەفەق، حوزیران ٢٠١٢، ژمارە(٨٧)، لا١٣٧.

١٨. مستەفا، ئاسۆ، ٢٠٠٧، بینای کات لە ڕۆماندا (ماڵئاوایی گوڵی خەم) وەک نموونە، گ.نووسەری نوێ، مایسی ٢٠٠٧ژمارە(٣٥)، لا٦٠.
١٩. میراودەلی، عمر،٢٠٢١، قسەیەک لەبارەی ڕۆمانی کوردی و ئەزموونی ڕۆماننووسی خۆمەوە، گ.خاڵ، ئابی ٢٠٢١، ژمارە(٣٣). لا٩٧.

## نامەکان : کوردی

١.سەعید، ئازاد، ٢٠١٩، فانتازیا لەڕۆمانی کوردیدا (رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، دغدو وەک نموونە)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
٢.ڕسوڵ، ڕسوڵ:٢٠١٣،جیهانبینی لەڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی٢٠٠٠-٢٠١٠) نامەی ماجستیر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
٣.مستەفا، ڕیزان، ٢٠٠٨،بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لەڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان (١٩٨٥_١٩٩٠)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
٤. حەسەن، مەریوان، سیماو خەسڵەتەکانی کارەکتەر، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان بەشی کوردی.
٥.محمود، ئیبراهیم، ٢٠٠٤، ڕەنگدانەوەی ڕووداوی مێژوویی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.
٦. عەبدولکەریم، حەیات، ٢٠٠٥، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی زمانی کوردی.
٧. فەرەج، سنور، ٢٠١٢، تەکنیک لەکۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەشی) شیرزاد حەسەن، نامەی ماستر، زانکۆی سلێمانی، فاکتەڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.
٨ . مجید، دیار،٢٠٠٨، بوونیادی وەسف لە ڕۆمانی(ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم دا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبنی ڕوشدی).

## نامەکان : عەربی

٩.العانی، شجاع، ١٩٨٧، البناء الفنی فی الروایة العربیة فی العراق، رسالة دکتورا، کلیةآداب، جامعة بغداد.

## ڕۆژنامە :

١.ئیسماعیل، سەباح،٢٠١٠، تارماییەکانی فانتازیا، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە(٢٠٧)،٢٠١٠/٤/٥.

## چاوپێکەوتن :

[1].خوسرەوجاف،٢٠٢١،چاوپێکەوتن،٢٠٢١/١٢/١: هەولێر، گەرەکی ڕوناکی ،ماڵی د خوسرەوجاف.

## پێگەی ئەلیکترۆنی:


١. ئەحمەد، ڤیان، ٢٠٢١، هونەرچییە؟،٢٠٢١/١٠/١٠، www.Rwangauraxna.com .

٢. عەبدولا، ئەردەلان، ٢٠٢١، ڕۆمانی دۆن کیشۆت کتێبە ئەفسوناویەکەی جیهان،٢٠٢١ /١٠/٥ www.rwangauraxna.com

[3]. بێگەرد، ڕەؤوف،٢٠٢٠، حسێن عارف؛ سەرەتایەکی درەوشاوە، ٢٠٢٢/٢/٢٥ . www.Chirok.com

٤. جلال، کاوە، ٢٠١٨، هونەر چییە؟٢٠٢١/١٠/١٥، www.kurdistanpost.nu _.

٥ . جبار، تەیب، ٢٠٢١، هونەروپۆلێنی هونەر،٢٠٢١/١١/١٠www.zhyan.com

٦. حەسەن، حەمە، ٢٠١٠، هونەری ڕۆماننوسین، ٢٠٢٢/٥/٥ www.gulanmedia.com

[7].ڕزگار، لانۆ ئەوانی تر،٢٠٢٠، مێژووی ڕۆمان وگەشەکردنی،١٩/١٠/ ٢٠٢١www.peregraf.com.

[8]. عەسکەر، دانا، ٢٠٢١، (ڕۆمانی مامزێر)گەڕانێکی فرەڕەهەندە بە مێژوو و فەلسەفە و میتۆلۆژیادا13/10/2021،www.Hemin.dk

٩. غولامی، ئەحمەد، ٢٠١٥ ، لۆکاچ وکۆمەڵناسی ئەدەبیات، ٢٠٢٠/١٠/١٠، www.asoyroj.com

١٠. فەرەج، خالد، ٢٠١٧، ڕێنسانس لەدایک بوونێکی نوێ، ٢٠٢١/١٠/٢٤,www.Knwe.org/ kurdipedia.org

١١. نەهرۆ، ٢٠١١، جیهانی ڕۆمان، ٢٠٢١/١٠/٢٢www.Emrro.com

## ملخص البحث


تألفت الرواية من عدة عناصر مختلفة ومتنوعة ، وقد تميزت تلك العناصر بالعديد من المزايا والخصائص الخاصة بها ، وتعود هذه الخصائص والمميزات إلى جذور وأصول متعددة وغير متجانسة في تكوينها ، ولكنها تتسم بعلاقات تكاملية متناغمة فيما بينها ، ممَّا أدَّت بدورها إلى تطور فن الرواية وديمومتها ، ومن الممكن احصاء هذه العناصر في : (المكان ، الزمان ، الشخصيّة ، الحدث ، الحكاية ، الوصف ، الخيال ، الفانتازيا ، اللغة ، العقدة ، الحبكة ، الحل ، التقنية ، الإمتاع ، الفكرة والموضوع) واستطاعت تلك العناصر أنْ تصبح بمثابة جسر للتواصل المعرفي بين الرواية والمتلقي .

إنَّ المكونات الفنيَّة في كل رواية لها الاهميةَّ البالغة ، وقد سعينا في بحثنا هذا أنْ نحدد تلك المكونات للرواية الفنيَّة بكل أشكالها وألوانها المختلفة ، وخاصة في الرواية الموسومة (دغدو).

ولبيان وعرض تلك المكونات الفنيَّة للرواية بصورة دقيقة وافية ، سعى هذا البحث إلى ربط تلك المكونات الفنية مع رواية (دغدو)، وهيَّأ البحث الأرضيَّة المناسبة للقيام بالمقارنة من الناحية الفنيَّة بين المكونات الموجودة في رواية (دغدو) والمكونات الموجودة في الرواية بصورة عامَّة وذلك بُغية إبراز وجوه التشابه والاختلاف بينهما بصورة نظرية وتطبيقيَّة.

# Abstract

Novels consist of many different principles and aspects. Each principle and aspect has its own characteristics with different roots and structures which doesn't relate to each other but there is a harmonic relationship between them. This type of relationship has led to the development and continuity of the novel. The principles are: (location, time, character, event, narration, description, imagination, fantasy, language, phrases, composing, solution, technique, pleasure, and subject). Each of these principles has become a bridge to cross and deliver information from the novel to the rea

Artistic principles have an important position in every novel. In our research, we have tried to identify all the artistic principles of the artistic novel, especially in the Novel of Daghdu.

To demonstrate the general artistic principles of the novel and to link the entire structure artistically to the novel (Daghdu), A suitable context for comparing the artistic aspects between the novel of (Daghdu) and novels in general has been presented, because context, time, thought and composing (Daghdu) are well interpreted with the general principles and show the common points and differences between them on both theoretical and practical sides.